# گووتاری

# پۆپۆلیستی

# و

## خەونی بچووکی ڕۆشنبیرانی کورد

# گووتاری

# پۆپۆلیستی

# و

## خەونی بچووکی رۆشنبیرانی کورد

ستیڤان شەمزینی

٢٠١٨

- گووتاری پۆپۆلیستی و خەونی بچووکی رۆشنبیرانی کورد
- نووسینی: ستیڤان شەمزینی
- تایپ: نووسەر
- دیزاین: هەرێم عوسمان
- چاپ: چاپخانەی کارۆ
- تیراژ: ۱۰۰۰ دانە
- نرخ: ۳۰۰۰ دینار
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- ساڵی چاپ: ۲۰۱۸
- شوێنی چاپ: هەرێمی کوردستان – سلێمانی

لە بەریوەبەرێی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (    ) ی ساڵی ۲۰۱۷ ی پێدراوە

# پێشەکی

قسەکردن لەسەر روونـاکبیر و رۆڵـی رۆشـنبیران لـە کۆمەڵگـەدا و دەور و کاریگــەرییان لەســـەر شـــێوەی تێفکـــرینی کۆمەڵگـــە و دروستکردنی رای گشتیی، تێمایەکی پڕ گریێ و گۆڵێ و ئاڵۆزە، بەو پێیەی رۆشنبیر لە یەك کاتدا خۆی بەرهەمهێنەری بیری رەخنەییە و خودی خۆیشی جێگەی رەخنەیە. ئەم هاوکێشەیە وایکردووە کاری ئێمە لە خوێندنەوە و رەخنەگرتن لە رۆشنبیری کورد کەمێك دژوار و زەحمـەت بێـت. هەوڵمـداوە پـێش ئـەوەی وەزیفـەی رۆشـنبیران دەستنیشان بکەم، باز بدەم بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بوونەوەرەی لە دنیـای ئێمـەدا نـاوی روونـاکبیرە، لـێ دەزانم رۆشـنبیر وەك چـەمك و ناولێنـان سـەر بـە کولتـووری بۆرژوازییـە، بـەڵام ئەمـە بەرچاوی لێڵ نەکردووین لە هەستکردن بە گەورەیی پێگە و ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر رۆشنبیران. رۆشنبیر تـاکێکی بەرهەمهێنە و بەهـەموو شێوەیەك دژی ئەوەیـە ببێتـە ئەکتـەرێکی ئیـستهلاکیی پاسـیڤی بـێ رۆڵ و نەخش، بەڵام بەرهـەمی دەسـتی رۆشـنبیر جیاوازە لە بەرهـەمی کۆی چـین و توێـژە کۆمەڵایەتییـەکانی تـر، بـەوەی رۆشـنبیر بـیر و زانـین بەرهـەم دەهێنێـت، هـەر ئەمەشـە رۆڵێکـی فـراوانتری بـە روونـاکبیر بەخـشیوە، چـوونکە بەرهـــەمی کـــاری رۆشـــنبیر ســـترۆکتۆرە بـــۆ بەرهەمهێنان لە هەموو بوار و رەهەندە جۆراوجۆرەکانی تری ژیاندا.

ئەو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییەی لە دنیای کوردیدا بە ڕۆشنبیر دەناسرێ، کێیە؟ چی بەرهەمهێناوە لەڕووی تیۆریی و فیکرییەوە؟ ئایا لە ریشەوە تاکێکی وەبەرهێن بووە یان کاری لەسەر ئەو پاشەڕۆکە سیاسیی و کولتوورییانە کردووە هەژموونیان بەسەر کۆمەڵگەدا هەیە؟ ئایا ڕۆشنبیری کورد توانیوویەتی کۆمەڵی کوردەواریی لەهەموو ڕەهەندە جوداکانەوە بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ڕۆشنبیریی خۆرئاوایی و گەلانی تر بخوێنێتەوە؟ ئەگەر خوێندوویەتییەوە چی لێ بەرهەم هێناوە؟ ئەگەریش نەیخوێندۆتەوە هۆکار چییە و سەرقاڵی چ کارێکی تر بووە؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە کاری سەرەکیی ئێمە بووە بە درێژایی ئەم کتێبە. هەرچەند و پێدەچێت ڕووبەڕووی ڕەخنە و تۆمەتبارکردنیش ببمەوە، چوون شکاندنی بێدەنگی و ژەنینی ئاوازێکی جودا لەدەرەوەی ئەو میلۆدییە باوەی نێو کایەی ڕۆشنبیریی کوردیی ئیشێکی ئاسان تێپەڕ نییە. خۆمان ئامادە کردووە بۆ هەر چەشنە بەرامبەرکێ و بەگژاچوونەوەیەك لەلایەن خودی دەستەبژێرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە ئەگەر تا ئێستا ڕۆشنبیر ئەو کائینە بووبێت ڕەخنەی لە دەرەوەی خۆی گرتووە، پێویستە لە هەنووکەدا ڕەخنەکانی ئاڕاستەی ناوەوە بکات و ئاوێنەیەکی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بەخۆی دابنێت و وێنای ڕاستەقینەی خۆی ببینێت.

هەرچەند کەسانی وەك "ماریۆ یوسا" پێشبینی ئاوابوونی ئەستێرەی بەختی ڕۆشنبیران دەکەن و پێیانوایە چیدی ڕووناکبیر ئەو بوونەوەرە بە دەسەلاتەی پێشوو نییە کە هەژموونی خۆی لەسەر

هـەموو ئاسـتەکان دابنێت، بەڵکو یوسا لـە نـوێترین کتێبیدا بەناوی "Gap Civilizatiom" باس لە ئاوابوونی رۆشـنبیریی دەکات و پێیوایـە لـەم چـەرخە تازەیـەی ژیـاری مرۆڤایەتیـدا بیرمەنـدان و رۆشـنبیران چـیدی نـاتوانن بـەو ئامادەگییـەی پێـشوو لـە نێـو ناوەنـدەکانی گفتوگـۆدا بـن و دەنووسـێت "لەسـەروەختی ئـەو رۆشـنبیرییە گاڵتەجارییـەی ئـەم چـاخەی گرتۆتـەوە، رۆڵـی ئەسـتێرەکانی تەلـەفزیۆن و یاریزانـەکان هـەمان ئـەو کاریگەرییـەی دەبێت پێشتر لاهوتییە گەورەکان و رووناکبیران هـەیانبووە". لـێ ئەم بۆچوونانەی یوسا بەشێکن لە فاکتێکی حاشاهەڵنەگر، بەڵام هێشتا رۆشـنبیران نەخـشێکی کاریگـەر دەبیـنن، چـوون بایـەخی ناوەنـدە ئەکادیمییەکان و رۆشنبیران لـە داهێنانی وزەی فیکریـی نـوێ هـەمان بایـەخی پێـشووتری هەیـە و پێموانییـە وا بـە زووی لـە دەسـتیش بـچێت. دەمـەوێ ئەمـە ببەسـتمەوە بـە بـارودۆخی رۆشـنبیریی کوردییەوە و بڵێم بە راستی لە دنیای کوردییدا ئەستێرەکانی تیڤی و دراما، لەگەڵ توێـژێکی دەم قەرەباڵغی رۆژنامـەوانان و جنێوفرۆشی نێـو سۆسـیال میـدیا، جـێ پێیـان بـە خـودی رۆشـنبیر لێـژکردووە. جیـاواز لەمـە هـەر کارەکتـەرە رۆشـنبیرییەکانی دنیـای ئێمـە خۆیـان هەمان ئەو ئەکتەرانەن بەم رۆڵەش هەڵدەستن.

ئـەم فـەزا شـێواوە بـۆ مـن جێگـەی رەزامەنـدیی نییـە و رەخنـەی ریشەیی و قووڵم لەمەڕ ئەو جۆرە کارەی رۆشنبیرانی کورد هەیـە، تەنانـەت قسەم لەسـەر چـۆنێتی مامەڵـەکردنی زمـان و موفرەداتیـان هەیە، کێشەم لەگەڵ زۆرینەی کۆنسێپتەکانیان هەیە، ناکۆکیم لەگەڵ

فۆرمی جیهانبینی بچووکیان هەیە کە ناویدەنێم دنیابینی خێڵگەرایی و مێگەلیی. ڕۆشنبیرانی کورد توێژێکی تەوەزلن لە ڕووی بیرکردنەوە و دەستەپاچەن لە پێشکەشکردنی بیرۆکەی تازە، هەموو ڕەوایی خۆیان لەو نەریتە پۆپۆلیستییەوە وەرگرتووە کە بکوژی عەقڵی نوخبەوییە. تەنانەت ڕۆشنبیری ئێمە بەو نەریتە پۆپۆلیستیشەوە نەیتوانیوە ببێتە بەشێك لەژانی چینەکانی خوارەوە. هەروەك "د.ئەمیری حەسەن پور" باسی دەکات و دەڵێت: ماوتسی تۆنگ لە شۆڕشە کولتوورییەکەی خۆیدا، ڕۆشنبیر و مامۆستا و دکتۆر و توێژەکانی تریشی ناچارکرد، بڕۆنە لادێکان و مەودای نێوان ئیشی زەینی و ئیشی دەست و بازوو کەم بکەنەوە. واتە نە خەڵکی لادێ خاڵی بێت لە ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیریی و نە ڕۆشنبیریش خاڵی بێت لەبەرکەوتنی کۆنکرێتی و مەلمووس. بەفۆرمێکی کاڵتر ئەمە لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیاشدا هەبوو: کتێبخانەی بچووك لە مەزراکاندا دادەنرا تاکوو ژنان لەکاتی پشوودا بەر خوێندنەوە و خوێندەواریی و فەزای ڕۆشنبیریی بکەون.

ڕۆشنبیری کورد، نە توانیوویەتی تیۆر بەرهەم بهێنێت، نە توانیوویەتی مەودای ئیشی ئەندێشەیی و ئیشی میکانیکی کەم بکاتەوە. بۆیەکا ڕووناکبیرانی کورد پێش سیاسەتمەداران شایانی ڕەخنەلێگرتن و هەڵوەستە لەسەر کردنن، من لێرەدا بە نۆرەی خۆم ئەم ئەرکەم بەئەستۆ گرت. بۆ ئەوەشی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا بەرچاووی ڕوونتر بێت، دەخوازم چەند خاڵێك لەم

پێشەکییەدا بخەمەڕوو. یەکەم: من وەك ڕۆژنامەوان قسە لەسەر خودی ڕۆشنبیر دەکەم و ڕەنگە زیاتر زمانی ڕۆژنامەوانی بەسەر کتێبەکەدا زاڵبێت، لەم سۆنگەوە خۆم بە بەشێك لە کێشەکە نەزانیوە، لەبەرئەوەی ئێمە لێرەدا بەمانا گرامیشییەکەی قسە لەسەر ڕۆشنبیر ناکەین. دووەم: وەك کەسێك کە باکگراوەندی ڕۆشنبیریی و جیهانبینم چەپە، بە دیدێکی کلاسیکی چەپ و ئەو نەریتە بەڵشەفیکییەی دنیابینی مەبەستی خۆمم تەوزیف نەکردووە، بەڵکو هەوڵمداوە دوور لە ژەنگاوی ئایدۆلۆگی و بە زمانێکی بێلایەنانە تەرحەکانم بگەیەنم. سێهەم: مێژووی نووسینی هەر پێنج بەشەکەی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان سالانی ٢٠٠٧-٢٠١٧ ئەوەی هەیە لێرەدا جارێکی تر پاکنووس کراونەتەوە و بڕێکی زۆریش ئیزافەکاریی کراوەتە سەر چاپتەرەکان بە تایبەت کۆتا چاپتەر. چوارەم: ئەم کتێبەم وەك بابەتێك بۆ خولقاندنی جەدەلی ڕۆشنبیریی بە چاپ گەیاندووە، ئامانجی ئێمە تانە و تەشەر نییە، بەڵکو کردنەوەی دەرگای گفتوگۆیە لەسەر کێشەیەکی گەورە کە بۆ زۆر کەس تەنانەت لەنێو دەستەبژێرەکەشدا کێشە نییە یان تێمایەکی گەورە نییە.

ستیڤان شەمزینی

ئەڵمانیا – کۆڵن

هەواڵنامەی کتێب

- ١ -

## ڕۆشنبیری کورد و خولانەوە لە بازنەی ترادیسیۆندا

**ڕۆشنبیری ڕاستەقینە کەسێکی ڕادیکاڵە، نە ئەخلاقگەرایە و نە ئامانجگەرا**

**جان پۆڵ سارتەر**

ڕۆشنبیری کورد هیچ نییە جگە لەبوونەوەرێك کە وێنەدانەوەی هەمان ئەو دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەیە لە کوردستاندا بوونی هەیە. ڕاستە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ژیان و بیرکردنەوەی دەکەوێتە بن کارتێکردنی سروشتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی، بەڵام ڕۆشنبیری کورد بە هەموو پێوانەیەك مرۆڤێکی نەریتییە و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ تێکڕای خەڵکدا، هەروەك ئەوان بیر دەکاتەوە و ڕەفتار دەکات، وەك ئەوانیش لەزۆربەی ئەگەر و پێشهاتەکاندا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سۆزەوە نەك عەقڵ، ئەوەش پێچەوانەوەی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیر و کاری ڕۆشنبیرییە. لەپووختەترین پێناسەدا ڕۆشنبیر کائینێکی عەقلانییە و بیرکردنەوە و مامەڵەی لەسەر پێوەرە عەقلانییەکانە، بەڵام ڕۆشنبیری کورد بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی زادەی سۆز و میزاج و کۆمەڵێك پێوەری خێڵەکین کە بەهەموو فۆرمێك لە دژی عەقلانییەتن.

ئەو هەموو بڕیار و تێزەکانی خۆی لەبەرئەنجامی خوێندنەوەی قووڵ و روانگەی زانستەوە فۆرمۆڵە نەکردووە، بەڵکو زیاتر کەوتۆتە ژێر رکێف و قورسایی بیرکردنەوەی گشتیی و دیاردە باوەکانەوە. رۆشنبیری کورد کاتێك هەست بەزەقبوونەوەی دیاردە و پرسێك دەکات لەئاستی گەلێریدا "شەعبی"، ئەو بێگەڕانەوە بۆ زانست و خوێندنەوەی هەمەلایەنە لەگەڵ دیاردەکە خۆی دەگونجێنێت، ئیدی لەوە بەولاوە هیچ هەڵسەنگاندنێکی بۆ واقیعەکە و ئەنجامەکانی دواتر نییە. بۆیەکا رێگە بەخۆم دەدەم بێژم، رۆشنبیری کورد بەردەوام لەچوارچێوەی بازنەی نەریتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی باودا دەخولێتەوە و زۆر لەوە بێتواناترە هەنگاوێك لەو چێوەیە دەربچێت ترادیسیۆن بە دەوری هەموو تاکەکاندا کێشاوێتی بە خودی رۆشنبیریشەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## رۆشنبیری کورد و سیاسەت

نووسەری ناوداری بەرەچەڵەك کورد "یەشار کەمال" جارێکیان لە دیمانەیەکیدا وتی "بەڵام سیاسەت هونەر دەخاتە مەترسییەوە". ئەگەر کەمێك بۆ نێو قووڵایی و دیوی ناوەوەی ئەم وتەزایە بڕۆین، بێگوومان دیارە مەبەستی یەشار کەمال ئەوەیە: رۆشنبیریی و سیاسەت دوو کێڵگەی جیاوازن، ئەگەرچی هەندێکجار لەیەکتریش نزیك بن، بەڵام دواجار هەردوو شتی لەیەك جیاوازن. بەم پێیە خستنە خزمەتی هونەر و رۆشنبیریی بۆ سیاسەت کارێکە هونەر و رۆشنبیریی دەخاتە بەردەم مەترسییەوە. گەر کەمێك ئەم حاڵەتە

روونبکەینەوە، دواجار لەنێوان سەرکردەیەکی سیاسیی و رۆماننووس و شاعیرێك هیچ جیاوازییەك نامێنێت ئەگەر هەردووکیان بەدوو ئامرازی ناچوونیەك خزمەتی ئامانجێکی هاوشێوە بکەن کە سیاسەتە. ئەم دەربڕینەش هیچکات قێزەونکردنی سیاسەت نابەخشێت، بەڵام رۆشنبیریی رۆشنبیرییە و سیاسەتیش سیاسەت.

رۆشنبیری کورد بەدرێژایی دەیەکان ئەرکێکی سیاسیی گەورەی لەئەستۆ گرتبوو، ئەگەر لەشاعیرە کلاسیك و دێرینەکانەوە بیگرین تاکو دەگاتە نووسەرە هاوچەرخەکانمان، هەریەك بە نۆرەی خۆیان کایەی رۆشنبیریی و ئەدەبییان بۆ ئامانجی سیاسیی بەکاربردووە، ئەمەش زادەی غیابی سیاسیی و سەرکردەی سیاسیی گەورە بووە تاوەکوو بتوانێت لەرێی هونەرەکانی سیاسەتەوە خەباتی نەتەوایەتی کورد لە وێستگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر بگوازێتەوە. ئەگەر بڕوانین، "حاجی قادری کۆیی" شاعیر، لەرێی شیعرەوە دەیەوێت گیان و هەستی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیی لە کن نەوەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەی کورد دروستبکات، وەك ئەوەی ئەو لەشارەکانی ئەوکاتی تورکیای عوسمانیدا هەستیپێکردووە. پیرەمێرد و دڵدار و بێکەس و قانع و...تد، هەریەك بەنۆرەی خۆیان و لە جیهانبینی خۆیانەوە بەهەمان کار هەڵستاون، بەڵام ئایا وەزیفەی شیعر، دروستکردنی هەستی ناسیۆنالیستییە یان نا؟.

بێگوومان شیعر ئەو وەزیفەیەی لای سەرەوەی نییە، شیعر هونەر و هەڵکۆڵینە لەبواری زماندا، شیعر هەستی ناوەوەی مرۆڤە، بەڵام

کاتێك هەموو شتێك هەر لە شیعرەوە تا دەگاتە وتاری ڕۆژنامەکان بارگاویی دەبن بە سیاسەت، دیارە ئیشکالییەتێك لەجیهانبینی ڕۆشنبیری کورددا بوونی هەیە. چوونکە هەمیشە دەیەوێ هەم ڕۆشنبیر بێت و هەم سیاسەتمەدار، ئەدەب بنووسێت بۆ مەبەستی سیاسیی، شیعر بنووسێت بۆ بەرگریی نەتەوەیی و ئامانجی سیاسیی ...هتد، ئەم ئیشکالیەتەش ئەگەرچی لەمێژینەیە وەك لەپێشتردا ئاماژەمان بۆ کردووە، بەڵام تا بەئێستاش دەگات هەمان نەریت و کار بەردەوام خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە.

وەك خۆم لەچەند ساڵی ڕابروودا زۆر دڵخۆشبووم بەبانگەشەی دەستەیەك ڕۆشنبیری کورد بۆ لێك جیاکردنەوەی سیاسەت و هونەر و ئەدەبیات لەیەکتر، تا هەرکام بەجیا لەکێڵگەی خۆیاندا درێژە بەچالاکیی بدەن، ئومێدێکی گەورە بوو وەختێك دەستەبژێری نوێی ڕۆشنبیریی کوردیی دەیەویست خۆی لەسیاسەت جیابکاتەوە و ئەو کارە بۆ سیاسەتمەدارەکان جێبهێڵێت، ئەو دەنگانە بەئاشکرا دەیانووت با جارێکی تر ئەزموونی ئەحمەد هەردی و هێمن موکریانی دووبارە نەکەینەوە کە بینیمان سیاسەت سەری ئەدەبەکەیانی خوارد، کەچی بەداخەوە هەمان ئەو دەستەبژێرە هەموو ئەدەب و جووڵە و کارە ڕۆشنبیرییەکانی خۆیان خستۆتە گرەوێکی سیاسیی ڕووت و سەرکەوتن و ژێرکەوتنی بزووتنەوەیەکی ڕامیاریی دیاریکراوەوە. ئەمەش یەکێك لە نەخۆشییە کوشندەکانی ڕۆشنبیریی کوردیی کە هەمیشە کاری ڕۆشنبیریی، یان تێکەڵاو بە کاری سیاسیی کراوە یاخۆ بووە بە پاشکۆی سیاسەت.

تۆنی مۆریسۆن، دەڵێت "نابێت خۆم بخەمە هەڵوێستێکی وەهاوە کۆتاییەکەی ئاشکرا بێت، یان چوار دەوری داخراو بێت، چوونکە ئەوەی لە دونیای نووسیندا کردوومە بە ئامانجی بەرفراوانکردنی ئاسۆکانم بووە، نەك داخستنیان". بە پێچەوانەوە رۆشنبیری کورد خۆی خستۆتە کۆڵانە داخراوەکانی سیاسەتەوە، ئەو کۆڵانانەی لە دەرچەیەکی فراوانەوە دەچیتە ناویان و هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ دەرچوون تیایاندا، ئەو کۆڵانانەی وەك تونێلێکی رەش و تاریك وەهان. رۆشنبیری کورد بەردەوام خۆی دەخاتە نێو کۆمەڵێك مەعمەعەی سیاسییەوە، دواجاریش جگە لەنائومێدیی هیچی تری لێ ناچنێتەوە، رۆشنبیری کورد دۆنکیشۆتانە بڕیار دەدات و دەیان سەرچڵیی دەکات بۆ ئامانجی سیاسیی کە هەمیشە ئاسۆکانی نووسینی تاریك و تەسکتر دەکاتەوە. کەوابوو سیاسەت یەکێکە لە نەخۆشییە مزمن و ترسناکەکانی رۆشنبیریی کوردیی و لەوەتی تاکی رۆشنبیری کورد هەیە زیاد لەهەر شتێکی تر باجی هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی دەدات. راستە رۆشنبیر مرۆڤێکی دابڕاو نییە لەواقیع و بوونەوەرێکی بێ هەڵوێستیش نییە، بەڵام پێش هەر شتێك ئاشکرایە رۆشنبیر هیچ کات سیاسەتمەدار نییە.

**رۆشنبیری کورد .. ترادیسیۆن و تازەگەریی**

رۆشنبیر نابێت بوونەوەرێکی نەریتی بێت و بەهەمان ئەو ڕێچکە و تووڵەڕێیانەدا بڕوات سەرجەم کۆمەڵگە پێیدا دەڕۆن، ئەو ڕێگەیەکی جیاوازی هەیە و هەمیشە خوڵقێنەری نەریت و روانگەی

نوێ و دنیابینی نوێیە. ڕۆشنبیر نەك لەگەڵ نەریتە باوەکانی کۆمەڵ دۆستایەتی و نزیکایەتی نییە، بەڵکو سەرلەبەریان ڕەتدەکاتەوە، کاتێکیش ترادیسیۆن ڕەتدەکاتەوە بە ئەڵتەرناتیڤەوە دەست بۆ ئەم ئەرکە دەبات. ڕۆشنبیران بەدیهێنەرانی جیهانبینی و واقیعە تازەکانن، هەر هیچ نەبێت وەك تاکەکەس دژی هەموو ئەو بەها سواوانە دەوەستنەوە مرۆڤ کۆت و بەند دەکەن. بەپێی ئەم پێناسەیە "کارڵ مارکس" ڕۆشنبیرە، چوون ئەو هاتووە سیستمی سەرمایەداریی ڕەتبکاتەوە و لە جێیدا ئەڵتەرناتیڤی تایبەتی خۆی پێیە. "چۆمسکی" ڕۆشنبیرە، چوونکە ئەو تاقانەترین تاکی دەستەبژێرە لە ئەمەریکا کە سەرلەبەری ئەو دنیابینییە ڕەتدەکاتەوە خۆی لە سەرداریێتی ئەمەریکادا دەدۆزێتەوە.

ڕۆشنبیری کورد ڕۆشنبیرێکی سوونەتییە و دەستی بە بالاَی ئەو نەریتە کۆمەلاَیەتییە سواوانە گرتووە مرۆڤی کوردی کۆت و زنجیر کردووە، ڕۆشنبیری کورد لەناو هەمان ئەو فەزایەدا دەژی، ترادیسیۆنەکانی کۆمەڵی کوردەواری وەك جوگرافیایەك بۆ ژیان و بیرکردنەوە دیاریکردوون. ڕۆشنبیری کورد هەمیشە خەریکی جووینەوە و دووبارەکردنەوەی ئەو میتۆد و تێزانەیە لانیکەم چەند دەیەیەك بەر لەئێستا لە ئەوروپا وەك دوا تێز و دوا میتۆد لە ئارادابوون، وەك خۆم ڕۆشنبیرێکی کورد شك نابەم ئاگای لە دوا گەشەکردنە فیکریی و فەلسەفییەکانی ژیاری خۆرئاوا بێت، لەوەش خراپتر بەهەموو گرێ دەروونی و خەسڵەتە خێڵەکییەکانییەوە خوازیارە وەك ئیلیێتی و ڕۆشنبیری مۆدێرن ناوی بهێنرێت.

ئانتۆنی گیدنز دەنووسێت: ریشەی وشەی سوونەت tradition دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنگەلی کۆن. وشەی ئینگلیزیی tradision لەریشەی لاتینی tradere وەرگیراوە و بەواتای گواستنەوە یان پێدانی شتێکە بەکەسێك پارێزگاریی لێبکات. بەم پێیە ترادیسیۆن بە مانای پارێزگارییکردن لە شتێکی دیاریکراو دێت لەیەك دۆخدا. رۆشنبیر نابێت پارێزگاریی لەهیچ دۆخێکی راوەستاو بکات، بەپێچەوانەوە ئەرکی ئەوە لایەنگریی لە گۆڕان و وەرچەرخانی بەردەوام بکات، هەروەك چۆن پێویستە خاوەنی بڕوایەکی کۆنکرێتی نەبێ، بەڵکو دەبێت بەردەوام سەرقاڵی هەڵکۆڵین و توێژینەوەی زانستیی بێت، ئەوەش زامنی زیندوو مانەوەی تاکی رۆشنبیرە. ترادیسیۆن هەمیشە دژی تازەگەریی و بیر و بۆچوونە نوێیەکانە، هیچ بیر و بۆچوونێکی نوێش لەئارادا نییە ئەگەر رۆشنبیر لە ئارادا نەبێت. با نموونەیەك وەربگرین، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا کەنیسە بەهەموو توانایەکەوە بۆ داکۆکیکردن لە عەقڵییەتی رەها و چەسپاوی ئاینیی "کریستیانی"، بەرەو رووی زانایان و رووناکبیران وەستایەوە، چیرۆکی گالیلۆ و سووتاندنی زانایان و ئەشکەنجەدانی لایەنگرانی بیردۆزەکانی "کۆپەرنیکۆس" لە ئاستی میللیشدا بیستراوە، کە نموونەیەکی هەرە دیاری شەڕی نێوان ترادیسیۆن و تازەگەریی بووە. ئێستاش هەمان شەڕ لە نێوان ترادیسیۆن و تازەگەریی لە ئارادایە بەڵام بەئامڕاز و فۆرمی جیا "دیارە لێرەدا قسە لەسەر خۆرئاوایە".

رۆشنبیری کورد نەك هەر کێشەی لەگەڵ نەریتەکاندا نییە، بەڵکو ئەویش بەشێوەیەك لەشێوەکان پارێزگاییان لێدەکات و ئیلهامیان لێوەردەگرێت، ئەو نەك ناتوانێت تازەگەر و مودێرن بێت بەڵکو هەر لەبنەماوە نایەوێت کارێکی لەو جۆرە ئەنجامبدات، چوونکە لەدژی خۆیەتی و بوونی ئەو وەك ژمارەیەك کەسی ئیستهلاکیی دەخاتە بەردەم پرسیاری زۆرە. بەبڕوای "ئاکیا یوتاکا"ی شاعیری ژاپۆنی "نوێگەریی هاوچەرخی دەگرێتەوە". واتە دەرخوارددانی بەرهەمی هاوچەرخ بە خوێنەری هاوچەرخ، بەرهەمهێنانی گووتاری رۆشنبیریی هاوچەرخ بۆ مرۆڤی هاوچەرخ، ئەگەر ئەدەب و رۆشنبیرییەك گوزارشت لەکێشە و خەون و دنیابینی مرۆڤی هاوچەرخ نەکات، نەك نوێگەر نییە بەڵکو کەلەپوورێکی بێ کەڵکە، چەندە ئەشکەوت بۆ مرۆڤی شارنشینی ئەم چاخە وەك شوێنی نیشتەجێبوون بایەخی هەیە، بەرهەمی کۆن "واتە بە فۆرم و تەکنیك و ناوەڕۆکی کۆن" ئەوەندە بایەخی بۆ مرۆڤی مودێرن هەیە، ئەو مرۆڤەی لە سەدەی زانیاریی و دیجیتاڵدا دەژی.

چوونکە وەك "نازك ئەلملائیکە" بۆی چووە "ژیانی سەردەمانە ئەدەبی تازەی دەوێ، وەچەی نوێی شیعریی و ئازاد دەخوازێت، تاکوو داهێنانێك پێشکەش بکات هاوتەریب بێت لەگەڵ داخوازیی و سەرنج و تێڕوانینەکانیان بۆ ژیان". کێشەی رۆشنبیریی کوردیی ئەوەیە باسی واقیعێك بۆ مرۆڤی کورد دەکات نەك پێی ئاشنا نییە بەڵکو لەگەڵیشی ناگونجێت. ئەگەر رۆژانە، لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکان بکەینە نموونەیەکی زیندوو، ئەوا رۆژنامەی کوردیی

ئەوەندەی خاوەنی مێنتەلێتییەکە کە هەمان مێنتەلێتی سیاسییەکانە، بەچارەگی ئەوە خاوەنی دیدێکی رۆژنامەوانی و رۆشنبیریی نییە، رۆژنامەی کوردیی بووە بە حکایەتێکی سەیر و بەردەوام جگە لەدوێنێ شتێکی تری پێ بەرهەم نایەتەوە. بەدەگمەن لەرۆژنامەی کوردییدا خزمەتگوزاریی بۆ خوێنەران هەیە، من ئەگەر بمەوێ سبەی بڕۆم بۆ دهۆك هیچ رۆژنامەیەك نییە پێمبڵێ داخۆ کەش و هەوا چۆن دەبێت. ئیدی لەم نموونەی سادەوە بیگرە تاکوو دەگاتە گەورەترین نموونە. ئەمەش دەرخەری ئیفلاسیی باکگراوەندی رۆشنبیریی و رۆژنامەوانیی، نووسەر و رۆژنامەنووسی کوردە.

ئەدۆنیس پێیوایە "رۆشنبیریی عەرەبیی پەیوەندیی نییە بە ژیانی عەرەبییەوە لە ئێستادا، چوونکە ئەو رۆشنبیرییە نەیتوانیوە خۆی دابڕێنێت لە رێڕەوی تەقلیدییانە، پێویستە لەسەر رۆشنبیری عەرەب خۆی داماڵێت لە بەرگی تەقلیدییانە تا هیچ نەبێت بتوانێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیاندا هەنگاو بنێت". رۆشنبیری کورد هەر هەمان ئەو کارانە دەکات، سیاسییەکان دەیکەن، رۆشنبیری کورد دوورترین سنووری بیرکردنەوەی لە سنووری بیرکردنەوەی سیاسییەك تێناپەڕێت، بەپێچەوانەوە هەندێکجار سیاسیی و توێژە تەکنۆکراتەکان چەند فرسەخێك لە پێشی رۆشنبیرەکانمانەوەن هەم لە رووی تێفکرینەوە، هەم لە رووی جۆری مامەڵەکردنەوە.

ئەوەشی لەناوەندی رۆشنبیریی کوردییدا روو دەدات، هەر هەمان شتە کەلەناو زەمینەی کۆمەڵایەتی کوردییدا روودەدات، کاتێك گوێت

لە جەدەل و دایەلۆگی نێوان دوو رۆشنبیر دەبێت، هیچ تێرم و موفەردەیەك نییە بیسەلمێنێت ئەو دووانەی گفتوگۆ دەكەن رۆشنبیرن نەك خەڵكێكی رەشۆك، چوونكە رۆشنبیری كورد بەهەمان زاراوە و تەكنیكەوە مامەڵە لەگەڵ كایەی رۆشنبیرییدا دەكات كە خەڵكی رەشۆك و ئاسایی لە قسە و گفتوگۆی ئاسایی نێوان خۆیاندا بەكاریدەهێنن. زۆرجار زمانی دایەلۆگ و پەیڤینی نێوان خەڵكی ئاسایی و تەنانەت نەخوێندەوار لە ئاستێكی بەرز و ئەخلاقیتردایە بە بەراوورد بەپەیڤینی رۆشنبیری كورد. دروستكردنی چیرۆكی سەیر و عەنتیكە، هەڵبەستنی تۆمەتی درۆ، دەستبردن بۆ ئابڕووی ئەویتر، چەند نموونەیەكن رۆشنبیری كورد هیچكات سڵی لێنەكردوونەتەوە لە كاتێكدا زۆر دڵنیام بۆ هاوولاتیانی ئاسایی "عەوام" هەروا هاسان نەبووە ئەو جۆرە تۆمەتانە بدەنە پاڵ یەكتر.

## رۆشنبیری كورد و كەلەپووری رۆشنبیریی كوردیی

هیچ رۆشنبیرییەك ناتوانێت هەنگاوی تازەگەریی بنێت بەبێ ئاوڕدانەوە لە كەلەپوور. هیچ رۆشنبیرییەك ناتوانێ وێستگەكەی بەجێبهێڵێت بێ خوێندنەوە و هەڵكۆڵینی كەلەپووری رۆشنبیریی. ئەگەرچی ئێمەی كورد لەرووی كەلەپووری رۆشنبیرییەوە هەژارین، بەڵام ئاوڕدانەوە بۆ رەگوریشەی ئەو رۆشنبیرییە یەكێك لە مەرجەكانی تێپەڕاندنێتی. هەرچەندە كولتووری نووسین لەنێو كورددا كولتوورێكی تازەیە بە بەراوورد بەگەلانی تر، هەم لەبەرئەوەی گەلێكی رەوەند و دوور لەژیانی شارنشینی و شارستانی

بووه، هەم بەو هۆیەی بەردەوام گەلێکی ژێردەستە و داگیرکراو بووە، تۆ سەیر بکە لەسەردەمی رێنیسانسی ئەوروپادا، ئەو کیشوەرە شەپۆل و مەوجی دەدا و رۆژانە هەزاران لاپەڕە لەفیکر و فەلسەفە بەرهەم دەهاتن، کورد چیتری لێ بەجێنەماوە جگە لە مەم و زین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بمانەوێت یان نا، کەلەپوورێکی رۆشنبیرییمان هەیە کە زیاتر شیعر بەسەریدا زاڵە، ئەوەش بناغەکانی رۆشنبیریی ئێمەیە.

وەك لەسەرەتاشەوە وتمان شیعر هەموو وەزیفەیەکی لە ئەستۆی خۆی دانابوو، هەر لەسیاسەتەوە تا دەگاتە چاکسازیی کۆمەڵایەتی. شیعر تاکە زمان بوو نەوەکانی پێشووی کورد تێیبگەن و تینووێتیان پێی بشکێت، ئەمەش لەبەرئەوەی شیعر زمانی قۆناغی کشتوکاڵییە و تەنانەت هۆزە زۆر سەرەتایی و دواکەوتووەکانیش دەتوانن شیعری جوان و ئاست بەرز بێژن و بنووسن، بەڵام ناتوانن رۆمان بنووسن، ناتوانن لە فیکر و فەلسەفە تێبگەن، بۆیە ئاساییە بۆ کوردێك کە تا سەرەتای سەدەی بیستەم ئاشنای ژیانی شارنشینی نەبووە، کەلەپوورە رۆشنبیرییەکەی بریتی بێت لە شیعر. ئاساییە شاعیرەکان دەستەی یەکەم و پێشڕەوی رۆشنبیرانی کورد بن.

خەزعەل ئەلماجدی پێیوایە، "هەرچەندە بەنێو قووڵایی زەمەندا رۆبچین، ئەوەندە کاریگەریی رابردوو کەم دەبێتەوە، بەڵام رابردوو وەك دەست، دەستی لێنادرێت، لەسەر هونەرمەند یان داهێنەر پێویستە ئەو مێژووە هەڵکۆڵێت نەك بۆ گەڕان بە دوای حەقیقەتدا، بەڵکو بۆ گەڕان بە دوای بنەڕەتێك بۆئەوەی بتوانێت رەخنە لەو

بنەڕەتە بگرێت و دووبارە رەگەزەکانی ئەو بنەڕەتە لە شیعر و هونەر و فیکر بنیاتبنێتەوە". کەچی رۆشنبیری کورد هێشتا "رەفیق حیلمی" نەخوێندۆتەوە بازیداوە بۆ ئارکۆلۆژیای مەعریفە و سەرقاڵی "میشێل فۆکۆ"یە!. رۆشنبیرێکی کوردمان هەیە هێشتا بە کتێبەکانی "مەسعود محەمەد" ئاشنا نەبووە، دەم لە پۆست مودێرنە دەکوتێ و خوێندنەوە بۆ پەرتووکەکانی "زیگمۆند باومان" دەکات، رۆشنبیرێکمان هەیە هێشتا چوار دێڕی نییە لەسەر "جەزیری" یان "خانی"، سەدان لاپەڕەی لەسەر درێدا یان مارکس رەشکردۆتەوە، تەنانەت من رۆشنبیرم دیوە بەبێ ئەوەی یەک دێڕی "مارکس"ی خوێندبێتەوە، هەموو فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفەی زەڕبی سفر کردووە و وەک ئەوەی دیزاینەری جلوبەرگ بێت، دەڵێت مارکس و تێزەکانی باویان نەماوە!!.

رۆشنبیری ئێمە رۆشنبیرێکی کلۆڵە، بناغەی کارە رۆشنبیرییەکانی لەسەر لم و لە هەوای شێداری وەهمدا هەڵچنیوە، رۆشنبیری کورد، بوونەوەرێکە نەک توانای تێپەڕاندنی رابردووی نییە چوونکە لێی تێنەگەیشتووە، تەنانەت توانای دووبارەکردنەوەی ئەو رابردووەشی نییە، زۆرێک لەوانەی دەم لەفەلسەفەی هاوچەرخ وەردەدەن نەک "مەسعود محەمەد"یان تێنەپەڕاندووە دەبێت بەوە قنیات بکەین ئەگەر بتوانن بگەنە ئاستی ئەو لەتوێژینەوە و شرۆڤەی فیکر و فەلسەفەدا، ژمارەیەک شاعیر بوون بەنوێنەری شیعری کوردیی نەک هەر ناتوانن چەند هەنگاوێکیش پێش "گۆران" بکەون، بەڵکو دەبێت بەوە رازی ببین ئەگەر بتوانن ئەوەیان لەدەست بێت

"گۆران" لە کاتی خۆیدا لە بۆتەی ئەدەب و نوێکردنەوەی شیعری کوردییدا ئەنجامی دا.

کەوابوو ئاساییە ئەگەر بڵێین رۆشنبیری کورد نەک لەسەر خەرمانی کەلەپووری رۆشنبیریی کوردیی و بە تویژینەوە لەخاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو رۆشنبیرییە، ناتوانێت تەکانێک بۆپێشەوە بدات، بەپێچەوانەوە بەهۆی نەخوێندەواریی و کلۆڵیی مەعریفییەوە خەریکە ئەوەشی هەیە نابووتی دەکات و بۆ هەمیشە لەناوی دەدات. رۆشنبیری تازەی کورد هیچ ئیزافەیەکی پێ نییە، بۆیە هێشتا ئێمە تینوویێتی خۆمان لە شیعری نالی و مەحوی و مەولەوی، لەکتێبەکانی مەسعود محەمەد و لە رۆمانەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و حسێن عارف ..هتد، دەشکێنین، ئەمە لەیەکێک لە ماناکانیدا دەستکورتیی مەعریفیی ئەو ئیلێتییە لووت لەئاسمان و شڵەژاوەیە لە ئەدەبیاتی خۆماندا بە رۆشنبیری کورد ناوزەدمان کردوون.

ئەدۆنیس، دەربارەی گرفتەکانی رۆشنبیریی عەرەبی دەدەوێت و پێیوایە: رۆشنبیریی عەرەبیی لەئەمڕۆدا بوونی نییە!. دەتوانین رۆشنبیریی عەرەبیی لەدوو شتدا کورت بکەینەوە: یەکەمیان رۆشنبیریی تەقلیدگەرا و کتێبە کۆنە ئاینییەکان، ئەویش لە رواڵەتدا نەوەک لە ناواخن و ناوەڕۆکدا. دووەم: رۆشنبیریی وەرگێڕدراو. بەدەر لەم دوو حاڵەتە شتێك نییە بەناوی رۆشنبیریی عەرەبییەوە. ئەم حاڵە لەرۆشنبیریی کوردییدا گەلێك خراپترە، چوون کەلەپووری نووسین و فەرهەنگی کورد بە بەراوورد بە کەلەپووری نووسینی عەرەبیی گەلێك هەژارە، تەنانەت ئاینی راستەقینەی کورد

"زەردەشتییەت" چی لێنەماوەتەوە جگە لەچەند پەڕەیەکی پەرش و بلاوی کتێبی "ئاوێستا"، ئەو زانا و عارفە موسڵمانە کوردانەشی بەدرێژایی مێژوو هەڵکوتوون، هەمیشە بە زمانی عەرەبیی نووسیویانە، ئەمە لەلایەك و لەبارێکی تریشدا کولتووری وەرگێڕان لەنێو کورددا زۆر سست و لاوازە و لەریزی نەبووان حیسابی بۆ دەکرێت. وا بیر دەکەمەوە، خراپمان نەوتووە ئەگەر بڵێین شتێك نییە بەناوی رۆشنبیریی کوردییەوە بەپێچەوانەوە ئەوەی هەیە ئیقتباس و دووبارەکردنەوەیە، بەم هۆیەوە رۆشنبیریی کوردیی کەمترین کاریگەریی هەیە لەسەر رێڕەوی ژیانی خەڵك و ئاڕاستەکردنی بیر و بۆچوونیان بەفۆرمێکی نوێ و هاوچەرخانە.

## تاراوگەی رۆشنبیری کورد

هاوڕێیەکی دێرینم، یەکێکە لەمارکسیستە خوێندەوار و چالاکەکان و لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە وەك مارکسیستێك کاریکردووە، بەلام لەدەیەی هەشتاکاندا بەهۆی بارودۆخی سیاسیی ئەوکاتی ولاتەوە ئاوارە و دەربەدەری مەنفا بوو، لە ئەڵمانیا گیرسایەوە. بۆ منی باسکرد ئەو لەکوردستان زۆرترین بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلس و لینین و بیرمەندانی تری سۆسیالیستی خوێندبۆوە، وەختێك چۆتە ئەڵمانیا و بەزمانی ژێرمانی و لە کەش و فەزای سەرمایەداریی خۆرئاوادا، بەرهەمەکانی کارڵ مارکس و هزرمەندە مارکسیستەکانی دیسان خوێندۆتەوە، سەر لەبەر دید و بۆچوونەکانی ئاوەژوو بۆتەوە، بەو مانایە نا، دژی

دیدی سۆسیالیستی خۆی وەستاوەتەوە بەڵکو بەو واتایەی هەستیکردووە ئەوەی ئەو لەمارکسیزم تێگەیشتووە لەکوردستاندا هیچ شتێکی لە مارکسیزم نەچووە، تەنانەت وەکوو کەسێك کە هیچ بەرهەمێکی سۆسیالیستی نەخوێندبێتەوە لە سەرەتاوە دەستی کردبووەوە بەخوێندنەوەیان.

مەبەستم لەگێڕانەوەی ئەو حکایەتە هەروا بەکورتی بۆ روونکردنەوەی ئەو حاڵەتەیە رۆشنبیری ئێمە دەرگیری بووە، ئەویش هەم نەزانینی زمانی بێگانە، هەم بێبەشبوونە لەژیان لەسایەی ئەزموونی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و رۆشنبیریی خۆرئاواییدا. ئەگەر سەدەیەك بەر لەئێستا سەدان رۆشنبیر و منەوەری کورد بچوونایەتە ئەورووپا و لەوێ سەرقاڵی توێژینەوە و مەعریفە و فیکر بوونایە بێشك ئێستا ئەوە حاڵی رۆشنبیریی کوردیی نەدەبوو، کە بە بۆچوونی زۆربەمان رۆشنبیرییەکی بەرتەسك و هەژارە. دووریی جوگرافیی و نەبوونی کیانێکی کوردیی لە فۆرمی دەوڵەتێکدا، وایکرد زۆر درەنگتر لە تورك و عەرەبەکان رۆشنبیرانی ئێمە بەر کولتووری رۆشنبیریی رۆژئاوایی بکەون، کە ئەو کولتوورە خەنی و بەهێزە بناغەی ژیاری پێشکەوتووی ئێستاکەی دنیایە.

ئەگەر نموونەی حاجی قادری کۆیی بهێنینەوە، یارمەتییەکی زۆرمان دەدات بۆ روونکردنەوەی ئەو دۆخە. حاجی یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەن و سەرەتاییانەی راستەوخۆ و بێ سڵەمینەوە باسی ژیاری خۆرئاوا و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و فەرهەنگیی ئەو شارستانییەی کردووە، بەڵام حاجی قادر

ئـەزموونێکی بەرجەسـتەی لەگـەڵ ئـەو ژیـارەدا نـەبووە، هـیچ کـات سـەفەری پـاریس یـان لەنـدەن یـاخۆ هـەر پـایتـەختێکی تـری وڵاتـانی ئـەوروپـای نـەکردووە، لـە نزیکـەوە ئاشـنای قوتابخانـە فیکریـی و فەلـسەفییەکانی ئـەو ژیـارە نـەبووە، ئـەو لـە ڕێگـەی خوێندنـەوە و بیستنەوە سەرسام بووە بە خۆرئاوا، بێگوومان ئەگەر حاجی قادر، دەرفـەتی هەبووایـە و بـچووبایەتە ئـەوروپا بێگوومـان سـەرلەبەری سەرسامبوونی بۆ ئەوروپا دەگۆڕا و ڕەنگە پرۆسەکە لەسەرسامبوون و چـەند کۆپلـە شـیعرێکەوە وەرچـەرخایە بـۆ پڕۆژەیـەکی فیکریـی و ڕۆشـنبیریی گـرنگ. وەك چـۆن "مـەولانا خالیـدی نەقـشبەندی" لـە هیندستانەوە دێتەوە بەپڕۆژەیەکی ئایینیی- نەتەوەییەوە یاخۆ چۆن "حـاجی تـۆفیقی پیرەمێـرد" بـە پڕۆژەیـەکی ڕۆژنامەنووسـیی و نەتەوەییەوە لەئەستەمبۆڵەوە بۆ سلێمانی دەگەڕێتەوە، دەکرا ئەگەر سـەفەری شـاعیر و منـەوەرانی کـورد بـە تایبـەت لـەو سـەدەیەدا بگەیـشتبایەتە ئـەوروپا سـیمای ڕۆشـنبیریی کـوردیی ئەوسـا و ئێـستاش لـە ڕیـشەوە بگۆڕابایـە و هەنووکـە لـەقۆناغێکی پێشکەوتووتری ڕۆشنبیرییدا بووینایە.

"مامۆسـتا جەعفـەر" لـەکتێبی "مێـژووی بـیری کـوردی" لاپـەڕە "٤٣٣"، دەربـارەی سەرسـامیی حـاجی قـادری کـۆیی بـە ژیـاری خۆرئـاوا دەنووسـێت، (شـاعیر خـۆی شار بەشـاری ئۆرۆپـای ڕۆژاوا نەگەڕاوە و لەهیچ لایەنێکیش، لە لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسـی و فەرهـەنگی و پیـشەسازی قـووڵ نەبۆتـەوە. ئـەو لـەدوا شـاری نیمـچە ڕۆژهـەڵاتی– نیمـچە ڕۆژئـاوای خـوارووی ڕۆژهـەڵاتی

ئەورووپادا، یان بەشی ئاسیایی ئەستەمبۆڵ ژیاوە. ئەو ئیعجاب و سەرسوڕمان و رامانە بەهۆی بیستنی وخوێندنەوەی دەنگوباس و راپۆرتەوە بووە، یان بینینی هەندێ داهێنانی ئەورووپی ..هتد، بێگومان شاعیر، فەڕەنسی، یان ئینگلیزی بزانیبایە و لەشارێکی فەڕەنسا یان بەریتانیای گەورە بژیابایە "نموونە: **رفاعة رافع الطهطاوي –تخليص الابريز في تاخيص باريز–**"، ئەو دەمە حاجی بە شێوەیەکیتر باسی ئۆرۆپای دەکرد و سەرسوڕمانەکەی بەشێویەکیتر دەبوو).

ئەگەر حاجی تارادەیەکی زۆر سەرسام بووبێت بە شارستانێتی ئەورووپا، ئەوە لەولاوە دەیان شاعیری تری کلاسیك و کۆنمان هەیە، زۆرتر لەژێر کاریگەریی ئاینی ئیسلام و بە دیاریکراویی تەسەوف دابوون، بۆیە بە بەراوورد بە عەرەب و تورك و فارسەکان، کورد زۆر درەنگ ئاشنای ئەورووپا بوو، درەنگتریش رۆشنبیرەکانی گەیشتنە ئەورووپا تاکوو سەرسامییان بگۆڕن بە پڕۆژە. عەرەبەکان لەسەردەمی هەستانەوە "رێنیسانس"دا، ژمارەیەکی باشی رۆشنبیرەکانیان گەیشتنە ئەورووپا و توانیان سوود لەئەزموونی ئەوێ وەربگرن، فارسەکانیش هەروا. تورکیش، ئەگەرچی عوسمانییەکان نەیاری سەرسەختی ئەورووپاییەکان بوون کەچی ناچاربوون سوود لە کولتوور و رۆشنبیرییان وەربگرن، بەڵام لەگەڵ هاتنە سەر کاری ئەتاتورك و ئیتحاد ئەلتەرەقی بۆ سەر کورسی دەسەڵات لە تورکیای نوێدا، پرۆسەی پرۆ رۆژئاوایی زیاتر بەهێز بوو، تەنانەت بووە کردەیەك لە خوێندنگە و زانکۆکانەوە دەستپێکرد تاکوو دەگاتە

ئاستی راگەیاندن و دەسەڵاتیش. لەم بارودۆخەدا کورد بەهۆی زوڵم و زۆریی داگیرکەرانەوە ببووە نەتەوەیەکی پاشکەوتوو، بێبەش بوو لە پریشکی فەرهەنگی رۆژئاوایی، بۆیە رۆشنبیرییەکەی سەد دەر سەد رۆشنبیرییەکی خێڵەکیی بوو، یان لە باشترین حاڵەتدا لەچێوەی کولتووری کۆمەڵگەی کوردییدا خۆی لە قاڵبدابوو .

هزرمەندی ناسراوی عەرەب "هاشم ساڵح" لەیەکێك لە وتارەکانیدا دەربارەی ئەزموونی خۆی لەئەوروپا، نووسیبووی "زۆر بەراشکاویی و بێ هیچ فێڵکردنێك دەڵێم: ئەگەر بەر لە چارەگە سەدەیەك پێش ئێستا ئەو هەلەم بۆ هەڵنەکەوتبایە و سەردانی ئەورووپام نەکردبایە، ئەوا دەژیام و دواتریش دەمردم بەبێ ئەوەی لە هیچ شتێك گەیشتبم" پاشان "ئەگەر نەهاتمایەتە ئەورووپا نەمدەزانی رێگایەکی دی جگە لەو رێگا کۆنە بەجێماوە سەدان ساڵەیە، هەیە بۆ تێگەیشتن لەئاین". لەدۆخی کوردییدا بەشێك لەرۆشنبیرانی کورد دان دەنێن بەوەدا ئەزموونی ئەورووپا بۆ ئەوان بایەخێکی گرنگی هەبووە و ئەگەر لەیەکێك لەچرکەساتە مێژووییەکاندا نەچوونایەتە ئەورووپا ئەوە هەر وەك رۆشنبیرێکی تەقلیدیی دەمانەوە.

فەرهاد پیربال یەکێکە لەو رۆشنبیرانە و لەیەکێك لەدیمانەکانی خۆیدا کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵیدا سازدراوە، باسی ئەزموونی خۆی لەپاریس دەکات و لەوەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت "پێش ئەوەی بچمە پاریس لێرە لە رێگەی زمانەکانی عەرەبی و فارسی، بەرهەمی سوریالیم خوێندبۆوە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بەسەر منەوە جێنەهێشت و لە ناوەڕۆکەکەی تێنەگەیشتم، بەڵام دوای

چوونە پاریس، پێموایە لە ناوەڕۆکەکەی تێگەیشتم و وەك گوتم سوودێکی زۆرم لێبینی هەر لەوێش کەشفی کوردبوونی خۆم کرد، زانیم کورد و کوردبوون چییە، تۆ شوێنێکی تر دەبینی و دەخوێنییەوە، ئنجا دەزانی تۆ لە کوێی مەسەلەکانی و تۆ چیت و پێویستیت بەچییە؟". خولاسە پیربال زۆر لەوە زیاتر پێداگیریی دەکات و تەنانەت بوونی خۆی وەك کوردێك لە کوچە و کۆڵانەکانی پاریس و لەشەقامی شانزێ ئەلیزێ و قاوەخانەی مۆنتی کارلۆ دەدۆزێتەوە، ئەمە هەمان ئەزموونی پیرەمێردی شاعیرە کە پڕۆژە ناسیۆنالیستییێکی خۆی لەکوچە و کۆڵانەکانی ئەستەمبوڵدا گەڵاڵە دەکات و دەیهێنێتەوە بۆ کوردستان، ئەوە لەهەمان ئەزموونی مەولانا خالید دەچێت لەمەنفا پڕۆژەیەکی ئاینی و نەتەوەیی دەدۆزێتەوە و دەیهێنێتەوە بۆ وڵات. بۆیەکا بۆ تێگەیشتن لەخودی خۆت ئەوجا لەجوغز و بنج و بنەوانی رۆشنبیریی و فەرهەنگی چەندین سەدەی خۆرئاوایی، پێش هەر کارێك پێویستە لانیکەم چەند ساڵێك لە وڵاتانی رۆژئاوای ئەو کیشوەرە بژیت و توانات هەبێت بەسەر یەکێك لە زمانە گرنگەکانی ئەوروپادا.

ئێرە شوێنی ئەوەیە بپرسین: ئایا رۆشنبیرانی کورد "ئەوانەی لە ئەوروپان" چەند کەڵکیان لە مانەوەیان لەو کیشوەرە و لەژیاری خۆرئاوا وەرگرتووە؟ ئایا جگە لە چەند تاکێك رەوەندێکی زۆری کورد لەرۆژئاوا توانیوویێتی پەرە بەرۆشنبیریی خۆی بدات بەسوود وەرگرتن لەئەزموونی ئەوی؟، ئایا مانەوەی چەندان ساڵەی سەدان قەڵەم بە دەستی کورد لەوڵاتانی خۆرئاوایی، هیچ پڕۆژەیەکی

ڕۆشنبیریی نوێ و تازەگەری بەدوای خۆیدا هێناوە؟. لە ڕاستیدا شیاوترین وەڵام بەو پرسیارانە، تەنێ نەخێرە. ڕۆشنبیری کورد ئەگەرچی بەجەستە لەستۆکهۆڵم یان لە پاریس یاخۆ لەندەنە، کەچی وەك ڕۆح و وەك دنیابینی لە کوێرە گوندێکی تەریکی کوردستانە، ڕۆشنبیری کورد ئەگەرچی گەیشتۆتە ناو زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان، بەڵام وەك تێگەیشتن و بیرکردنەوە هێشتا ناتوانێت چێوە و بۆتەی خێڵەکیی تێپەڕێنێت و ببێتە خاوەنی دنیابینییەکی شارستانی و نوێ کە بەهەموو کلۆجێك پێچەوانەی ئەو نەریتە خێڵەکییە بێت هەژموونی بەسەر عەقڵی تاك و کۆی کۆمەڵی کوردەوارییدا کردووە.

ڕۆشنبیری کورد ئەگەرچی لە ڕشتەکانی فەلسەفە و سۆسیۆلۆجیا و زانستە مرۆییەکانی تردا دەخوێنێت، کەچی هێشتا بەهەمان زمان دەپەیڤێت کە زمانی کۆمەڵێکی ڕەوەند و کشتوکاڵییە. ئەمەش دەرخەری واقیعێکی تاڵە، ئەویش ئەوەیە ڕۆشنبیری کورد وەك هەزاران کرێکاری بیانیی ڕووی لەخۆرئاوا کردووە "لێرەدا مەبەست بێ نرخکردن و سووکایەتی نییە بە چینی کرێکار" تەنانەت کەمترین توانای تێکەڵبوون و کارلێککردنی هەیە لەگەڵ کولتووری وڵاتانی ئەوروپی یان خۆرئاواییدا. لە کورتترین دەربڕیندا، ڕۆشنبیری کورد بەهەمان دنیابینی و عەقڵییەتەی گوند و شارەکانی کوردستانەوە لە ئەوروپا دەژی، کە نە توانای پڕۆژەی ڕۆشنبیریی نوێی هەیە بە پشبەستن بە ئاستی پێشکەوتنی ئەوێ، نە دەتوانێ وەك تاك خۆی تەیار بکات بە زانست و فەرهەنگی مودێرنی خۆرئاوایی.

## وتەی کۆتایی

ئەو ئیسلامییە توندڕۆیەی بەچەقۆ هێرشی کردە سەر "نەجیب مەحفوز"، بە هۆکاری نووسینی ڕۆمانی "اولاد حارتنا"، کاتێك لە دادگا پرسیاری لێکرا، ئایا ڕۆمانەکەت خوێندۆتەوە؟. زۆر بێباکانە لەوەڵامدا وتی: نەخێر، بەڵام ئەمیرەکەم خوێندویەتییەوە و ئەو باشتر دەزانێت چییە!!. بەشێك لەڕۆشنبیرانی ئێمە بەهەمان شێوەی ئەو ئیسلامییە توندڕۆیە بیر دەکەنەوە و ڕەفتار دەکەن، مارکس ڕەتدەکەنەوە و نەیانخوێندۆتەوە، نیتشە دەکەن بە پێغەمبەری نازییەکان و مەحکوومی دەکەن کەچی نەیانخوێندۆتەوە، جنێو بە لینین دەدەن و یەك کتێبی ئەویان بە بینین هەر نەبینیوە جا نەخاسمە خوێندبێتییانەوە. ڕۆشنبیریی کوردیی بەهۆی ئەو تەرزە ڕۆشنبیرەوە لە سەرگەردانی و بێناسنامەییەکی گەورەدا ژیان دەباتە سەر.

ڕۆشنبیرێکمان هەیە بێ هیچ توێژینەوە و ئاناتۆمییەك بیرێکی سیاسیی یان فەلسەفیی پیرۆز دەکات و یەکێکی دیکە دەداتە بەر نەفرەت. تۆ سەیر بکە بێویژدانترین ڕۆشنبیری دونیا بەرامبەر بە"مارکس"، ڕۆشنبیری کوردە، چوونکە هەم وێنای "مارکس"ی هاوجووت کردووە لەگەڵ وێنای ئوسامەی کوڕی لادن و خوێنڕێژێکی وەك جۆزیف ستالین، هەم هەر باسی مارکس هاتە پێشەوە یەکسەر ڕەتیدەکاتەوە و بەپێغەمبەری مرۆڤکوژیی وەسپی دەکات، بەبێ ئەوەی بیری بکەوێتەوە، هەر ئەو فەیلەسووفە بوو، وتی "مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە"، بەبێ ئەوەی بیری بکەوێتەوە

ئامانجی هەرە سەرەکیی مارکس تەنیا و تەنیا مرۆڤی رووت و گێڕانەوەی مرۆڤ بۆ دۆخی سروشتیی خۆی بوو، بەڵام ئەو هیچ نابینیٚ و کتێبی "کۆتایی مێژوو"ی کردووە بەتەلقینی بیری ئەو فەیلەسووفە مەزنەی کە هەمیشە وەك "تابۆیەك بەئاسمانی" جیهانەوە ئامادەیی هەیە. خولاسە ئەوەی پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی ئەم باسەوە هەبێت ئەوەیە رۆشنبیری کورد بوونەوەرێکی بیرکەرەوە نییە، بوونەوەرێکی خەلاق و داهێنەر نییە، بوونەوەرێکی ناوازە و خاوەن دنیابینییەکی جودا نییە لە دنیابینی گشتیی. بەم هۆیەوە رۆشنبیری کورد هەم رۆشنبیرێکی ئەخلاقگەرایە و هەم ئامانجگەرا، بەپێچەوانەوەی ئەو وتەزایەی "سارتەر"ەوە کە ئێمە لەسەرەتای نووسینەکەوە بەتایتڵی گەورە هێمامان بۆ کردووە.

-٢-

## گووتاری پۆپۆلیستی و رۆشنبیرانی کورد

دیمەنی زاڵ بەسەر تابلۆی رۆشنبیرانی کوردەوە، زیاتر لە هەر شتێکی تر نەریتی پۆپۆلیستییە. رۆشنبیرانی ئێمە کۆکتێلێکی سەیرن و تێگەیشتن لێیان و شرۆڤەی دنیابینیان کارێکی ئاڵۆز و فرە زەحمەتە، بەو هۆیەی شوناسێکی دیاریکراویان نییە، بە دیوێکی تردا ئەو ئیلێتییەی بە رۆشنبیرانی کورد دەناسرێنەوە خاوەنی گووتارێکی رۆشنبیریی و مەعریفیی نین، بەقەدەر ئەوەی کاراکتەری سیاسیین لە سیاسەتیشدا لە بازنەی تەسکی حزبایەتیدا بیر دەکەنەوە و تێزەکانیان دەخەنەڕوو. ئەم دیمەنە تەژی ئیشکالییەتەی رۆشنبیرانی کورد پێویستی بە شرۆڤەکردن و شیتاڵکردنی زۆر وردە، بەو پێیەی ئێمەی کورد خاوەنی نوخبەیەکین تەمبەڵن لە بەرهەمهێنانی تێڕوانینی نوێ و تێزی تازە، بەپێچەوانەوە زۆر چالاکن لە جووینەوە و بەشداریی سیاسیی و حزبیدا.

دەتوانین ئەو نەریتە لەشێوەی کارکردنی ئەو رۆشنبیرەدا بناسینەوە کە پێی دەوترێت دیسکۆرسی پۆپۆلیستی، بۆیەکا لێرە بەدواوە وردتر خاڵ دەخەینە سەر پیتەکان و پێناسە و شێوازی دنیابینی پۆپۆلیستی دەخەینە پێش چاو، لە هەمان کاتدا ئەو خاڵە

ناوکۆییانــە دەدۆزینــەوە لــەنێوان گووتــاری ڕۆشــنبیرانی کــورد و جیهانبینی پۆپۆلیستیدا هەیە. هەرچەند ڕۆشنبیری کورد تەنیا بە پەتای پۆپۆلیزم گرفتار نەبووە، بەڵام ئەوەی لەم ماوە زەمەنییەدا لە هەموو شتێکی تر بە زەقیی بە گووتاری دەستەبژێری کوردەوە دیارە بریتییــە لــە عەوامگــەریی، پاشــتریش دەبیــنین تووشــی چــەندان نەخۆشــیی فیکریــی تــر بــووە، کــە دەســتکورتیان کــردووە لــە دەوڵەمەندکردن و بەرەو پێشبردنی فەرهەنگی ڕۆشنبیریی کوردیی. نەوەی ڕۆشنبیرانی ئێستای کورد، نەوەیەکن نەك هیچ ئیزافەیەکیان پــێ نــەبووە بیخەینــە ســەر ڕۆشــنبیریی کلاســیکیی کــورد، بــەڵکو ئەوەشی هەبووە دایانڕوخاندووە و تەلارەکانی ڕۆشنبیریی دوێنێیان بە تێزە سواو و ئێکسپایەرەکانی ئەمڕۆ کردۆتە کەلاوە.

## پۆپۆلیزم چییە؟

پــێش هــەر پێناســاندنێك پۆپــۆلیزم ئایدۆلۆگیایــەکی دیــاریکراو نییــە، بــەڵکو پــارادیمێکی سیاســییە کــە دەشــێ بــەپێی ژینگــەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی جیاواز سوود لە ئایدۆلۆگییە جیاوازەکان تەنانەت ئاینیش وەربگرێت، یان بە مانایەکی تر پۆپۆلیزم ستایلێکە ڕەوایی خۆی لە ئایدۆلۆگیاوە وەرناگرێت هێندەی ئەوەی لەو تەرزە ڕوانینەوە وەریدەگرێت کە خۆی بەنوێنەری تەواوی گەل یان خەڵك دەزانێت. پۆپۆلیستەکان دەتوانن مەلا یان پیاوی ئاین بن، دەکرێ سیاســیی یــان ڕۆشــنبیر بــن، خــاڵی هاوبــەش لــەنێوان هــەموو پۆپۆلیستەکاندا ئەوەیە عەوامگەرن و ماف بە خۆیان دەدەن بەناوی

تێکڕای جەماوەری خەڵکەوە بدوێن و وەك نوێنەریشیان نمایشی سیاسیی بکەن، لە دیتنی پۆپۆلیستەکاندا گەل یان خەڵك یەکەیەکی کۆنکرێتی یەکگرتووە، نە قابیلی دابەشکردنە نە درز خستنە ناوی.

ستروکتوری زاراوەی پۆپۆلیزم POPULISM لەوشەی POPULUSی لاتینەوە هاتووە، کە بەمانای "خەڵك" دێت، هەمیشە چەمکی "خەڵك"یش لە بنەچە لاتینەکەشدا مانای چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە یان زۆرینەی بێدەسەلاتی کۆمەڵ پێیوتراوە خەڵك، کە ئەم زۆرینەیە بەدرێژایی مێژوو کاریگەرییان بەسەر کۆی ڕووداوە گرنگەکانەوە نەبووە، بەلام شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩ ئەو هاوکێشەیەی بە تەواوەتی گۆڕی، "خەڵك" یان "گەل"ی لە هێزێکی پاسیڤەوە گۆڕی بۆ توخمێکی ئەکتیڤی ئاڵوگۆڕی سیاسیی و کۆمەلایەتی، یەکێك لە کاریگەرییە هەرە گرنگەکانی ئەو شۆڕشە ڕۆڵدان بە "گەل" وەك بەشێکی لە ئیرادە لەناو ڕووداوەکاندا نەك لە پەراوێزی ڕووداودا تەنها سەیرکەرێك بێت و بەس.

یەکەمین دەرکەوتنی پۆپۆلیزم وەك جولانەوەیەکی ڕێکخراو یان با بڵێین وەك بزووتنەوەیەکی سیاسیی، بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە، ئەویش پاش جەور و ستەمکێشی سەر جووتیارانی ئەمەریکا بوو کە خرابوونە ژێر باجێکی بێویژدانانە و دڵڕەقی خاوەن موڵکەکانەوە. هەر لەو سەروبەندەدا پارتی پۆپۆلیستی ئەمەریکا لە ساڵی ١٨٩٢دا لەسەر پاشخانی فیکریی ئەو بزووتنەوەیە دامەزرا.

لـه بـواری فەلـسەفیدا پۆپـۆلیزم، پـشت بـه تێزەکـانی "هێربـرت شـایلەر" دەبەسـتێت کـه لـه دیـتنی ئـەودا زۆرینـەی گـەل تـاکی بـێ کاریگەریی و پاسیڤن و هیچ رۆڵێکیان نییه له دروستکردنی رووداوه گەورەکانـــدا. لەلایـــەکی تـــریش لەگـــەڵ ســـەرهەڵدانی تـــەوژمی "نارۆدنیکەکان" له رووسیای قەیسەرییدا پۆپۆلیزم پێی نایه قۆناغی هـەنگاوی پراکتیکییـەوە، بـەو پێیـەی لـه دەیـەی هـەفتاکانی سـەدەی نـۆزدەدا خوێنـدکاره نارۆدنیکـەکان هەوڵیانـدا لـه رێگـەی خـەڵکی گوندەکانەوە بیروبۆچوونی سیاسیی خۆیان روون بکەنەوە و خـەڵکی لادێکان بکەنـه هێـزی بـازووی بزووتنـەوه پۆپۆلیستییەکەیان کـه لـەو بڕوایـەدا بـوون رووسـیا بـەبێ تێپـەڕین بـه قۆنـاغی کاپیتالیزمـدا دەتوانێت سیستمی سۆسیالیستی خۆی دابمـەزرێنێت، دەتوانم بڵێم خودی "لینین"یش هەمان کاری کرد، لەبەرئەوە دەبینین ئەمه یەکێکه له سیما هاوبەشەکانی بەڵشەفیك و پۆپۆلیزم، جیا لەوەش زۆرێك لەو بڕوایـەدان ئـەوەی پێـی دەوتـرێ "چـەپی نـوێ" تـەنیا رووخسارێکی تازەیه بۆ ناوەڕۆکه کۆنەکەی پۆپۆلیزم.

گووتاری پۆپۆلیزم بەشێوەیەکی گشتیی خاوەنی دیسکۆرسێکی ناشەفاف و بێ ئارگۆمێنتـه، زیـاتر یاریکردنه لەگـەڵ سـۆزی گشتیی خـــەڵك، یـــان وروژانـــدنیان لـــه رێگـــەی گووتـــاری حەماســـیی، نـــەك پڕۆژەیـەکی بێـت بـۆ مەودایـەکی درێـژ، پۆپۆلیـستەکان بەرچـاویان روون نییـه، تـەنیا دەیانـەوێ کـار لەسـەر عاتیفـەی گشتیی بکـەن بـێ هـیچ ئەڵتـەرناتیڤێکی رۆشـن، یـان زۆر جـار بـه ئەڵتـەرناتیڤێکی تەمومـــژاویی و ناروونـــەوە. هـــەر لەبـــەر ئـــەم فـــاکتۆره فەرهـــەنگی

"DUDEN"ی ئەڵمانی بە "بیرێکی سیاسیی هەلپەرست" ناوزەدی دەکات. لە باری واقیعیشەوە گووتاری پۆپۆلیزم تێکەڵەیەکە لە دیماگۆگییەت و ئۆپۆرتۆنیزمی سیاسیی. کۆی ستراتیژەکەشی لەدوو سیمای سەرەکیدا خۆی دەنوێنێت، یەکێکیان گووتاری حەماسیی و گاڵتەجاڕانەیە، ئەویتریشیان فۆرمۆڵەبەندیی توندڕەویی و شێوازی کاری رادیکاڵیی کوێرانە وەك ئەجێندایەکی سیاسیی.

دەکرێ ئامانجی سەرەکیی بزاوتە پۆپۆلیستییەکان لە چەند خاڵێکدا کورت بکرێتەوە. وەکوو: یەکەم: پۆپۆلیستەکان کۆی دامودەزگا سیاسییە دەسەڵاتدارەکان بەهەموو فۆرمەکانییەوە رەت دەکەنەوە. دووەم: لە دیدی پۆپۆلیستیدا خەڵك سەرچاوەی هەموو بڕیار و دەسەڵاتێکە و جەماوەر شەرعیترین ژێدەری دەسەڵاتە. سێیەم: ئەکتەرێکی کاریزمایی پێویستە بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەو بزاوتەی دەیەوێ گەل بکاتە سەرچاوەی هەموو شتێك. چوارەم: گەورەکردنی بەهای خەڵك بە راکێشانی سەرنجی گەل لە رێی بەڵێنی وەهمی و ناروون.

لەگەڵ ئەوەشدا پۆپۆلیزم جوڵانەوەیەکە زێدەتر دڵداریی لەگەڵ خەڵك دەکات تاکو بەرگرییان لێ بکات. بەهای خەڵك گەورەتر لە خۆی نیشاندەدات نەك ئاوێنەیەکی روونی واقعی حاڵ بێت. هەروەك بیرمەندی ئێرانی "رامین جەهانبەگلو" باسی دەکات "دەتوانین بڵێین پۆپۆلیزم هەمیشە ستایشکاری جەماوەرە، بەڵام داکۆکیان لێناکات، چوونکە بەپێچەوانەی دیموکراسی لە هەلومەرجی پۆپۆلیستیدا ژینگەی ئایدۆلۆگیکی خەڵك لەگەڵ ژینگەی سیاسیی هاووڵاتیاندا

یەکسان نابن، لەبەرئەوە بڕیاری پۆپۆلیزم بۆ جەماوەر بە ناڕۆشنی و ناڕاستەوخۆ لەسەر ئەو بڕوایە دەبێت کە مامەڵە لەگەڵ گشتێکی چوونیەك دەکات و بەشوێن هێنانەدی و پیادەکردنی کاری توندوتیژەوە بنەمای ئەخلاقی لەئاستی کۆمەڵدا ئەتك دەکات".

## پۆپۆلیزم و دیموکراسی

وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد، بزاوتە پۆپۆلیستەکان لەرووی ئایدۆلۆگییەوە یەك ئاڕاستە و تەوژم نین، چوون لە ستروکتۆرە پۆپۆلیزم پارادیمێکە کەڵك لە هەر چەشنە بیر و ئایدیایەك وەردەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ ئاڕاستەیەکی پۆپۆلیستی ناتوانێت مەوداکانی دیموکراسیی بەرینتر بکاتەوە، بەڵکو کێشەی ریشەییان لەگەڵ گەوهەری دیموکراسیی لیبرالی هەیە، بەو پێیەی لە زەمینەیەکدا ئەو بزاوتە دەڕسکێ کە فەزای بێسەوبەری و پاشاگەردانییە کە تێیدا هەموو بەها و پرنسیپە دیموکراسییەکان پاشەکشەیان کردبێ یان لەسەرەو لێژییدا بن. د.عەبدولحەمید ئەلئەنساری پێیوایە: پۆپۆلیزم لە سییەکانی سەدەی رابردوودا سەریهەڵدا و فاشیزم و نازیزمی لە ئەورووپا بەرهەمهێنا. لە ئەمەریکای باشووریش فەرمانڕەوای دیکتاتۆری بەرهەمهێنا، دواتر پەلی کێشا و تەشەنەی کرد بۆ وڵاتانی عەرەبی و لەوێش سەرکردەی پۆپۆلیست و دەسەڵاتخوازی بەرهەمهێنا.

پۆپۆلیستەکان زۆرجار بەدکەڵکی لە دیاردەکانی دیموکراسیی وەردەگرن و بە میکانیزمی هەڵبژاردن هەوڵی دەسەڵاتگرتنە دەست

دەدەن، بەمانایـــەکی تـــر چـــەکی دیموکراســـی دەکەنـــە ئـــامرازێکی کاریگـەر بـۆ هێنانـەدی خەونـەکانیان، بـەڵام نـاتوانن یـان نایەنـەوێ پارێزگاریی لە پەیکەری دیموکراسیی نوێنەرایەتی بکەن، ئەم جۆرە نموونانە لە کیشوەری ئەمەریکای لاتین لە چەندین وڵاتدا بەرجەستە بوون، بۆ وێنا دیموکراسییە شافێزییەکەی فەنزوێلا، یان پارادیمی نیستۆر کیرچنەر لەوڵاتی ئەرژەنتین و ئیڤۆ مۆراڵس لەوڵاتی پۆلیڤیا. هـــەر ســـێ نموونەکـــە پێمانـــدەڵێت پۆپـــۆلیزم دەرکەوتـــەی ئـــەو کۆمەڵگایەیـە دامـەزراوە و بنیادەکـانی دیموکراسـی تێیـدا بـەهێز و چەسـپیو نـین، بـە واتایـەکی تـر پۆپـۆلیزمی نـوێ "نیـو پۆپـۆلیزم" ڕەنگدانەوەی لاوازیی دیموکراسییە لەهەر جێگەیەکدا.

ڤیلادیمێر تۆرێس، پێیوایە لـەرووی مێژووییـەوە پۆپۆلیزم کـوڕی منداڵـدانی قەیرانـە سیاسـییەکانە، بەتایبـەت لـەو چرکەسـاتانەی دامـەزراوە ڕەوایـی پێـدراوەکان دەکەونـە ژێـر پرسـیاری جیـددی و گومانگـەلی زۆرەوە. بۆیـە ئـەو دەڵێـت "پۆپـۆلیزم خـۆی لـە خۆیـدا کێـشەیەکی سیاسـییە، لەسـەروەختی قەیرانـەکانی پەیوەسـت بـە نوێنەرایـەتی سیاسـیی گەشـە دەکـات و تـا سـەر ئێـسقان دژ بـە دیموکراسـییە.". ئـەو پێیوایـە سـەرکردە پۆپۆلیـستەکان ئەوانـە لـە دەرەوەی دامەزراوە شەرعیی و دیموکراسییەکان دروست دەبن، یان ئەگـەر لـە ڕێگـەی ئـەو دامەزراوانەشـەوە بگەنـە قووچـەکی دەسـەڵات، لەماوەیەکی کەمدا سەرلەبەری ئەو دامەزراوانە هەڵدەوەشێننەوە یان تووشـی قـەیرانی کوشندەی دەکـەن، چوونکە ئەوانە ڕەوایـی خۆیـان بـەناوی خەڵکـەوە وەرگرتـووە و پێیانوایـە ئـەو جـۆرە دامەزراوانـە

دەسەڵات و خەونەکانیان سنووردار دەکات، لەم حاڵەتەشدا دەکەونە ناکۆکیی و پارادۆکسەوە لەگەڵ ئەو دامەزراوانە، هەنگاوی خێرا و پراکتیکی دەنێن بۆ رەنگڕێژکردنەوەی دەسەلاَت لەدەرەوەی هەژموونی دامەزراوە دیموکراسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لە زۆر حاڵەتیشدا لە دەرەوەی پارتە سیاسییەکان و لەژێر هەژموونی سەرکردەیەکی کاریزمیدا.

بەشێوەیەکی بەرجەستە و گشتیی پارادۆکسێك هەیە لەنێوان نەریتی پۆپۆلیستی و سیستمی دیموکراسیدا، ئەمە وەك لەپێشەوە وتمان مانای ئەوە نییە پۆپۆلیستەکان رێگەکانی دیموکراسی بۆ وەرگرتنی دەسەلاَت رەت دەکەنەوە، بەپێچەوانەوە کێشەی ئەوان لە دوای هاتنە سەر دەسەلاَتە لەگەڵ دامەزراوە دیموکراسییەکاندا. چوونکە لەجیهانبینی سیاسیی ئەواندا، هەمیشە جەماوەر لەسەروو دامەزراوە شەرعییەکانەوەیە، ئەمەش هەمان ئەو ناوەڕۆکەیە لە شۆڕشی فەڕەنسییەوە درێژ بۆتەوە تاکوو هەنووکە، بەوەی گەل یان خەڵك پیرۆزن بۆیە بە دەربڕینی تۆرێس "هەر کاتێك خەڵك ویستی، ئەوا نابێت دەستوور و دامەزراوەکان لە ڕێیاندا بوەستن".

لە دیدی پرۆفیسۆر دیسپاسۆتۆدا، پۆپۆلیزم هەڕەشەیەکە لەسەر سیستمی دیموکراسیی و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەم تەوژمە تەحەدایەکیشە بۆ دیموکراسیی لیبرالی کە لە خۆرئاوا پیادە دەکرێت. ئەو بەروونی دان بەوەدا دەنێت "دەکرێت پۆپۆلیزم ببێتە هەڕەشە بۆ سەر زۆرێك لە گرنگترین رواڵەتەکانی دیموکراسییەتێکی سەقامگیر. بۆ نموونە دەبێت هەموو کەس پابەند بێت بە دیموکراسی

و بە هەڵبژاردنەوە و ڕێز لە هەڵبژاردنەکان بگرێت کە گوزارشت لە ئیرادەی خەڵك دەکات. هەندێ جار پۆپۆلیستەکان ئەوەندە متمانەیان بەراست و دروستی خۆیان هەیە ڕێز لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ناگرن". لەهەمان کاتدا ڕێکخراوی "فریدۆم هاوس" کە بارەگای سەرەکی لە واشنتۆنە لە راپۆرتی ساڵی ٢٠١٦ دوو تەوژم و جۆرە دەوڵەت بە هەڕەشەی پلە یەك بۆ سەر دیموکراسی ناودێر دەکەن ئەوانیش ئۆتۆکراسی و پۆپۆلیزمن.

## پۆپۆلیزمی سیاسیی لە کوردستان

جیهان ئێستاکە بەدەست پەتای پۆپۆلیزمەوە دەناڵێنێت، چوونکە هەروەك گەندەڵی کە دیاردەیەکی گەردوونی سەرمایەدارییە، پۆپۆلیزمیش بۆتە دیاردەیەکی یونیڤرساڵ. کارەساتەکە لەوێیە دەوڵەت و حزبە سیاسییەکان بە دەسەڵاتدار و بەرهەڵستکاوە دەردەداربوون بەو نەخۆشییە سیاسییە. ئەگەر سەدەی بیستەم بەدەربڕینی "هۆبسباوم" سەدەی توندڕەویی سیاسیی و دەسەڵاتی مەیلە تۆتالیتارەکان بووبێت، ئەوا ئەم سەدەیە سەدەی پۆپۆلیزمە. ئەوەش دەربڕینی پرۆفیسۆری هۆڵەندیی "کاش مودە". نێوبراو لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناوی "پۆپۆلیزم بووەتە بیرکردنەوەی سەردەم" ئاماژە بەوە دەدات "لەگەڵ ئەوەی زۆربەی بیریاران ڕەخنە لەم دیاردەیە دەگرن، بەڵام وا دەردەکەوێت پۆپۆلیزم هەر بەهێزتر دەبێت".

کوردستان وەك بەشێك لەو گوندە جیهانییەی بەهۆی شۆڕشی پەیوەندییەکانەوە دروستبووە، بەخێرایی بەهۆی نەبوونی سیستمێکی بەهێزی دیموکراسی و غیابی دامەزراوەکان، نەریتی پۆپۆلیزم ئەندێشەی سیاسەتی باوی گرتۆتەوە، بڵاوبوونەوەی تێفکرینی پۆپۆلیستی لەم بەشەی باشووری کوردستان وەك خێرایی هەڵمەتی ئاگرە لە پوش و پەڵاشی وشکبوو. وەنەبێ ئەمە دیاردەیەکی تایبەت بێت بەخودی دەسەڵات، بەڵکو کارەساتەکە لەوێدا گەورەتر خۆی دەنوێنێت ئەم نەریتە بۆتە بەشێکی سەرەکی لە دنیابینی ئەو هێزە بەرهەڵستکارانەی خۆیان وەك ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵاتی سیاسیی دەبینن، ئەوان ناتوانن میکانیزمێکی تر بۆ رەوایی سیاسیی خۆیان بدۆزنەوە جگە لەو گووتارە پۆپۆلیستییەی هەرمێنی پێدەدەن، لەو سۆنگەیەی هەمیشە بەناوی جەماوەر و گەلەوە فۆرمۆڵەبەندیی دیسکۆرسی رەخنەیی خۆیان دەکەن.

لە راستیدا ئەو مەیلە پۆپۆلیستییە وێرانخوازەی لای ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی هەیە، چەند قات لەو گەندەڵی و بەهەدەردان و خۆسەپێنییەی دەسەڵاتی سیاسیی کوشندەترە، چوونکە روانگەی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە وێرانکردنی هەموو شتێکە لە پێشدا، پاشان بیناکردنەوەیەتی بەو فۆرمەی خۆیان ئارەزووی دەکەن، ئارەزووەکانیشیان نەیتوانیوە ئەو خواستانەی دەسەڵاتی هەنووکە تێپەڕێنێت کە ئێستا پیادەی دەکەن. لە دیتنی "ڤیلادیمێر تۆرێس"دا، پۆپۆلیزم نەك هەر هەڕەشەیە بۆ سەر دامەزراوەکان و خودی دیموکراسی "کە ئەو دووانە هێشتا دروشمن لە کوردستان

نـەك واقيـع"، لــە هــەمان كاتــدا هەڕەشــەيەكە لەســەر ئاسايــشی كۆمەڵايەتی، وەك ئەو دەريدەبڕێت "پۆپۆليزم هەڕەشەيەكی جيددييە لەســـەر ديموكراســـی، چـــوونكە دەبێتـــە مايـــەی دابەشـــبوون و جەمـسەرگيريی و نـاليبوردەيی و دژايـەتيكردنی فرەيـی، هـەروەها لەسەر كەڵكوەرگرتن لە درز و كەلێنـە چينايەتی و رەگەزيی و ئيتنی و دابەشبوونی شار و گوندەكان گەشە و نەشونما دەكات".

لــە كوردســتان ئێمــە بــەرونی ئــەوە لــە گووتــاری دەســەڵات و ئۆپۆزيسيۆندا دەخوێنينەوە، چۆن هەريەكێكيان بە نۆرەی خۆی كار لەســەر تۆخكردنــەوەی ئــەو نەزعــە پۆپۆليــستييە دەكــات و دەيــەوێ بيكاتــە گووتــار و جيهــانبينی سياســيی باڵادەســت، لەوانەيــە رێگــە بــەخۆم بدەم و بڵێم لـە كوردسـتان هـاووڵاتی بـوونی نييـە، "چـەمكی هـاووڵاتيبوون بابـەتێكی ئيـشكالييە و لێـرەدا ناگەڕێمـەوە سـەری"، ئــەوەی هەيــە جــەماوەرە يــان گەلێكــە كــە كەوتۆتــە ژێــر هــەژمونی ئايدياى تەوژمە راست و چەپ و ئيسلامييەكانی پۆپۆليزمـەوە، بـەڵام روونــتر لــە كارنامــەی ئــەو هێزانــەی خۆيــان لــە ژێــر ناونيــشانی ئۆپۆزيـسيۆندا مانيفێـست كـردووە، بـەر ئـەم پۆپۆليزمـە دەكـەوين و هەستی پێ دەكەين.

ئەگەر وردبينەوە لەو گووتارە ميدياييەی ئەو لايەنانە لـە نزيكـەوە بەو فاكتە ئاشنا دەبين، چۆن ئۆپۆزيـسيۆنی سياسـيی لـە كوردسـتان كەوتۆتـە نێـو گێژاوی كورتبينی راميـاريی و نـاروونی ستراتيژ و بـێ بەهاكردنی دامەزراوەكان "ئەگەرچی وەك پێويستيش نين" كە هەموو ئەمانـە خەسـڵەتی سـەرەكيی رەوتـە پۆپۆليـستييەكانن. پرۆفيـسۆر

دیسپاسۆتۆ پێیوایە: پۆپۆلیستەکان جیهانبینییەکی سادەیان هەیە، واقیعەکە بەو جۆرە دەبینن سەرکردەیەکی بەهێز دەتوانێت سەرکردایەتی نەتەوە بکات و بە باشترین شێوە بەرژەوەندییەکانیان بهێنێتەدی کە سیاسەت مەسەلەیەکی سادەیە و تەنیا کردەوەی پێویستە. پۆپۆلیستەکان رکابەرەکانیان بە گەندەڵ و بە بەشێك لە کێشە گەورەکە دەزانن، لەبەرئەوە لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا پێیانوایە هەڵبژاردن کۆسپە لەبەردەم چارەسەرییدا.

ئەگەر بەوردی سەیری پراکتیکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن بکەین "رۆشنبیری کورد بەشێکە لە ئۆپۆزیسیۆن"، دەیانەوێ بە چەند ئەکشنێکی کودەتا ئامێز و بەناوی گەلەوە هەوڵی گۆڕینی قوچەکی دەسەلاتی سیاسیی بدەن، ئەم نموونەیە لە رووداوەکانی ١٧ی شوبات و رۆژانی دواییدا بە زەقی دەبینرا، کە چۆن چەند سەد کەسێك بەناوی تێکڕای گەلەوە وتاریان دەدا و شەرعیەتی یاسایی حکوومەت و پەرلەمانیان دەخستە ژێر پرسیار. لێ دوای پێنج ساڵ سەرۆکایەتی هەرێم و پاشتریش لە ئەمساڵدا پەرلەمان شەرعیەتی یاساییان نەما، بەلام لەگەڵ ئەوەدا گووتاری پۆپۆلیستی ئۆپۆزیسیۆن یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ ئەو بارودۆخەی هاتۆتە پێشەوە، چوونکە ململانێکە بەهەمان کەرەستە و میکانیزمی دەسەلاتە پۆپۆلیستییەکەیە. رێگای تر لەدەرەوەی رێگاکانی پۆپۆلیزم و زیهنیەتی دەسەلاتی ئێستا، شك نابەن. بەکورت و کرمانجیی هەردوولا، واتا لایەنی ئۆپۆزیسیۆن "بێگوومان بە رۆشنبیرانیشەوە" لەگەڵ لایەنی دەسەلات، دوو مۆدیلی سیاسیی

جیاواز نین، بەڵکو هەردووکیان لەسەر ئەو کەلەپوورە کلاسیکییەکەی بزووتنــەوەی شۆڕشــگێڕیی دەژیــن کــە لــە بناغــەوە یــەکێك لــە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم دۆخە.

## رۆشنبیرانی پۆپۆلیست لە کوردستان

رۆشــنبیرانی کــورد ئــەو مۆدیلــەیان ســەپاندووە بەســەر خــودی خۆیــان و کایــەی رۆشــنبیریی کوردییــدا، یــەکێك لــە مەرجــەکان یــان یــەکێك لــە کــارە هــەرە ســەرەکییەکانی رۆشــنبیر بەرهەڵــستکاریی دەسـەڵاتە، ئەمـە خـۆ حەپسکردنە لـە بازنەیـەکی داخـراو و بچووکدا، چوونکە کاری رۆشنبیریی تەجرید دەکات لە هەر وەزیفەیەکی تر یان لـە ئـەرکی سـەرەکیی خـۆی کـە بریتییـە لـە بەرهـەمهێنانی مەعریفـە لەهــەموو بــوارە جیاوازەکــانی ژیانــدا. نامــەوێ ئــەوە بڵــێم کــاری رۆشـنبیریی بریتی نییـە لـە رەخنـە، بەپێچەوانەوە کاری رۆشـنبیر لـە هــزرینی منــدا بریتییــە لــە هەڵــسەنگاندنی دنیــا و پێــدراوەکان بــە دیدێکی رەخنەگرانە، بـەڵام رەخنەیـەکی فراوان و هەمەلایەنە و دوور لـە تەرەفداریی. کـاری رۆشـنبیر بریتیـی نییـە لـە بـوون بـە بەشـێك لـە ئەجینـدای هێـزە بەرهەڵستکارەکان. ئەگـەر بـەروونتر قسە بکـەین لـە رۆشنبیر لە حاڵەتی کوردیدا ئەو کەسانەن دەسـەڵات سووك دەکـەن و دڵــداریی لەگــەڵ جــەماوەر دەکــەن، بەمانایــەکی تــر هــەر کــارێکی تــر بکـەیت چـەندێك ئـەکتیڤ بیت لـە کایـەی رۆشنبیریـشدا بـەجۆرێك لـە جۆرەکان "کۆیلە"یت!!.

تراژیدیاکە لەوەدایە رۆشنبیرانی کورد زیاد لە پیاوانی سیاسەت بەشدارن لە بەرهەمهێنان و رەواجدان بە گووتاری پۆپۆلیستی، لەو سۆنگەیەی رۆشنبیری کورد خۆی بە نوێنەری ویژدانی خەڵك و گەرووی گەل شوناس دەکات، لە کاتێکدا دووانەی گەل و دەسەڵات جمکێکی پێکەوە بەستراون، کولتووری دیموکراسی بریتییە لە پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی لەنێوان دەسەڵات و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەبێت، هەرچی پۆپۆلیزمە دەیەوێ قڵشت بخاتە نێوان ئەو دووانەیە. بۆ ئەوەی بەدکەڵکی لە دنیابینی ئێمە وەرنەگیرێت ناڵێم رۆشنبیر بۆی نییە داکۆکی لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بکات، یان هەڵوێستی نەبێت لەمەڕ رووداوە گرنگەکان، بەڵام لێرەدا دەبێت بە دیقەت بین و بە ئاگاییەوە خاڵ بخەینە سەر پیتەکان کاری رۆشنبیر قسەکردن نییە بەناوی گشتەوە بەڵکو قسەکردنە لەسەر کۆی شتەکان.

رۆشنبیرانی کورد لە کەشوهەوایەکدا نەشونمایان کردووە، کەوتوونەتە دوای جەماوەر، بەشێوەیەکی گشتیش جەماوەر سروشتێکی مێگەلی هەیە و هەندێك پێیانوایە خەسڵەتێکی سۆزانیانەی هەیە. ئەرکی رۆشنبیر رۆڵگێڕانە لە رۆشنکردنەوەی جەماوەر لە رێی بیرۆکە و تەرحی نوێباوەوە، نەك دوای عاتیفەی هەڵچووی جەماوەر بکەوێت یان بەشێوەیەك لە شێوەکان هەوڵی خۆگونجاندن بدات لەگەڵ خەسڵەتە مێگەلییەکەی خەڵك، بەڵکو ئیشی ئەسڵی رۆشنبیر گۆڕینی سروشتی دەستەمۆیی و مێگەلی جەماوەرە، ئەم کردەیەش بە دروشم و گووتارە پۆپۆلیستییەکان

ناکرێت، بەڵکو بە شیتاڵکردن و شرۆڤەکردنی دنیا و رووداوەکان و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکەکان و گۆڕینی خەیاڵدانی خێڵەکیی و ئاینیی بۆ خەیاڵدانێکی مەدەنی و شارستانی دەبێت. لەم نێوەندەدا دەتوانین حاڵەتی کوردیی بە مەرگەساتێك بچووێنین، چوونکە لە دیتنی دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆن و رۆشنبیرانیشدا جەماوەر بە توێژێکی داماو و پاسیڤ پێناسە دەکرێت کە دەبێت یەکێکی تر بەناوی ئەوەوە بدوێت، یان زۆرجار وەك گای ئیسپانی بە پەڕۆیەکی سوورباو شێتی دەکەن و هەر کات ویستیان پەڕۆکە لا دەبەن و هێوری دەکەنەوە.

د.عەبدولحەمید ئەلئەنساری، پێیوایە ئەوانەی بە گووتاری پۆپۆلیستی پەمپ و جۆشی جەماوەر دەدەن، نەك دڵسۆزی جەماوەر نین، بەڵکو لە بناغەوە یاریی بە عاتیفەی گشتیی دەکەن و خاوەنی روئیایەکی دیماگۆگین. لە وتارێکیشدا دەنووسێ "وتاری پۆپۆلیستی وتارێکە دوورە لە ئاوەز و پڕە لە دنەدان و هاندان و ورووژاندن و دروستکردنی رك و کینە، ئامانجی ورووژاندنی هەستی خەڵك و پڕکردنێتی لە دوژمنایەتی بۆ ئەویتر.. سەرکردەی پۆپۆلیست رێبەریی خەڵك ناکات، بەڵکو جەماوەر رێبەریی ئەو دەکات، سواری کۆڵی شەپۆلی جەماوەر دەبێت، جەماوەر راست بێت یان هەڵە ئەو هەر کلکەسوتێی بۆ دەکات". رۆشنبیرانی کوردیش بەهەمان شێوە، بگرە لەوە نێگەتیڤتر ئەوەیە کە رۆشنبیرانی ئێمە نەك سەرقاڵن بە بەرهەمهێنانەوەی گووتاری پۆپۆلیستی لە فۆرم و ژێر ناوی جیا جیادا، بەڵکو لە زۆرترین حاڵەتدا هەر خودی خۆیان ئەو

کارەکتەرەشن ڕۆڵی رابەرە پۆپۆلیستەکان دەگێڕن و سەرکردایەتی جوڵەی شەقام دەکەن، بێ ئەوەی بپرسن ئایا ئەو جووڵە ڕەوایی هەیە یان نا؟ بێ ئەوەی بیر لە ئاقیبەتی ئەو ئەکشنە بکەنەوە کە ئەمان بە وتاری گڕدار جەماوەری سادە بەشێوەیەکی دیماگۆگی پڕ دەکەن لە کینەی وەهمی و تابلۆی یۆتۆپی "شەیتانی گەورە".

ئەگەر ئێمە لە نێوەندی ڕووناکبیریی کوردییدا ئاڕاستەیەك لەو ڕۆشنبیرە پۆپۆلیستانە دیاری بکەین، باشترین نموونە گرووپی "ڕەهەند"ە، بەڵام بۆچی ئێمە گرووپی ڕەهەندمان کردە سەمپڵ؟ لەبەرئەوەی خاوەنی سەرەکیی ئەو گووتارە پۆپۆلیستییە ئەو گرووپەن و هەژموونیشیان هەیە بەسەر کۆی سیمای ڕۆشنبیریی کوردییدا لانیکەم لە باشووری کوردستان، لە هەمانکاتدا زۆرترین کاریگەرییان لەسەر نەوەیەك دروستکردووە کە هەموو جوڵەیەکی شەقام لەدەستیاندایە. دەکرێ بڵێین هەر ئەو گووتارە ڕەهەندییە پۆپۆلیستییە سەرکردایەتی هەموو ئەو جوڵانەوانە دەکات بەناوی جەماوەرەوە دەپەیڤن. ئیشکالیەتی گرووپی ڕەهەند بەتایبەت "مەریوان وریا قانع، ئاراس فەتاح" بەپلەی یەکەم "ڕێبین هەردی و فاروق ڕەفیق" بە پلەیەکی تر ئەوەیە پێیانوایە هەرچی چەمك و دیاردەی کۆمەڵگەی کوردیی هەیە، بەشێوەیەکی هەڵە پێناسەکراون، ئەمان جارێکی تر پێناسەیەك بەپێی ویست و دڵخوازی خۆیان بە بالآیدا دەبڕن، پاشتریش هەموو شتێك لە دامەزراوەکان دەسەننەوە و دەیدەنە دەستی شەقام و جەماوەر "وەك ئەوەی لە ١٧ی شوباتدا بەڕوونی بینرا".

سیمای زاڵ بەسەر ئەدگاری رۆشنبیریی کوردییدا ئەو فۆرمە پۆپۆلیستییەیە گروپی "رەهەند" بەهاوکاریی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەسەریاندا سەپاندووە، دەکرێت بڵێین ئەو گەنجانەی بوونەتە نەواتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی لە باشووری کوردستاندا، بە تیۆر و روانگەکانی ئەوان پەروەردە و ئامادەکراون، یان لەژێر هەژموونی تێزە پۆپۆلیستییەکانی رەهەنددان. جیاواز لەمەش دەنگی تر هەیە لە کایەی رووناکبیریی کوردییدا بەڵام لەناو غەڵبەغەڵبی ئەو فەزا پۆپۆلیستییەدا سەدایان خنکێنراوە و ناگاتە هیچ کوێ، بەشێوەیەکی سروشتیش جەماوەر مغازەلەکردنی پێ خۆشە و زیاتر دەکەوێتە ژێر رکێفی ئەو تێزە ستایشگەرانەی بە مەغدووریەتیدا تەرح دەکرێ، یان ئەو لاواندنەوە رۆشنبیرییەی تەنیا لە دنیای کورییدا بوونی هەیە بۆ راکێشانی عاتیفەی جەماوەر. لەم روانگەوە رۆشنبیرانی ئێمە پاژنەی ئەخیلی خەڵك یان جەماوەریان دۆزیوەتەوە و کار لەسەر رۆشنکردنەوەی ناوچەکانی بیرکردنەوەی تاك ناکەن، بەڵکو هەموو هەوڵێکیان بۆ وروژاندنی جوگرافیاکانی هەست و سۆزە.

لە کورتترین دەربڕیندا دەمەوێ ئەوە بڵێم، رۆشنبیریی سائیدی ئەمڕۆی باشووری کوردستان ئەو رۆشنبیرییە پۆپۆلیستییە کە ناتوانێت لەگەڵ دنیای مودێرن و رۆحی دیموکراسییدا هەڵبکات، لێ بۆ من دیموکراسیی نموونەیترین سیستم نییە، بەڵام لەحاڵی حازردا تاکە سیستمی باڵادەستە کە زۆرترین دەستکەوتی بۆ مرۆڤ و ژیانێکی شایستە دەستەبەر کردووە. نەۆ مەیدانەکە بەدەست ئەو

ڕۆشنبیرانەوەیە تاکی کوردیی و زیهنیەتی کوردیی بە رق و کینە دەئاخنن، هەر بۆیە سێکتەرەکانی تری ژیان بەرەو وێرانبوون دەچن، چوونکە ڕۆشنبیر مەیدانی خۆی گواستۆتەوە بۆ چالاکی سیاسیی و بەرهەمهێنانی دیسکۆرسی پۆپۆلیستی، نەك هەر بووەتە پاشکۆی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی، ئەو ڕوانگە پۆپۆلیستییە کردوویەتی بە پاشکۆی جەماوەریش. کارەساتەکە لێرەدا چەند قات گەورەتر دەبێتەوە.

## ئەنجامگیریی

شتێك کە دەبوو پێشتر ڕوونی بکەمەوە، ئەوەیە: من جیاوازیی دەبینم لەنێوان ڕۆشنبیر لەگەڵ ڕۆژنامەوان و ئەکتیڤیستە مەدەنییەکان، چوونکە ئەو تێکەڵکارییە هەیە لە تێڕوانینی گشتییدا، پێشتر لەسەر درمەکانی نێو ڕۆژنامەوانان قسەم هەبووە، کە لەبری وروورژاندنی پرسیار، کاریان بووە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی دەشێ خۆیان لە جێگەیەکی تر و لە کەسانی تر وەریبگرن، هەروەها ڕۆڵی ڕۆشنبیریش لە بری تیۆریزەکردنی پرسیارە جیددییەکانی ناو کۆمەڵگە لە بۆتەی تێز و تەرحی نوێدا، کاریان بووە بە جوینەوە و بەرهەمهێنانی دیدگایەکی پۆپۆلیستی ترسناك، کە لە هەگبەکەیدا تەنها شکاندنی شکۆ و بەهای هەموو شتێکی هەڵگرتووە، تەنانەت خاڵییە لە ئەڵتەرناتیڤ و جێگرەوە.

ڕۆشنبیری کورد زیاتر کەسێتییەکی باکۆنینی هەیە و ئەنتی دەسەڵاتە بەمانای "بۆردیۆ"یەکەی، بەڵام ئەم ئەنتی دەسەڵات بوونە،

لـه خۆيـدا پڕۆژەيـەكى فيكريـى نييـە، بـەڵكو هـەموو وەزيفـەى ڕۆشـنبيريى لـە دژايـەتيكردن و دێوانـدنى دەسـەڵات و دڵـداريكردن لەگـەڵ جـەماوەردا كـورت كردۆتـەوە. هەرچـەند لـە ڕوانگـەى "پييـەر ئەنـدرێ" گووتـارى پۆپۆليـستى گووتارێكـە سـەد دەر سـەد دژى نوخبە، لەگەڵيدا ئەو گووتارە سياسەت بەكارێكى ئاسان و لە تواناى هـەر كەسێكدا دەبينێت، بـەڵام هێشتاكە نوخبـەى ڕۆشـنبيريى كـورد هـەروەك دۆنكيـشۆت بەسـوارى گوێدرێژەكەيـەوە خـەون دەبينێـت و سـەرقاڵە بـە موغازەلـەكردنى شـەقام و جـەماوەر. كارەساتەكە لەوێدا تـاڵتر خـۆى دەنوێنێـت ئـەو تـەرزە ڕۆشـنبيرە خۆيـان بـە نوێنـەرى ديموكراسـى لەقەڵـەم دەدەن، بـەڵام بێئاگـان لـەوەى كەوتوونەتـە گۆماوى ليخنى پۆپۆليزمەوە.

-٣-

## رۆشنبیری کورد لەنێوان گۆڕینی دنیا و خەونی دەسەڵاتدارێتیدا

**رۆڵی رۆشنبیر گۆڕینی دنیا نییە بەڵکو بەوەفا مانەوەیەتی بۆ ئامانجێك کە پاراستنی بۆ ئەخلاقیاتی مرۆڤ پێویستە**

**ئارۆت**

قسەکردن لەسەر خودی رۆشنبیریی و رۆڵی رۆشنبیر تا دوا ئەندازە پڕ گریێ و گۆڵ و ئیشکالییەتە، چوون یەك بۆچوون و دیتنی کۆنکرێتی نییە بۆ پێناسەکردنی رۆشنبیر و رۆڵی رۆشنبیر لە کۆمەڵدا. پرسیاری رۆشنبیر کێیە و رۆڵی چییە؟ پرسیارێکی نوێ نییە، وەك نوێش نییە، بۆ ئەم پرسیارە سەدان وەڵامی جیاجیا لەروانگەی جۆراوجۆرەوە هەن، لەوانەشە هەروا بە ئاسانیی نەگەینە بڕوایەکی کۆنکرێت، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنێ روانگەی جۆربەجۆری نووسەران و بیرمەندان خۆیانە کە لەکام سووچ و گۆشەوە دەڕواننە خودی رۆشنبیر و رۆڵی ئەو لە هەناوی واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا.

لەدۆخی کوردییدا لەبەرئەوەی هێشتا تازە بەتازە پەنجەرەکانی بیری نوێ بە رووماندا دەکرێتەوە و تازەکی تەوژمە فەلسەفییەکانی

دنیامان پێدەگات، تا ئەندازەیەك پرسیارکردن لەمەڕ ڕۆشنبیر و ئەرکەکانی پرسیارێکی کۆن نییە، رەنگبێ پرسیارێکی تازە و گرنگ بێت کە نووکە رۆشنبیرانی کورد لەخۆیانی بکەن، ئایا ئێمە رزگارکەر و رێنوێنیکاری جەماوەرین یان بەپێچەوانەوە ئێمەش تاکێکی ئاسایی وەك هەموو ئەوانی ترین؟، تازە رۆشنبیری کورد عەودالە بەدوای ئەوەی رۆڵی ئەو رۆڵی پێغەمبەرێکە یاخۆ تەنیا رۆڵێکی ئاسایی هەیە و وەك هەموو پیشەوەرێکی تر بەنۆرەی خۆی رۆڵێك دەگێڕێت؟.

بەرسڤی ئەم پرسیارانە ئەگەرچی نەبووەتە بابەتی مشتومڕی جیددی و گەرم لەنێو ناوەندی رۆشنبیریی کوردییدا، بەڵام ئەمڕۆ یان سبەی بێت، پێویست دەکات رۆشنبیری کورد لەژێر کلاّورۆژنەی تەرز و بیر و فەلسەفەی نوێی جیهانی خۆی پێناسە بکات و سنووری کار و چالاکییەکانی بە کۆنکرێتی دیاریی بکات، چوون هەتا ئێستا رۆشنبیری کورد رۆڵێکی پێغەمبەرانە و پێشڕەوانە ئەدا دەکات نەك بەئەرکی راستەقینەی هەستابێت کە بەبڕوای من دۆزینەوەی تێز و بیرۆکەی نوێیە لە بواری کاری خۆیدا. رۆشنبیری کورد هێندەی رەوایی لە "هەق گوتن" و بەرامبەر وەستانەوەی دەسەڵاتەوە وەرگرتووە، بەچارەگی ئەوە خاوەنی رەوایی زانستیی و گووتاری زانستیی و داهێنانی نویێ و خستنەرووی تێزی نوێ نییە.

کەوابوو ئەم تەرزە رۆشنبیرە جیا لەوەی رۆشنبیرێکی تەقلیدییە، دەبێت پێشکات بەخۆیدا بچێتەوە، ئەویش لە رێی پرسیاری من وەك رۆشنبیر کێم؟ کار و ئەرکم لە کۆمەڵگەدا چییە؟ من دەتوانم

نوێنەرایەتی بکەم یان نا؟، کە بەداخەوە تا بە ئێستا دەگات رۆشنبیری کورد خاوەنی ئەم پرسیارانە نییە، بەڵکو ئەفسوس بەردەوامە لەسەر نەریتی سواو و قەوانەکەی خۆی کە بریتییە لەدوان بە ناوی گشت و سەرجەم مرۆڤەکانی کۆمەڵگاوە، بەبێ ئەوەی پرسیاری لەخۆی کردبێت ئاخۆ ئەوانەی بە ناویانەوە دەدوێت قایلن بەوەی کەسێك بەقەڵەمێکەوە ببێتە دەمڕاست و نوێنەریان؟ ئاخۆ جەماوەر رەوایی بەو دەدەن بە ناویانەوە خواست و داواکاریی بخاتە روو؟.

### رۆشنبیر کێیە؟

ئاسان نییە بڵێین رۆشنبیر ئەو کەسەیە فلاَن کار دەکات یان فیسار وەزیفەی هەیە، چوون بمانەوێت یان نا روانگەی دژ بەیەك وەلاَمی ئەو پرسیارەی سەرەوەیان داوەتەوە، لە دیدی مۆدیلی مارکسیزمی رووسییەوە رۆشنبیر رێنوێنیکاری چینی پڕۆلیتاریا و ئالاَ هەڵگری شۆڕشی سووری سۆسیالیستییە و بە دوایدا چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ لە پشتییەوە هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە دەنێن. بەبڕوای "ئەنتۆنیۆ گرامشی" فەیلەسووف و مارکسیستی ئیتاڵی رۆشنبیر دەستەیەکی بچووك نین لەکۆمەڵگەدا، بەڵکو هەموو مرۆڤەکان رۆشنبیرن، بەلاَم هەموویان وەزیفەی رۆشنبیر نابینن. "ئیدوارد سەعید" لەبارەی ئەم هزرینەی "گرامشی"یەوە دەڵێت "گرامشی تێدەکۆشێت، تا ئەوە بسەلمێنێت کە دەتوانین ئەوانەی وا لەناو کۆمەڵگادا رۆڵی رۆشنبیر دەگێڕن، بکەین بەدوو بەشەوە:

گروپی یەکەم رۆشنبیرانی نەریتپارێزی وەك مامۆستا و مەلا و کاربەدەستانی دەوڵەتی، ئەمانە ئەرکێك بەجێدێنن نەوە لەدوای نەوە لەسەر شانیان بووە. گروپی دووەم وەك ناویان لێدەنێت، رۆشنبیرانی رێکخراو. ئەم گروپە لەروانگەی گرامشییەوە بەتەواوی وابەستەی ئەو چین یان دەزگایانەن کە لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندیی و بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵاتی زیاتر کەڵك لە رۆشنبیران وەردەگرن".

بەڕوای پێچەوانەی گرامشی و بیرۆکە سۆسیالیستیەکەشی لە ئارادایە، کە ئیدوارد سەعید نموونەی "ژولین بیندا"ی بیرمەندی فەرەنسی دەهێنێتەوە، چوونکە بیندا بەپێچەوانەی "گرامشی" بیر دەکاتەوە و پێیوانییە رۆشنبیران گروپێکی بەربڵاوی خەڵك پێکبهێنن و هەموو کەس رۆشنبیر بن، بیندا وا بیر دەکاتەوە رۆشنبیران ئەڵقەیەکی بچووکی خەڵك پێکدەهێنن و وەزیفە و پلە و جێگایەکی باڵاتریان هەیە لەمرۆڤە ئاساییەکان. بیندا ئەم روانگەیەی لە کتێبی "ناپاکیی رۆشنبیران" کە ساڵی ١٩٢٧ بڵاوبۆتەوە زۆرتر روونده‌کاتەوە و دەنووسێت "رۆشنبیرانی راستەقینە ئەو کەسانەن ئامانجی چالاکییەکانیان بۆ جێبەجێکردنی مەبەستێکی زانستیی نییە، ئەمانە پتر بەختەوەریی لە پرۆسەکردنی هونەر یان تێڕوانینێکی میتافیزیکیدا دەبینن، بە کورتی چەند خەسڵەتێکی ناماددییان هەیە، لێرەوە ئەوان بەشێوەیەکی تر دەڵێن مەملەکەتی ئێمە لەم جیهانەدا نییە". دیتنی بیندا، دیتنێکە بازنەی رۆشنبیر تەسك دەکاتەوە بۆ دەستە و گروپێکی کەم لەکۆمەڵدا، هەم دابڕاو و

گۆشەگیرن، هەم وا دەهزرێن جێگەی ئەوان لەم دنیایەدا نییە، بەڵام وەزیفەیان لە روانگەی ئەوەوە داکۆکیکردنە لە راستی و ماف هەموو ئەوانیتری ستەملێکراو و بێدەنگکراو.

تەنیا ئەم دوو پێناسەیەمان نییە بۆ رۆشنبیر، نەخێر سەدان پێناسەی تر لەسەروەختی جیاجیادا بۆ ئەم کائینە کراون. "ماکس ڤیبەر" بڕوای وایە "رۆشنبیر ئەو کەسانەن توانا و حەزی تایبەتیان هەیە و دەتوانن بەرهەمی رۆشنبیریی بەهادار پێشکەش بە مرۆڤ بکەن"، لای شەمسی تەبرێزی "ئەهلی ئەندێشە ئەو دانایانەن بۆ بەرژەوەندیی خەڵك بیر دەکەنەوە"، ئەم پێناسەیە هەمان پێناسەی "محەمەد حەسەنین هەیکەل"ی رۆژنامەوانی ناوداری میسریمان بۆ رۆشنبیر بیر دەخاتەوە، ئەو ئاوها پێناسەی رۆشنبیر دەکات "ئەو کەسەیە خەمی لە کەسانی ئاسایی زیاترە، ئەو شتانەشی بەلایەوە گرنگن سنووری بەرژەوەندییە خودییەکان دەبەزێنن، بەمەش هەست بە خەمی کەسانی تر دەکات و لەو ماف و حەقانەیان ئاگاداریان دەکاتەوە کە خۆیان کوێربوون لە ئاستیدا".

سەرەڕای بوونی چەندان پێناسەی جیا بۆ رۆشنبیر، دەتوانین کۆی پێناسەکان دابەشبکەین بۆ سەر دوو ئاڕاستەی سەرەکیی. ئاڕاستەی یەکەم: رۆشنبیر بە مرۆڤێك دەداتە قەڵەم سەرباری کارکردنی لە بواری فیکر و مەعریفە، لایەنگریی لە ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان دەکات و هۆشیاریان دەکاتەوە سەبارەت بەمافەکانیان. ئاڕاستەکەی تر پێیوایە رۆشنبیر بەتەنێ مرۆڤێکە زانست و مەعریفە بەرهەمدەهێنێت نەك رۆڵی پێشەوا و پێغەمبەر ئەدا بکات.

## ڕۆڵی ڕۆشنبیر

میشێل فۆکۆ، گەورە هزرمەندی هاوچەرخی فەرەنسیی، دەڵێت "ڕۆشنبیر و چەپ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، ئەم مافەیان بۆ خۆیان بە ڕەوا دەبینی وەك هەڵگری ڕاستیی و دادپەروەریی قسە بکەن، ڕۆشنبیر هەست یان ویژدانی هەمووان بوو". ماوەیەکی دوور و درێژ ڕۆشنبیر مافی بەخۆی دابوو بەناوی جەماوەرەوە قسە بکات و بە ناوی داکۆکیکردن لە خواستەکانی جەماوەری بەشخوراوەوە شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتدارەکان و فەرمانڕەوایان بکات، کاتێکی زۆری خایاند تا ڕۆڵی ڕاستەقینە گەڕێنرایەوە بۆ ڕۆشنبیر، چوونکە پێشان جیا لەبەرهەمهێنانی مەعریفە، سەرکردایەتیکردن و هەڵوێست وەرگرتن و داکۆکیکردن لە هەقی هەموو ئەوانیتر لەئەستۆی دانرابوو. پێشتر وا بیریان لە ڕۆشنبیر دەکردەوە دەبێت بە زانستەکەی یان بەو چەکە مەعریفییەی دەستی دنیا بگۆڕێت، هەر خۆیشی ئەو ئەکتەرە بێت بەو ئەرکە هەڵسێت.

بەبڕوای من ڕۆشنبیر دنیا ناگۆڕێت و ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەو گۆڕینی دنیا نییە، ڕۆشنبیر زانست و مەعریفەیەك بەرهەمدەهێنێت پێماندەڵی چۆن دنیا بگۆڕین و بۆچی دەبێت دنیا بگۆڕین؟. ئەگەرنا خۆی هەمان ئەو کارەکتەرە نییە بە ئەرکی گۆڕینەکەش هەستێت، بە دەربڕینێکی تر ڕۆشنبیر دنیابینی ئێمە بۆ ئەو ژیانەی تێیداین دەگۆڕێت نەك خودی ژیانەکە بگۆڕێت، پێماندەڵێت چۆن بیگۆڕین نەك خۆی ببێتە شۆڕشگێڕ و جەماوەر لە دەوری خۆی بۆ گۆڕینی واقیع کۆ بکاتەوە، هەرکات ئەم کارەی کرد لەڕۆشنبیرەوە بووە بە

سیاسەتمەدار و شۆڕشگێڕ. ڕۆشنبیر تیۆری ناسینی ژیان و سیستمەکان بە هەموو داد و بێدادییەکانییەوە گەڵاڵە دەکات.

"فەیسەڵ دەڕاج"ی نووسەری ناوداری عەرەب جەخت لەسەر هەمان ئەم ڕوانگەیە دەکاتەوە و دەربارەی ئەدەب دەڵێت "ئەدەب واقیع ناگۆڕێت، لەو باوەڕەدام خراپترین تێزی ڕیالیزمی سۆسیالیست ئەم وتەیەتی: ئەدەب واقیع دەگۆڕێت. واقیع تێکۆشانی سیاسیی دەیگۆڕێت، بەڵام ئەوەی ئەدەب دەیکات گۆڕینی دید و بۆچوونە بۆ واقیع، بەڵام واقیع ناگۆڕێت". ئەگەر ڕۆڵی ڕۆشنبیر کورت بکەینەوە لەدێڕێکدا بریتییە: لەکارکردن لە کێڵگەی زانستیی و مەعریفییدا، بە ئامانجی بەرهەمهێنان و هێنانە ئارای دید و بۆچوونی نوێ سەبارەت بە ژیان و چەمکەکانی، لەوە بەولاوە لەسەر ڕۆشنبیر نەکراوە بەمەرج هەر دەبێت ڕۆڵی هەبێت لەجووڵەی سیاسیی یان لە کاراکردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی، چوون وەك پێشتریش لەکورتە نووسینێکی تردا هێمام بۆ کردووە، ڕۆشنبیر تەنێ مومارەسەی تاکە ئیشێك دەکات هەروەك چۆن ئاسنگەر یان شۆفێرێك مومارەسەی پیشەکەی خۆی دەکات، چۆن لەسەر شۆفێرێکی تاکسی پێویست نەکراوە لەپەنا کارەکەیدا دنیا بگۆڕێت و ڕۆڵی پێشەنگ ببینێت لە داکۆکیکردن لەوانی تر، هەمان شت بۆ ڕۆشنبیر هەر ڕاستە. کەوابوو ئەگەر بڵێین ڕۆڵی ڕۆشنبیر چییە؟ وەڵامێك زیاد لەهەموویان لەپیشەی ڕۆشنبیرەوە نزیك بێت و لەگەڵی بگونجێت ئەوەیە: ڕۆشنبیر مەعریفە و ڕۆشنبیرییەك

دروستدەكات كە مەعریفەی ناسینی دنیا و سیستمە كۆمەلآیەتی و سیاسییەكانە.

## رۆشنبیری كورد و خەونی دەسەلآتدارێتی

گۆشەنووسی رۆژنامەی "شەرق ئەلئەوسەت، "خالد ئەلقشتینی" لەیەكێك لەگۆشەكانیدا نووسیبووی "ئەوەی پیتێكت فێر بكات دەتكاتە كۆیلەی خۆی". ئەم وتەزایە پێش هەموو كەس بەسەر رۆشنبیری كورددا دەچەسپێ، چوون ئێمە خاوەنی كۆمەڵە رۆشنبیرێكین دەخوازن ژمارەیەكی بێ ئەندازە مرۆڤی كورد بكەنە كۆیلەی وشە و چەمكەكانیان. ئەم رۆشنبیرە بەزمانی باو و بە عەقڵی خەڵكی عەوام و بەشێوەی كلاسیك و بە رووحی كولتووری میللیانە دەپەیڤێت و بیر دەكاتەوە، ئەو ناتوانێت وا لە خوێنەر بكات بیر بكاتەوە، بەڵكو جەماوەر وەهای لەو كردووە بەوشێوەیە بنووسێت و بپەیڤێت كە ئەو دەیەوێت، لەبری ئەوەی ئەو بەزانستەكەی جەماوەر ئاڕاستە بكات و رێوشێوێنیان بۆ دیاری بكات، هاوكێشەكە پێچەوانە بۆتەوە، چوونكە ئەو رۆشنبیرە نایەوێت مرۆڤی كورد وا لێبكات بیر بكاتەوە، ئەو دەیەوێت ئەو جەماوەرە دوای بكەون، بۆیە هەوڵی خۆ گونجاندن دەدات لەگەڵ گووتار و روحی سادە و میللیانەی خەڵك.

ئەم رۆشنبیرە كوردە بەناوی جەماوەرەوە قسە دەكات و بەناوی ئەوانەوە رەوایی دەدات بە خەونی كۆكردنەوەی ژمارەیەكی بێ ئەندازە لە دەروێش لە دەوری چەمكەكانی، لە كاتێكدا ژمارەیەكیان باش دەزانن ئەم رەواییدانە كلاسیكییە سەردەمی زێڕینی

بەسەرچووە و دەمێکە دەور و دوکانی پێچراوەتەوە. رۆشنبیری کورد خوازیاری کۆکردنەوەی زۆرترین رێژەی شوێنکەوتوو و لایەنگر و هەوادارە، بۆیە هەمیشە دەیەوێت لەپێشی پێشەوەی زۆرینەی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکاندا بێت، تەنانەت داکۆکیی لە هەندێ جوولە دەکات هیچ شەرعیەتێکی نییە، بەلام چوونکە هەم دژی دەسەلاتە و هەم خولیای کۆکردنەوەی جەماوەرە لە دەوری خۆی، رێ بەخۆی دەدات نەك بەشدار بێت بەڵکو رۆڵی پێشەنگ ببینێت.

رۆشنبیری کورد لەبری ئەوەی زانست و مەعریفە بەرهەمبهێنێت، سەرقاڵی پرۆسەی بەکاریزماکردنی خۆیەتی، هەمان ئەو کارانە دەکات سیاسییەکان دەیکەن، کارەساتەکە لەوێشدا گەورەتر دەبێتەوە رۆشنبیری ئێمە بۆ هەمان مەبەست، هەمان رێگا و میکانیزمە سواوەکانی سیاسییەکان بەکار دەباتەوە. رۆشنبیری ئێمە نایەوێت واقیع بە زانستیی شیبکاتەوە و کەموکوڕییەکانی بخاتە روو، رۆشنبیری ئێمە نایەوێت جیهانبینی تاك بۆ واقیع بگۆڕێت، بەڵکو خوازیارە واقیع بگۆڕێت و تاك بخاتە پشتی خۆی، چوونکە دەیەوێت دەسەلات بە دەستەوە بگرێت لە رێی جەماوەرەوە نەك بۆ جەماوەری بسەلمێنێت دەبێت دەسەلات چۆن بێت؟ دەسەلاتی گەندەڵ کامەیە؟ دەسەلاتی دیکتاتۆر کامەیە و چۆن دەبێتە دیکتاتۆر؟. چۆنیش دەتوانین دیموکراسی چێ بکەین؟.

بە گشتیی ئێمە شاهیدی جۆرێك لە رۆشنبیری کوردین، خۆی بەئەڵتەرناتیڤی سیاسییەکان دەزانێت و کێڵگەی رۆشنبیریی بۆ مەرامی سیاسیی بەکاردەهێنێت، ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی

وایکردووە کێڵگەی زانستیی و مەعریفیمان نەبێت، کە دواجار ئەمە دەبێتە هـۆی دارمـانی کۆمەڵگـە، وەك چـۆن ئێـستا لەحاڵـەتی کوردستانی ئەمڕۆدا بە روونیی هەستی پێدەکەین. بە بڕوای من رۆشنبیری کورد کار لەسەر فیکر ناکات، هێندەی ئالودەی سیاسەت بووە، ئەگەرچی مافی رۆشنبیرە سیاسیی تەنانەت حزبیش بێت، بەڵام وەرگەڕاندنی ئەرکی رۆشنبیر لە کێڵگەی فیکر و رۆشنبیرییەوە بۆ کێڵگـەی سیاسـیی خیانەتێکـە لـە خـودی رۆشـنبیر و ئـەرك و مەهامەکانی. رۆشنبیری کورد لەبری بنیاتنانی کۆمەڵگە لەرێی تیۆر و بـیردۆزەوە، خـەریکی داڕووخانـدن و داگیرکردنـی قـەڵاکانی سیاسەتە.

## رۆشنبیر و ئەرکی گۆڕینی دنیا

دەشێ لەو پرسیارە زۆر گوتراوەوە دەستپێبکەین، ئایا رۆڵی رۆشـنبیر گـۆڕینی دنیایـە لەرێگـەی جووڵـەی سیاسـییەوە یـان بەپێچەوانە یاخۆ چی؟ بێگومان دنیابینییە جیاوازەکان هەر یەکەیان لە روانگەی خۆیانەوە وەڵامێکیان پێیە، بەربڵاوترین و تەقلیدیترین بۆچـوون خـۆی لـەم روانگەیـەدا دەبینێتـەوە: رۆشـنبیر مرۆیـەکی پێشڕەو و پێشەنگە، رابەرایەتی داخوازییەکانی جەماوەری بێ زمان دەکات لەبەرامبەر بە فەرمانڕەوایان و هێزە باڵادەست و سەردارەکان. ئەمیل زۆلا لەساڵی ١٩٠٠ لە وتاری (من تاوانبار دەکەم)دا بەروونی جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکاتەوە و وەهای دەبینێت رۆشنبیر ئەرکێکی ئیتیکی لەسەرشانە لە داکۆکیکردن لەمافی مافخوراوان، زۆلا

ئەم روانگەیەی لەژێر کاریگەریی دۆسیەیەکی دیاریکراو (دۆسیەی ئەفسەری جوو، درایفۆس) گەڵاڵە و فۆرمۆڵە کرد و تێبینی ئەوەیکرد ئەرکی مۆراڵیی رۆشنبیرە دژی هەر بێدادییەك دەنگ هەڵبڕێت.

بە واتایەکی تر ئەوەی زۆلای هاندا لە فۆرمۆڵەی ئەو بیرۆکەیەدا، لە کەوتنە ژێر کاریگەریی سۆزەوە بوو نەك لە روانگەیەکی عەقڵانییەوە. بەڵام بە یارمەتی رێبازی سۆسیالیستی و لەژێر کاریگەریی دەوڵەتی شورەوی ئەم روانگەیە زیاتر تەشەنەی کرد، چوون لە دیدگای سەرکردە سیاسییەکانی بەڵشەفیکەوە رۆڵی رۆشنبیر هەمان رۆڵی سەربازێکە یان هەمان رۆڵی کرێکارێکی چەپڕەوە لە داکۆکیکردن لە سیستمی سیاسیی سۆڤێتی و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی سۆسیالیستیدا، ستالینییەت وا بیری دەکردەوە، چۆن سەربازێك بەهۆی تفەنگەکەیەوە سیستمی سۆسیالیستی دەپارێزێت و داکۆکی لە خەونەکانی چینی کرێکار دەکات، ئاوەهاش رۆشنبیر بەهۆی قەڵەمەکەیەوە هەمان کار رادەپەڕێنێت. ئەمەش پرۆسەی بە رۆبۆتکردنی رۆشنبیر بوو، بەو پێیەی وەزیفەی رۆشنبیریی و سەربازیی خرانە یەك ئاستەوە، کە هەموو فەرمان جێبەجێ دەکەن نەك بیربکەنەوە لە خودی فەرمانەکە و پرسیاری ئەوە بکەن بۆچی دەبێت ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن؟!.

ئەم مۆدیلە سۆڤێتییە نە تەنیا لەسنووری قەڵەمڕەوی بەڵشەفیکدا برەوی هەبوو، بەڵکو بەهەر چوار قوڕنەی دنیادا بڵاوبووەوە و کاریگەریی دانا، بەڵام لەم ناوچانە کە کەمتر کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی قوتابخانە خۆرئاواییەکانەوە ئەم روانگەیە زیاتر برەوی

هەبوو، بە بەراورد لەکۆمەڵگەکانی تری جیهان. (ماوتسی تۆنگ) لەو باوەڕەدا بوو نووسەر لە جەنگی ئازادیخوازییدا بەهۆی قەڵەمەکەیەوە دەجەنگێت، ئیدی قەڵەم ڕۆڵی تفەنگ دەبینێت، هێزێکە بۆ لەناوبردن یان بۆ بنیاتنانەوە، فاکتۆرێکە بۆ وێرانکردن یان بۆ گەشەکردن، لەوە بەولاوە قەڵەم هیچ کارێکی دیکەی لەدەست نایەت یان ناشێت لە دەستی بێت. هەروەك نووسەری گواتیمالایی (ئانخل ئاستۆریاس) دەیووت (داوا لە من دەکەن تاکوو لە سەنگەری ئەدەبییەوە، دەست بدەمە ڕەشاش و بەوشە گوللەباران بکەم).

ئەو دیدگایەی ئەرکی گۆڕینی دنیا دەخاتە ئەستۆی ڕۆشنبیر یان بە کاری ڕۆشنبیرییەوە دەیبەستێتەوە هیچی تری ناوێت جگە لەوەی ئاستۆریاس باسی دەکات، هیچ مەهامێك بۆ کاری ڕۆشنبیر و زانستەکەی ناهێڵێتەوە جگە لەوەی دەبێت ببێتە ئەکتەرێکی سیاسیی و ڕۆڵی هەبێت لەو ئاڵوگۆڕانکاریانەی لەچوار دەوری ڕوودەدەن. ئەمە لەلایەك داماڵینی خودی ڕۆشنبیرە لە ئەرکی ڕاستەقینەی، لەلاکەی تریش بەتاڵکردنەوەی ئەو مەعریفە بێلایەن و سەربەخۆیەیە کە ڕۆشنبیر لەئەنجامی خوێندنەوەی بۆ دیاردەکان پێی گەیشتووە و ئاشکرای کردووە. سیاسییەکان دەیانەوێت ڕۆشنبیر تێوەبگلێت و بابداتەوە بە لای سیاسەتێکی ڕووتدا، چوونکە بەم کارە هەم ڕۆشنبیر دەخەنە ڕیز و سەنگەری نەیارە سیاسییەکانەوە، هەمیش زانستە سەربەخۆکەی دەخەنە قاڵبی ئینحیاز و لایەنگریی بۆ دید و مەیلێکی سیاسیی دیاریکراوەوە بەمەش هیچ بەهایەك بۆ زانستەکەی نامێنێتەوە.

ڕۆشنبیر مرۆڤێکی ئاساییە وەك هەر مرۆڤێکی تر، دەتوانێت وەك مرۆڤ، سیاسیی بێت، بازرگان بێت، یان هەڵگری هەر سیفەتێکی تری کۆمەڵایەتی و سیاسیی بێت، هەروەك دەتوانێت سیاسیی نەبێت یان بەشداریی هیچ جووڵەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی نەکات و زیاتر خۆی تەرخان بکات بۆ شرۆڤەکردن و خوێندنەوەی چەمکەکان، ڕەنگبێ ڕۆشنبیرێك کە لە بواری سۆسیۆلۆژیادا کار دەکات، هیچ گرنگییەك نەدات بە کاروباری سیاسەت، ئەمەش بەمانای ئەوە نییە ئەو ڕۆشنبیرە ناتەواوییەك لە کارەکەیدا هەیە. وەك لەسەرەتاوە وتم ئەو دیدە نەرێتییەی بەشداریی سیاسیی و هەڵوێست وەرگرتنی ڕووت دەبەستێتەوە بە کاری ڕۆشنبیرەوە دیدێکی هەرەسهێناو و بەسەرچووە، چوونکە چیدی کاتی ئەوە نەماوە (ڤیتاڵی کۆرۆتیچ)ی سۆسیالیست بێت لەبری دادگا بڵێت (ئەو نووسەرە فەڕەنسییەی نوسیوویەتی: فلۆبێر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرپرسە لە سەرپانکردنەوەی شۆڕشگێڕەکانی کۆمۆنەی ١٨٧١ی پاریس، چوونکە تاقە دێڕێکی لە دژی ئەم سەرپانکردنەوەیە نەنووسی، ئەو نووسەرە مەبەستی ئەوەبوو فلۆبێر بەو بێدەنگییەی یارمەتی کۆنەپەرستەکانی دوژمنی کۆمۆنەی داوە).

کۆرۆتیچ بەبیانووی ئەوەی بێدەنگ بووە (فلۆبێر) وەك هەموو ئەو جەلادانە سەیر دەکات، دوای شکستی کۆمۆنەی پاریس قەسابخانەیان بۆ کۆمۆنیستەکان و ڕابەرانی ئەو بزووتنەوەیە لە دارخستبوو، ئەو داواکارییە لە ڕۆشنبیر کە پێویستە هەمیشە هەڵوێستی هەبێت و گیانفیدا بێت و خۆبەخت بکات لەپێناوی

داکۆکیکردن لە مرۆڤەکانی دی، ئەو داوایە لەرۆشنبیر، تاکو بمرێت لە پێناوی ژیانی ئەوانی دیکەدا، داوایەکە زیاتر وێنای رۆشنبیر لە سوپەرمان و رۆبن هود نزیك دەخاتەوە نەك وێنایەکی مرۆیی و ئاسایی وەك هەموو ئەو مرۆڤانەی دیکە بخاتەڕوو. ئەو گۆشەنیگایە دەخوازێت رۆشنبیر سپارتاکۆس بێت، دەخوازێت رۆشنبیر گیڤارا بێت، دەخوازێت رۆشنبیر رێنوێنیکاری خەباتی چەوساوە و بەشخوراوان بێت لەهەر کۆمەڵێکدا.

ئیشکالییەتی ئەم جیهانبینییە بەدەر لەهەر شتێك ئەو سیفەتە لە رۆشنبیر دەسەنێتەوە مرۆڤ بێت، چوونکە وا تێدەگات رۆشنبیر ئەو گیان پۆلایەیە پێویستە بەشداریی هەموو نەبەرد و داستانەکانی داکۆکی لەوانی تری بێدەسەلات بکات، کۆرۆتیچ تێناگات (فلوبێر) وەك هەموو ئەو ملیۆن فەڕەنسییەی تر تاکە مرۆڤێکە، ئیدی چ حیکمەتێك لەمەدایە فلوبێر تاوانبار و هاوشانی جەلادان بێت و ئەو هەموو هاوولاتییە فەڕەنسییەی تر بێتاوان؟ ئایا سیفەتی رۆشنبیربوون هاوتابوونە لەگەڵ سەربازبوون؟ ئەگەر وانییە بۆچی کۆرۆتیچ و ئەو نووسەرەی فەڕەنسییەی ئەو ناوینەهێناوە لەناو ملیۆنان هاوولاتی فەڕەنسی فلوبێر جیا دەکەنەوە و دەڵێن بەو بێدەنگییەی تاوانبار بووە؟ ئایا فلوبێر وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی بۆی نییە بێدەنگ بێت و ژیانی خۆی لەمەترسیی رزگار بکات؟ بێگومان وەلامەکە (بەڵێ)یە.

کەواتە با پرسیارە زەحمەتەکە بکەین و بڵێین ئەگەر رۆشنبیر دنیا ناگۆڕێت کەواتە کاری وی چییە؟ بێگومان رۆشنبیر دنیا ناگۆڕێت

(هەرچـەندە دەتوانێـت هەڵوێـستی هـەبێت و هـەنگاو بنێـت بـۆ گۆڕانکـاریی)، ڕۆشـنبیر ئـەو میکـانیزم و ڕێگایانـە ئاشـکرا دەکـات سـەرەنجام دەبنـە کەرەسـتەی گـۆڕینی دنیـا و هەلومەرجـە لێـك جیاوازەکـان، وەزیفـەی ئـەو بوونـەوەرە ئەوەیـە دنیـا و ئـەو بوارانـەی هەڵبـبژاردووە بـۆ کـارکردن وەك ئـەوەی هەیـە بخوێنێتـەوە و شـرۆڤە بکـات و ڕێگاکـانی گـۆڕانیش نیـشان بـدات بـۆ هـەنگاونان بـۆ ئـەو دنیایەی دەکرێت ببێت وەك ئـەوەی دەمانـەوێت. ئیدی لـەوە بـەولاوە ئـەرکی سـەرەکیی ڕۆشـنبیر هیچی تـر نییـە، چوونکە دەبێت هـەموو بـاوەڕ بـەوە بهێـنین ڕۆشـنبیر تـەنیا هـەر تاکەکەسێکی زۆر ئاسـایی و هاووڵاتییـەکی زۆر ئاسـایی کۆمەڵگەیـە، وەك هـەموو مرۆڤـەکانی تـر پێدەکـەنێت، دەگریـیّ، نـەخۆش دەکـەوێت، بێـزار و شـاد دەبێـت، هێزێکـی سروشـتی و ئاسـایی وەك هـەموو مرۆیـەکی تـری هەیـە، عەسـایەکی جـادوویی لـەوەی موسـای بەدەسـتەوە نییـە پەرچـوو بخوڵقێنێت، ئازایەتی ئەو وەك ئازایەتی هەر مرۆڤێکی ترە.

(ئـەلبێر کـامۆ) وەك ڕۆشـنبیر و بیرمەنـدێکی گـەورەی خۆرئـاوا جـوانتر لـە هـەمووومان وەسـفی ئـەو حاڵەتـەی کـردووە، وەختێـك سـەبارەت بـەخودی خـۆی دەڵێـت (ڕۆڵـی مـن ئـەوە نییـە جیهـان یـان مرۆڤایەتی بگۆڕم چوونکە نە هێندە چاکم و نـە ئـەو داناییەشم هەیـە شیاوی ئەو کارەم بکات). ڕاستە وەك وتمان ئەرکی ڕۆشنبیر گۆڕینی دنیـا نییـە، بـەڵام ئـەم ڕستـەیە بـەو واتایـە نایـەت ڕۆشـنبیر ناتوانێت سیاسیی بێت، یانژی ڕۆشنبیر ناتوانێت بەشداریی جووڵەی گۆڕینی دنیا بکات، ڕۆشنبیر دەتوانێت سیاسـەت بکات، دەتوانێت ئەندامی

پارتێکی ڕاست یان چەپ بێت، دەتوانێت پەرلەمانتار بێت، دەتوانێت لە دەرەوەی بواری زانستیی و ئەکادیمی خۆی بەشداریی زۆر کاری دیکەی جیاواز لە کایە ڕۆشنبیرییەکە بکات، وەك مرۆڤێك مافی پێدراوە مومارەسەی هەر حەز و هۆبی و ئارەزوویەك بکات کە خۆی دەیەوێت ممارەسەیان بکات، بەڵام لە ئاوەها حاڵەتێکدا ڕۆشنبیر وێنایەکی دیکە و شوناسێکی تری هەیە.

وەختێك ڕۆشنبیر لەریزی یەکەم و پێشەوەی خۆپیشاندانێکدا هوتاف دەکێشێت و داخوازییەکی سیاسیی بەرز دەکاتەوە، لەو کاتەوەی ڕۆشنبیر لەگەڵ گەنجان، ژنان، کرێکاران، چین و توێژە جیاوازەکان بەشدارە لە مانگرتن و هەر بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتیدا، هێندەی وەك چالاکوانێکی سیاسیی و کارایەکی کۆمەڵگەی مەدەنی یان کارەکتەرێکی سیاسیی و سەندیکالیست دەردەکەوێت و خۆی دەنوێنێت، نیو هێندە وەك کەسێتی ڕۆشنبیر خۆی بەرجەستە ناکاتەوە، چوونکە بواری ئەو وەك ڕۆشنبیر داتا و خوێندنەوە و بەرهەمهێنانی مەعریفە و زانستە، ئیدی ئەو زانست و مەعریفەیە دەخرێتە بوار پراکتیکەوە یان نا، ئەوەیان کێشەی ڕۆشنبیر نییە، وەختێك ڕۆشنبیر دەیەوێت خۆی بە کرداریی هەڵبستێت بە پراکتیکی بیردۆز و ئاکامە زانستییەکانی، وەك ڕۆشنبیر خۆی نمایش ناکات، ئەو دەگۆڕێت بە سیاسیی، تا ئەو جێگەیەی سیاسەت بکات سیاسییە و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

لەوانەیە پرسیار بکرێت، ئەدی جیاوازیی چییە لەنێوان سیاسیی و ڕۆشنبیر کە یەکەمیان دەیەوێت دنیا بگۆڕێت و دووەمیان

مەعریفەی گۆڕینی دنیا دەخاتە بەردەست؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، لەوانەیە پەنابردنە بەر روانینێکی رۆشنبیر و رۆماننووسی سودانی (تەیب ساڵح) کارێکی خراپ نەبێت، چوونکە ئەو رۆشنبیرە لەو بڕوایەدایە (رۆشنبیر بوونەوەرێکە سیاسییەکان وەڕس دەکات، چوونکە سیاسییەکان بەپێی روئیای خۆیان دنیا رێکدەخەن، هەر بۆیە پێیان ناخۆشە رۆشنبیر بێت پێیانبڵێت: بەمشێوەیە دنیا رێکناخرێت). رۆشنبیر پێشنیار دەکات و روئیایەکی جیاواز پێشکەش دەکات و بەرهەمدەهێنێت، بەڵام سیاسییەکان دەیانەوێت ئەو روئیایەی هەیانە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، لەم پێناوەشدا دەستدەبەن بۆ کاری کۆمەڵایەتی و جووڵەی دەستەجەمعی و سیاسیی.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دوور لەهەر لوغزێك و بەچڕ و کورتکراوەتر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە لەسەرەتاوە لە بارەی ئەرکی رۆشنبیرەوە کردبوومان. بەبڕوای تایبەتی ئەز ئەو رۆشنبیرەی دەیەوێت رێبەرایەتی کۆمەڵگە بکات و سەرکردایەتی جووڵەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئامانجێکی سیاسیی بکات، سیفەتی خۆی لەرۆشنبیرەوە دەگۆڕێت بە خاوەنکارێکی تر، چوون لەوە بەدواوە ئەرکی ئەو لە خوێندنەوەی دنیاوە دەگۆڕێت بۆ گۆڕینی. ئەمە ئەو کارەیە مارکس لەسەدەی نۆزدەدا تێبینی کردبوو، چوونکە ئەو لەو باوەڕەدا بوو دوای ئەو خوێندنەوە قووڵەی دنیا ئیدی سەرەی گۆڕینی هاتۆتە پێشەوە و بووە بەپێویستی. "بەڵام مارکس باسی گۆڕینی ئەو دنیا رۆژئاواییە دەکاتە زیاتر لە بیست سەدە بوو لە خۆ

خوێندنـــەوەی بەردەوامــدا بــوو، هــەر لــە فەلــسەفەی کلاســیکی یۆنانییــەوە تــاکوو فەلــسەفی ئــەڵمانی هاوچــەرخی زەمــەنی کــارڵ مارکس".

زۆر بـەکورتی رۆشـنبیر دەتوانێـت بەشـداریی پرۆسـەی گـۆڕینی دنیا بکات بەبێ ئەوەی ئەم کارە بکاتـە مـەرجێکی بنـەڕەتی کەسێتی رۆشـنبیر، بەهـەمان شـێوە دەتوانێـت بەشـداریی هـیچ پرۆسـەیەکی گۆڕان نەکات بەڵکو ئەو کارە بۆ خـەڵکانی تـر بـەجێبهێڵێت، لەهـەردوو بارەکـەدا رۆشـنبیر مـاف پێـدراوە و رێگریـی لێناکرێـت کـام رێگـا دەگرێتە بەر. ئەم روانینەش کۆمەکمان دەکات لەراستکردنەوەی ئەو خەیاڵدانەی رۆشنبیر بە بوونەوەرێکی یۆتۆپی و سەرسوڕهێنەر چاو لێـدەکات، تــا ئــەو رادەیــەی خەیاڵــدانمان دەگــات بــەوەی هــیچ جیاوازییــەك لــەنێوان پیــشەی رۆشــنبیر و دارتــاش و مامۆســتا و ئاسـنگەر نـەبینێت، چـوون هـەر یەکـەیان بـەنۆرەی خۆیـان رۆڵێکـی جیاواز دەبینین لە ژیانـدا، بـەبێ ئـەوەی کـاری ئـەمیان لەئـەوی تریـان بەبایەختر و ئـەفزەڵتر بێت، بـەڵکو هـەموو هـەر هاووڵاتییـەکی سـادەی کۆمەڵگــەن و وەك یــەك بەشــداریی دەکــەن لــە بەردەوامیــدان و پێشخستنی پرۆسەی ژیان.

### وتەی کۆتایی

کارل پۆپەر دەڵێت (هەموو جارێك ئێمەی رۆشنبیر بووین بـەهۆی ترســنۆکی و پــێش داوەریــی یــان خۆبەزلزانینــەوە، ترســناکترین کارەســاتەکانمان بەرهــەمهێناوە، ئێمــە کــە بەرپرســیارێتییەکی

تایبەتمان سەبارەت بە نەخوێندەواران هەیە، هەروەك چۆن گەورە هزرمەنـدی فەڕەنـسیی ژولـین بینـدا وتوویـەتی: خیانـەت لـە ئەندێشەكان دەكەین). ئەم وتەزایەی پۆپەر لەهەموو كەس پتر بۆ رۆشنبیری كورد راستە، چوونكە رۆشنبیری ئێمە ناپاكییان لە پیشەكەیان و فیكر كردووە و سەرقاڵی كۆمەڵێك كار و كردارن كەمترین پەیوەندییان بە كێڵگەی رۆشنبیرییەوە هەیە، رۆشنبیری ئێمە لەباتی پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی لە رۆشنبیریی ئێمەدا هەیە، لەبەرامبەر سیاسییەكان وەستاون، وەك ئەوەی بە تەمابن حكوومەتێك لە فەیلەسووف و رۆشنبیر و شاعیر پێكبهێنن "كۆمارە ئەفلاتۆنییەكە"، ئەم خەیاڵە نەزۆك و پووچەی رۆشنبیری كورد تاكە ئەنجامێك كە هەیبووە ئەو بارودۆخە شڵەژاو و نەخوازراوەیە لە ناوەندی كولتووریی و رۆشنبیریی كوردییدا سەریهەڵداوە.

رۆشنبیر دەتوانێت ململانێ لەگەڵ سیاسەتمەدار و حكوومەت بكات بەڵام بەچۆڵكردنی سەنگەرەكەی نا، چوون سەنگەری ئەو باشترین سەنگەرە بۆئەوەی زانستێكی تێدا بەرهەمبهێنرێت تاوەكو خەڵكانی تر لەبواری سیاسەتدا تاقی بكەنەوە و هەلومەرجی سیاسیی و كۆمەڵایەتی پێ بگۆڕن بۆ هەلومەرجێكی نوێ. هەروەك چۆن شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی ١٧٨٩ بەرئەنجامی تێزە فەلسەفییەكانی چەند فەیلەسووفێكی وەك جان جاك رۆسۆ و ڤۆڵتێر بوو، یان شۆڕشی ئۆكتۆبەر لەسەر سترۆكتۆری ئایدۆلۆگی ماركسیزم و رۆشنبیرە چەپە رووسەكان بوو. بە كورتییەكەی تێكەڵاوییەكی

سەیر لە ژیانی رۆشنبیری کورددا دەبینین بەهۆی تێکەڵکردنی ژیانی سیاسیی و رۆشنبیریی لەگەڵ یەکتر، یان راستتر بڵێین بەهۆی وەرچەرخانی رۆشنبیر بۆ سیاسەتمەدار، یان هەندێکجار بۆ خێرخواز و هەندێکجاری دیکە بۆ شۆڕشگێڕ.

-٤-

## ڕۆشنبیرانی کورد و کێڵگەی پارتی سیاسیی

زیاتر لە بیست ساڵە باس و خواسی پەیوەندیی ڕۆشنبیر و پارتی سیاسیی ئەگەر مشتومڕێکی ئەکتیڤ و قووڵیشی بە دوای خۆیدا نەهێنابێت، بەبێ دوو دڵی جێگەی لەسەر وەستان و دوان بووە و لەو بارەوە بە ئەندازەیەکی باش بیروڕا و بۆچوون ئاڵوگۆڕ پێکراون وەك دەسپێك بۆ خوڵقاندنی جەدەلێکی فراوان و مشتومڕی ئەکادیمی و زانستیی. زۆرێك لە بۆچوونەکان لایەنگریی لەو تێفکرینە دەکەن ڕۆشنبیر کائینێکە بە سەرمەدیی دژی پارت و ژیانی پارتایەتییە و لەهەمان کاتدا ڕۆڵی وی ڕۆڵی گۆڕینی دنیا و سەرلەنوێ بنیادنانەوەیەتی بە گوێرەی ویستی گشتیی و بەرژەوەندیی زۆرینە.

لایەنی دووەم پێیوایە ئەو تێزەی ڕۆشنبیر بە دژ و ئەنتی دەستەلات و پارت لەقەڵەم دەدات نەیتوانیوە واقیعی پێشوو ئەو پێشووەی دەستەلاتێکی داگیرکاری وەك عێراق و پارتێکی شۆڤێنی وەك بەعس فەرمانڕەوای کوردستان بوو تێپەڕێنێت، چوونکە لەم ماوەیەدا بەرەنگاریی و یاخیبوون نەك کاری ڕۆشنبیر و باقی مرۆڤی کورد بوو بەڵکو هەڵوێست وەرگرتن سەنگی مەحەك بوو بۆ هەر

نووسەر و ڕۆشنبیرێك، واقیع دوو بەرەی دژ بە یەکی هێنابووە ئاراوە. بەرەی یەکەم: بەرەی دەستەڵات بوو وەك بەرەی سەرکوت و ئازار و ترساندن و ڕاوەدونان و تیرۆر و سوتماککردنی ولاتێك، بەپێچەوانەوە بەرەی دووەم بە سەنگەری بەرگریی و ئازادیخوازیی و هەڵوێست و (نیشتمانپەروەریی) لێکدەدرایەوە.

بەبڕوای تایبەتی من ڕۆشنبیر نە کائینێکە سەد دەر سەد ئەنتی دەستەڵات نە ئەو بوونەوەرەیە لەیەك سەنگەردا دەست لەملانی پارت و دەستەڵات بێت، کاری ڕۆشنبیر نە پارتایەتییە نە ئەکشنی گۆڕینی دنیا، کارکردنی ئەو لە بواری مەعریفە و کەشفکردنی دیوە شاراوەکان و خستنەڕووی تێز و بیرۆکەی نوێی فیکریی و فەلسەفیدایە. کارڵ مانهایم لەکتێبی (ئایدۆلۆژیا و تۆباوییەت)دا دەڵێت (ڕۆشنبیر ئەرکێکی تایبەتی هەیە، ئەویش ئەوەیە تەفسیرێکی تایبەتی و نویێ بۆ دنیا بکات، واتا بۆ کۆمەڵگە و بزاڤ مێژوو). ئەم پێناسەیە پێمان دەڵێت، ئەرکی ڕۆشنبیر بەر لەهەر شت تەفسیر و خوێندنەوەی دنیایە نەك گۆڕینی، بۆیەکا گۆڕینی دنیا نە کاری ڕۆشنبیرە و نە لە ئەستۆی ڕۆشنبیردا دانراوە، ئەوەی دنیا دەگۆڕێت ئەو کەس و لایانەن لەبواری ناڕەمزیدا کار دەکەن چوون ڕۆشنبیر کائینێکە لە بواری بەرهەمهێنانی ڕەمزیدا کار دەکات.

د.عەلی حەرب لەمبارەوە دەڵێت (ڕۆشنبیر بەسیفەتی ئەوەی دەستەڵاتی قسەکردن یان نووسین بەکاردێنێ لە کایەی بەرهەمهێنانی ڕەمزیدا کار دەکات، واتا ئەو کەرەستە ڕەمزییانە بەرهەمدێنێ یان بەکاردێنێ کە لە بیروباوەڕ و ئەپستیم و دەق و

گووتارەکـان و بەرهەمـە کولتوورییـەکانی تـردا دەردەکـەون). ئـەم جەوهـەرە خـاڵێکی نـاکۆکیی نێـوان رۆشـنبیر و پارتـە چوون ئەرکی رۆشنبیر گۆڕین و تێکوپێکدانی دنیا نییە کەچی پارتی سیاسیی لە بـەرزترین ئاسـتدا و لـە دوا ئامانجیـدا هـەوڵی گـۆڕین و سـەرلەنوێ وێنەکردنـــەوەی دنیـــای خـــۆی دەدات. رۆشـــنبیر کـــە (گـۆڵـــدن) سیۆسـیۆلۆگی ئەمـەریکی بـە چـینێکی نـوێ وەسـفی دەکـات لـە کێڵگەیەکی جیا لە کێڵگەی پارتی سیاسیی کار دەکات و درێـژە بە بوونی خۆی دەدات، ئەمە بەو مانایە نایەت رۆشنبیر ناتوانێ حزبیی بێت، بەڵام رۆشنبیری حزبیی ناتوانێت ئازاد بێت چوون لە بازنـەی سیاسـەت و روانگـەکانی پارتـدا قەتیسکراوە و ناتوانێـت هـەنگاوێك بنێـت هێڵـی سـوور ببـەزێنێت، هـەر کـات بـەم کـارە هەسـتا بێگومـان لەودیو پەرژینەکانی پارتەوە خۆی دەبینێتەوە.

رەهەنـــدێکی تـــری نـــاکۆکیی رۆشـــنبیر لەگـــەڵ پـــارت لـــەوەدا دەردەکەوێت رۆشنبیر بەردەوام لەنادڵنیایدا دەژی یان بە واتایـەکی تـر رۆشـنبیر وێڵـە بـەدوای دۆزینـەوەی زانسـتیی و مەعریفیـدا بۆیـە سروشتێکی تایبەتی هەیە و بەهەموو جۆرێك لەسەر یەك قاڵب و یەك جـۆرە روانـین شـێوە ناگرێـت، بـەڵام پـارتی سیاسـیی خـاوەنی بەرنامەیـەکی کۆنکرێـت و دۆگـم و راوەسـتاوە کـە وەهـا لـە رۆشـنبیر دەکات هەست بە ئازادیی نەکات و رێگریی لێدەکات لە دۆزینـەوە و ئاشکراکردنی بیرۆکەی نوێ، چوون رەنگبێ بیرۆکە نوێیەکە سەد دەر سـەد دژی بەرژەوەنـدیی و ئایـدۆلۆژیای پارتـە سیاسـییەکەی بێـت. (رامین جەهانبەگلو) لەو روانگەیەوە نوسیوویەتی (رۆشـنبیر کەسێکە

خۆی بە دوور دەگرێت لە بیروباوەڕە دۆگماکان). هەرچی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتەکانە بەرنامەیەکی دۆگما (راوەستاو)ن بە ئاستەم هەناسەیەکی تێدا دەبینرێتەوە بۆ رۆشنبیر.

ئێمە نالێین پارتی سیاسیی دەزگایەکی چەپێنەرە، بەلام لەباشترین فۆرمیدا دڵخوازی رۆشنبیر نییە و فەزایەکی تێدا نییە تێیدا رۆشنبیر درێژە بە کارەکانی بدات بەو جۆرەی پێویستە و گرنگە سەبارەت بەهەر رۆشنبیرێك. کەوابوو مەسەلەی سەرەکی ئەوە نییە رۆشنبیر بە سەهوو چووە و هەردوو دەستەلاتی بەعس و کورد بەیەك دەچووێنێت، کێشەکە ئەوەیە دەستەلات هەر دەستەلاتێك بێت یان پارت جا هەر پارتێك بێت لەمسەری راست بۆ ئەوسەری چەپ خاوەنی بەرنامە و پرۆگرامی چەسپیوو و کۆنکرێتی تایبەت بەخۆیەتی کە رۆشنبیر نەدەتوانێت هەزمیان بکات و لەگەڵیاندا هەڵبکات نە دەتوانێت لە سایەیاندا درێژە بە چالاکییە رۆشنبیرییەکانی بدات.

بەشێکی تری ئەو کێشەیە وابەستەیە بە سروشت و نۆرمی پارتی سیاسیی لە کوردستان کە هێشتا لە دەریای تۆتالیتاریزم و سکتاریزمدا مەلە دەکات و بێ توانایە لەخۆ دەربازکردن لەو گێژاوە خنکێنەرەی هەناسەی ژیانی پارتایەتی لەم مەملەکەتە سوار کردووە و رەنگێکی وەهای پێ بەخشیوە ناکۆك لەگەڵ سروشت و شەقڵی تاکە تاکی مرۆڤی کورد بەدەربکەوێت، تا پارتی کوردیی لەرێی پرۆسەی دۆنادۆنەوە نەچێتە جەستەی پارتێکی نوێ و هاوچەرخی وەك پارتەکانی ئەورووپاوە بێگومان ناتوانێت ئەو گرێ دەروونییە

بڕەوەنێتــەوە بەتایبــەت کــە لــەلای گەنجــەکان هەســتی پیــدەکرێت ســەبارەت بــە سیاســەت و ژیــانی پارتایــەتی. دواجــار ئــەوەی گرنگــە لەبارەی بدوێین ئەوەیە: پارتی سیاسیی شەقڵ و ئەدگارێکی تایبەتی هەیـــە کـــە لەهـــەموو روویەکـــەوە نـــاکۆك لەگـــەڵ ئـــەدگار و تایبەتمەندییەکانی رۆشنبیر دەردەکەوێت، لە هەمان کاتدا کێڵگەی پارتی سیاسیی کێڵگەیـەکی زڕە بـۆ رۆشـنبیر و هـیچ ئومێدێك نییـە تۆوی روانینی رۆشنبیر لەسەر ئەو زەوییە وشکەڵانە شتێکی لێوە شـین بێـت. ئـەو رۆشنبیرانەشـی لەپـەنا پارتـەکان بێگومـان تـەنیا دەتوانن ئاژیتاتۆرێك یان بانگەشەکارێکی بەرنامەکانی پارت بن نەك شتێکی لەمە زیاتر، چوونکە ئەزموونی مێژوویی ئەو راستییەی بۆ سەلماندووین.

## حزبی سیاسیی و حزبی کوردیی

هــەوڵنادەین پێناســەیەکی دیــاریکراو بــۆ حــزب بکــەین، بــەڵام بەشێوەیەکی گشتیی حزبی سیاسیی بەم شێوەیەی ئێستا بەرهـەمی مودێرنەیە، یان کوڕی هەڵبژاردنە. حزبی سیاسیی توخمێکی هـەرە بـەهێزی بـەڕێوەبردنی کۆمەڵگـە و دەوڵەتـە نوێیەکانـە، لای بیرمەنـدی فەڕەنسی ناسـراو جـۆرج بـیردۆ حزبـی سیاسـیی ئامڕازێکـە کـە لـە پیـادەکردنی هـاووڵاتیبوون و کاریگەرییـەکانی لەسـەر کاروبـاری گشتیی دەوڵەت و کۆمەڵگاکان مایەی فەرامۆشکردن نییە، بەو پێیەی رەوڕەوەی دەوڵەت بۆپێشەوە دەچەرخێنێت و دەسەڵاتێکی فراوانی هەیـــە لەســـەر فـــۆرمی حکومـــداریی کـــە دواجـــار لەوێـــشەوە

کاریگەرییەکانی دەگاتە تەواوی کۆمەڵگە. "لاپالامبارا" و "وانێر" چوار خەسڵەتی سەرەکیی بۆ حزبە نوێیەکان لەبەرچاو دەگرن، کە هەموو لایەك پەسەندی دەکەن، ئەوانیش بریتین:

یەکەم: هەبوونی ڕێکخراوێکی هەمیشەیی کە مانەوەیان نەبەستراببێتەوە بە ژیانی ڕێبەرانی ئێستایانەوە "تاقم و دەستەی پاوانخواز نەبن".

دووەم: ڕێکخراوێك کە لە وڵاتدا تێکۆشانی ببێت "گرووپێکی پەرلەمانی نەبێت".

سێهەم: مەبەستی ڕاشکاوانەی ڕێبەران لە ئاستی وڵات و هەرێمیدا دەبێ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بێ نەك ئەوەی خۆی بخزێنێتە نێو دەسەڵاتەوە "گروپێکی دەستڕۆیشتوو و بە نفوز بێت".

چوارەم: بەشوێن ڕاکێشانی پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکدا بێت لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە یان بە بەهەر شێوەیەکی دیکە بێت " واتە یانەیەکی سیاسیی نەبێت political club".

لەلایەکی ترەوە بە بۆچوونی "د.حسێن بەشیریە" حزبی سیاسیی گرنگترین سیما و ڕێکخراوی دیموکراسیی هاوچەرخە، بەڵکو زێدەتر لەوە دەڕوات و پێیوایە لە کۆتاییدا جەوهەری دیموکراسی لە کێبڕکێ و ململانێی سیاسیی حزبەکان شتێکی زیاتر نییە، بەو پێیەی هەڵبژاردن بێ بوونی ژمارەگەلێك لە حزبی سیاسیی ڕووداوێکی مایەپووچە و سروشتی حزبیش سرووشتێکی کێبەڕکێکار و ململانێخوازە. لە هەموو ئەو پێناسەکردنانەی ئێمە تێگەیشتووین دەتوانین شتێك هەڵهێنجین ئەویش ئەوەیە، حزبی مودێرن بریتییە لە

ڕێکخراوێکـــی کێبـــەڕێکار بـــۆ پرۆســـەی هەڵبژاردنـــەکان و دەستاودەســتکردنی دەســەڵاتی سیاســیی و گــۆڕینی ئەجینــدای فــەرمانڕەوایی، ئەمــەش گەوهــەری ئــەو سیــستمە دیموکراســییە لیبراڵەیـە هەنووکـە سـایەی کـردووە بەسـەر دەوڵەتـە پێشکەوتوو و بەهرەمەندەکاندا لە ڕووی مافی مرۆڤ و دەستەبەری ئازادییەکانەوە.

ئەگـەر بگەڕێینـەوە سـەر حزبـی کـوردیی، گـروپ یـان کۆمـەڵێك دەسـتە و تـاقمی خێڵـەکین کـە لەسـەر بنیـادە خێڵـەکی و ئاینییـەکان دامەزراون و زۆرینەیان بەرهـەمی قۆنـاغی چەوساندنەوەی نەتـەوەیی کـوردن لەلایـەن نەتـەوە و دەوڵەتـە سەردەسـتەکانی کوردسـتانەوە. ئەگـەرنا هـیچ حزبێکـی سیاسـیی کـوردیی نییـە، بـە ئەجیندایـەکی ڕۆشـــنەوە و وەك ڕێکخراوێـــك بـــۆ ململانـــێ و بەدەســـتەوەگرتنی دەسەڵات لە ڕێی هەڵبژاردنەوە چاوی بـەڕژێن هـەڵهێنابێت، خۆی هـەر لـە بناغـەوە کـردەی هەڵبـژاردن لـە کوردسـتان "باشـوور" پڕیـەتی لـە ســکەندالّ و بــە هــیچ پێوەرێــك نــاتوانێ دەرخـــەری پرۆســـەیەکی دیموکراسـی بێـت. بـە پێچەوانەوە دەسـەڵاتێکی مۆنۆپۆڵخـوازی دوو بنەماڵەیی هەیە و هێزەکانی تریش لە نێو سەحرای سیاسیی ئەواندا بە هەمان ڕیتم و ئاوازی ئەوان سەوڵ لە وشکانیدا لێ دەدەن.

حزبـی کـوردیی، هـیچ ئایدۆلۆگییـەکی نییـە تـەنیا کۆمەڵـەی ڕەنجدەران و پەکەکە نەبێ بە بیرێکی چەپڕەوانە لەسـەر ستڕۆکتۆری مارکـــسیزم– لینینیـــزم دامـــەزرابوون، ئێـــستا پەکەکـــە هـــیچ ئایدۆلۆگییـەکی نـەماوە و نووسـراوەکانی ئـاپۆ بنـەمای سـەرەکیی سیاسەتی ئەو حزبە پێکدەهێنێت، کە ئەو نووسراوانە نـەك نـاتوانن

ئایدۆلۆگیایەك بن، بەڵكو پڕن لە پارادۆكس، هەرچی كۆمەڵەشە میراتگرەكانی یەكێتی و گۆڕانن، ئەو دوو هێزەش لە قەیرانێكی بێ ناسنامەیی كوشندەدا دەژین. ئەوەی دەمێنێتەوە ڕێكخراوگەلی ترن كە هیچ بنەمایەكی فیكریی و ئایدۆلۆگییان نییە و زیاتر لەسەر كولتووری خێڵ و كاریگەرییەكانی ئاین دروستبوون. بۆ نموونە پارتی هیچ ئایدۆلۆگیایەك لە پشتییەوە نەوەستاوە، تەنانەت نەیتوانیوە ناسیۆنالیزم وەك ئایدۆلۆگیایەك بكاتە بنەمای ژیانی حزبیی خۆی، بەپێچەوانەوە لەسەر نەریتی تەریقەتی نەقشبەندی دروستبووە و تا ئێستاش وەك بەرگریكارێكی میللی خۆی نمایش دەكات.

پێكهاتە و ئۆرگانیزەی تەواوی حزبە كوردییەكان لەمسەری ڕاست تا ئەو سەری چەپ، فۆرمێكی كلاسیكی و سواوی هەیە، كە زیاتر هەیكەلی حزبی و شێوەی دنیابینیان لەژێر كاریگەریی ستالینیزم نەهاتۆتە دەر. بەم هەیكەل و جیهانبینییە تەسك و كۆنسەرڤاتیڤانەوە ناتوانن نەك گەمەی دیموكراسی بكەن بەڵكو هەر ناتوانن لە ڕۆحی دیموكراسی تێبگەن و لەگەڵیدا هەڵبكەن. حزبی كوردیی تاكو ئەم چركەساتەش دابڕاوە لە جیهانی مۆدێرن و فینۆمینەكانی دنیای پێشكەوتووی ئەمڕۆ، لە بازنەیەكی لۆكاڵیدا گیری خواردووە ناتوانێت پێ بنێتە ئەو جیهانە شارستانییەی ئەمڕۆ. ئەمەش تەنیا كێشەی حزبی كوردیی نییە بەتەنها، بەڵكو درمێك هەموو دنیای ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی پێوەی دەناڵێنێت، چوونكە كاریگەرییەكانی ئاین و ترادیسیۆنە كۆنەكان بە

ئەندازەیەك هەژموونی لەسەر سیاسەت و رۆشنبیریی داناوە، بە ئاستەم و تاك و تەرا، خەڵكانێك دەبینین بتوانن خۆیان بخەنە دەرەوەی ئەو دیسپۆتیزم و كەلەپووره سیاسیی و رۆشنبیرییە باڵادەستەی زاڵە بەسەر عەقڵی تاك بە تاكی مرۆڤی رۆژهەڵاتی یان جیهانی ئیسلامییەوە.

## رۆشنبیرانی كورد و هەژموونی حزبە سیاسییەكان

كێشەكە ئەوەیە رۆشنبیرانی ئێمە لەهەموو ئاستەكاندا پەراوێز بۆ ئەو پێشهات و رووداوانە دەنووسن سیاسییەكان دەیخولقێنن، خۆیان نەك رووداو دروست ناكەن، بەڵكو لە هەژارییەكی مەعریفیی و فیكریی وەها دەژین بێ بوونی ئەو رووداوە گەرمانە خۆیان شتێكی تریان پێ نییە بۆ وتن، خویان هیچ ناخوڵقێنن و هیچ بەرهەم ناهێنن جگە لەوەی لە هامشی پێشهاتەكانەوە نیهلیزم و رەشبینی بەرهەم بهێنن، هەر لەم سۆنگەوە رۆشنبیری كورد چاوەڕوانی رووداوە سیاسییەكان دەكات تاكو بتوانن لە پەراوێزیدا بنووسن، یان بابەتێكیان دەستبكەوێ بۆ قسەكردن لەسەری، من ئەم جۆرە رۆشنبیرە ناو دەنێم رۆشنبیری پەراوێزنووس. خۆی بابەتەكە ئەمە نییە، رۆشنبیرانێك بوونەتە كادری حزبەكان، نەخێر، هەموو ئەوانەشی لە دەرەوەی پارتە سیاسییەكانن كەوتوونەتە ژێر ئەو رووداوانەی حزبەكان دروستی دەكەن و ئەمانیش بەشێوەی خۆیان شرۆڤەی بۆ دەكەن، بەڵام پرسیاری سەرەكیی ئەوەیە لە دەرەوەی ئەو رووداوانە رۆشنبیری كورد سەرقاڵی چییە؟؟.

رۆشـنبیری ئێمـە ناتوانێـت دەسـەڵاتێك لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی حزبەکان بۆ خۆی پەیدا بکات "مەبەستم دەسەڵاتی نابەرجەستەیە" لـە بناغـەوە خۆیـان دابەشـبوون بەسـەر ئەجینـدای حزبەکانـدا، مەسەلەکە ئەوە نییە تێکڕای رۆشنبیران بوونەتە کادری حزبی، ئەوە تـەنیا بەشـە ئاشـکراکەی حزبیبـوونی رۆشـنبیرانە، بـەڵام دیـوە شاراوەکەی بریتییـە لـەو تەرەفداریی و سۆزدارییانە لـە تێکست و نووسینی رۆشـنبیرانی ئێمـە بـەروونی دەبیـنین. بانگـەواز بـۆ ئـەوە ناکەم رۆشنبیر ناتوانێت حزبی بێت، بەڵام رۆشـنبیرە حزبییـەکان یان ئەوانـەی لـەژێر هـەژموونی حزبیـدا فۆرمۆڵـەی تێزەکانیـان دەکـەن، ناتوانن مەعریفەیەکی زانستی لە دەرەوەی بازنە تەسك و دۆگمـەکانی حزب بەرهـەم بهێنن، رۆشـنبیر دەتوانێت بەرنامەڕێـژیی بـۆ حزبێکـی دیاریکراو بکات، بەڵام ناکرێت ئەم بەرنامەڕێژییە بکرێتـە بنەمایـەکی کـۆنکرێتی بـۆ تـەواوی هاووڵاتیـان. یـان وەك ئـەنجامێکی زانـستی بێلایەن وەربگیرێت.

لێـرەدا دەمـەوێ تیـشك بخەمـە سـەر بابـەتێکی پـڕ ئیـشکالیەتی مێژووکرد لە پەیوەندیی نێوان حزب و رۆشنبیرانی کورددا. ئـەویش قۆنـاغی خـەباتی رزگـاریخوازی نیـشتمانییە کـە لـە ئـەدەبیاتی سیاسییدا بە قۆنـاغی شاخ نـاوزەد دەکرێـت. لـەم مـاوە زەمەنییـەدا رۆشـنبیران بەشـێوەیەکی گـشتیی تێزەکانیـان دەخـستە خزمـەتی شۆڕشی شاخەوە کە حزبەکان رابەرایـەتی ئـەو جوڵانـەوەیان دەکرد، لێ لەو ماوەیەشدا دەنگی رەخنەگرانە هەبووە کە دکتۆر ئەحمەدی مەلا نموونەی "سەگوەڕ"ی محەمەد موکری وەك فاکتێك دەهێنێتەوە.

هەر ئەو دابەشبوونەی رۆشنبیران بەسەر سەنگەری حزبەکاندا درێژ بووەتەوە تا هەنووکە کە قۆناغی حکومداریی کوردستانە. ئەو رۆشنبیرانەشی بەناوی سەربەخۆییەوە کار دەکەن، زۆرجار خۆپارێزیی دەکەن لە رەخنەگرتن لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەم تەرەفدارییە و هەم جۆرێکیش لە سەپۆرتە بۆ ئەو پارادایمە سیاسییە پڕ کەموکورییەی ئۆپۆزیسیۆن.

ئەگەر سەمپڵێك وەربگرین بۆ پاڵپشتی و زیاتر روونکردنەوەی ئەو بۆچوونەی سەرەوەمان، باشترین نموونەی مەلمووس، گرووپی "رەهەند"ە کە ئەم گرووپە تا هەنووکەش خۆیان بە جیددیترین قەڵەمەکانی ناو کایەی رۆشنبیریی کوردیی دەزانن. کێشەی گرووپی رەهەند لەوێ نییە، رەخنە لە حزبە دەسەڵاتدارەکان دەگرن، چوونکە ئەوە ئەرکی هەموو رۆشنبیرێکە و وەك چەند جارێکیش وتوومە کاری رۆشنبیر بە تەنها رەخنەیە، بەڵام بەدەر لە گرێ دەروونییەکان کە لە خۆیدا کفرێکە بابەتە زاتییەکان بکەوێتە ناو رەخنەی رۆشنبیرانەوە، لە هەمان کاتدا لە سەنگەری ئۆپۆزیسیۆنەوە تیربارانی دەسەڵات دەکرێت. بۆ وێنە مەریوان قانیع و ئاراس فەتاح دوو نموونەی بەرجەستەی ئەو دیاردەیەن، ئەوان هەروەك دوو هەڵسوڕاوی گۆڕان رەخنە لە دەسەڵات دەگرن کە پارتی بە سیمبولی دەسەڵاتەکە دەبینن، لەم کاتەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان رۆشنبیرە حزبییەکانی پارتی و گرووپی رەهەند نامێنێت کە بەهەمان موفرەدات و نەزعەی تۆتالیتاریی جەدەل لەگەڵ یەکتر دەکەن "ئەگەر بتوانین ئەو گولەبارانکردنە بە وشە ناو بنێین جەدەل".

قسەی من لەسەر ئەو نوخبەیە نییە لەسەر حزبە سیاسییەکان ماڵن و خۆیان بۆ سەرخستنی ئەجیندای حزبەکانیان تەرخان و ساغ کردۆتەوە، چوونکە ئەوان هەمیشە بەدوای ئارگۆمێنتدا دەگەڕێن بۆ رەواییدان بەهەر هەنگاوێکی چاك و خراپی حزبەکانیان، کێشەی سەرەکیی من لەگەڵ ئەو تایپە رۆشنبیرە کە بە ئاگایی بێت یان نائاگایی کەوتوونەتە نێو سەنگەرەکانی حزبەوە، ئەمەش تایبەت نییە بەو رۆشنبیرانەی بەناوی بێلایەنییەوە بوون بە بەشێك لە حزبە بەرهەڵستکارەکان، بەڵکو هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە بەناوی سەربەخۆییەوە وەك دەستی دووەمی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان، ئاگربارانی حزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات دەکەن، یان دەبنە بازووی بەهێزی کەمپینی شەڕئەنگێزانەی راگەیاندنەکان. کارەساتەکەش لەو کاتەدا گەورەتر خۆی دەنوێنێت کە نۆرە بێتە سەر هەبوونی ئیمیتازات و بەرژەوەندیی خودیی و تاکەکەسی رۆشنبیران خۆیان.

دەبێت لەم رووبەرەدا بەخێرایش بێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، نامەوێ هەمان تێزی ژۆلین بیندا بهێنمەوە یاد و بڵێم رۆشنبیرانی ئێمە ناپاکیی گەورە دەکەن لە ئەرکەکانیان، بەڵام هێمای زۆر ترسناك دەبینم کە هیوایەك بۆ مرۆڤ ناهێڵنەوە، هەر ئەوەی مەیدانی توێژینەوە و رەخنەی زانستی چۆڵ بووە و نازناوی رۆشنبیر بە کەسێك دەدرێت کە زۆرترین مهاتەرات و شەڕەدەندوك بکات، یان ئەوانە ببنە سەرمەشقی کاروانی رۆشنبیریی کوردیی کە تەنیا دەتوانن لە سۆسیال میدیاوە چەند دێڕێکی بێ پێز بەدوای یەکتردا

ریز بکەن، ئەو رۆشنبیرانەشی خۆیان بە دەنگی جیددی دەزانن بە زمانێکی پاراوتر دەدوێن، بەکەڵك وەرگرتن لەوەی لە ئەکادیمیاکان فێری بوون یان لە خوێندنەوەی فیکر و فەلسەفی خۆرئاوایی وەریانگرتووە بیخەنە هەمان بازنەی ململانێ، دیسان هیچ جیاوازییەك نامێنێ لەنێوان نیمچە خوێندەوار و ئینشانووس و رۆشنبیرانی "جیددی" چوونکە هەریەك بەگوێرەی خۆی ئاو دەخاتە یەك ئاشەوە.

قەیرانەکە بە تەنها تووشی سیاسەت و ژێدەرە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە نەبووە، بەڵکو تەنگژەکە لەوە فراوانتر بووە و لاشەی کایەی رووناکبیریشی تەنیوە، هەروەك چۆن مرۆڤی لەهەموو بەها و مۆراڵە بەنرخەکان داڕنیوە، ئەم دۆخە ناودەنێم دۆخی کوژانەوە و تیاچوونی چراکان، یان دۆخی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە، لەم نێوەندەدا رۆشنبیر نەك بەشێك نییە لە روئیایەکی نوێ بۆ سەرلەنوێ بیناکردنەوەی ژیان و مانادانەوە بەو بەها هەرەس هاتووانە، بەڵکو بەهەموو هێزییەوە بەشدارە لەو پرۆسە وێرانکارییەی لە دەروونی تاکەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە لوتکەی هەموو شتەکان.

## رۆشنبیری کورد دەبێت چی بکات؟

ئەو پرسیارەی لای سەرەوە، یەکێکە لە پرسیارە هەرە گرنگەکانی هەنووکە کە دەبوو زۆر زووتر بکرابایە، بەڵام رەنگە بەهۆی قورسیی وەڵامەکەیەوە کەس بوێریی وورووژاندنی ئەو پرسیارەی نەکردبێت. لانیکەم دەبوو ببووایە بە مشتومڕی نێو ناوەندی رووناکبیریی

کوردیی، من لە ساڵی ٢٠٠٧ تەوەرێکم بۆ ئەم پرسیارە کردەوە و دیمانەم لەگەڵ چەندان رۆشنبیری ناسراو سازدا، بەڵام ئەوەش نەیتوانی ئەو پرسیارە بکاتە پرسیارێکی جیددی کە خودی رۆشنبیران لە بری سەرقاڵبوون بە کاری لاوەکی، ئاوڕ لەم پرسینە گرنگە بدەنەوە و مشتومڕی گەرمی لەسەر بکەن، ئەوەش وەك کۆی پرسەکانی تری کۆمەڵی کوردیی کەوتە ژێر غوباری بیرچوونەوە و فەرامۆشکردنەوە، لەگەڵ ئەوەدا ئەمڕۆش نەبێت، سبەی هەر دەبێت بگەڕێتەوە سەر ئەو پرسیارە جەوهەرییەی رۆشنبیری کورد چی بکات؟ بەڵام جارێ چاوەڕێین "لینین"ێك پەیدا بێت پرسیاری "چی بکرێت" بکاتە رۆژەڤی پرسیاری کایەی رۆشنبیریی کوردیی.

بە بڕوای من دەبێت یەکەمین هەنگاوی رۆشنبیران، گەڕان و هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ناسنامەیەکی سەربەخۆی رۆشنبیریی لە دەرەوەی ئایدۆلۆگی و روانگە تەسکەکانی حزبی کوردیی، ناسنامەیەك دیاری بکات بەرچاوی رۆشن بکات چ کارەیە و پێویستە چی بکات؟. ئەمە ئەولەویترین کارە سەبارەت بە رۆشنبیرانی هەنووکەی کورد، چوونکە شوناسی رۆشنبیری کورد لەنێو ناسنامە سیاسیی و حزبییەکاندا ون بووە. ناکرێت بڵێین شوناسێکی رۆشنبیریی دیاریکراومان لە دەرەوەی شوناسە ئایدۆلۆگی و حزبییەکە هەیە. هەوڵدان بۆ بەخشینی ناسنامەیەکی رۆشنی ناحزبی و نائایدۆلۆگی بە بزاوتی رۆشنبیریی کوردیی، خۆی لە خۆیدا رزگارکردنی رۆشنبیرانە لە تونێلە تاریکەکانەی حزبە سیاسییەکان، هەروەها هەنگاوێکی راستیشە بەرەو گەڕانەوە بۆ

وەزیفـەی راسـتەقینە کـە لـە دیـدی ئێمـەدا بریتییـە لـە تیـۆریزە و خوێندنەوەی دنیا و ناساندنی ئەوەی هەیە لە کۆمەڵگەدا وەك خۆی.

د.عـەلی حـەرب، رووناکبیری ناسـراوی عـەرەب لـە کتێبەکەیـدا "الاوهـام النخبـة او النقـد المثقـف" بـاس لـەوە دەکـات رووناکبیر کاریگەریی خۆی لە دەستداوە بەو هۆیەی تایبەتمەندیی خۆی پیادە ناکـات. دواتـر تایبەتمەندییـەکانی رووناکبیر روون دەکاتـەوە و دەنووسـێت "مەبەسـتم لـە تایبەتمەنـدیی لێـرەدا، رۆڵگێڕانـی خولْقێنەرانـەی رووناکبیرە لـە بەرهـەمهێنانی هـزر و مەعریفـەدا، ئەمەش گرەوەکەیەتی، بەدیهێنانی واقعێکی هزریی نویێ، لە رێگەی بەرهەمهێنانی چەند بیرۆکەیەکی نوێوە، یان گۆڕینی بیرکردنەوە، یان داهێنانی پیادەکردنی بیری نوێ، یاخۆ سەرلەنوێ داهێنانەوەی نوێ لـە زەمینـەی پیـادەکردن و بۆتـەی ئەزموونـدا". د.حـەرب پێیوایـە رووناکبیر ئەم رۆڵە بایەخدارەی لە بیر کردووە و هـەموو وزەی خۆی بەخـشیوە بـۆ بـەزۆر سـەپاندنی گووتـەکانی بەسـەر واقیعـدا بەشـێوەیەکی سـاکارانە و پاشـتر دەنووسـێت "لێـرەوە دەرکـەوت رووناکبیر لـەوە دەستەپاچـەترە ئـەوە بگۆڕێـت کـە مەبەسـتی بـوو بگۆڕێت".

لـەم سـۆنگەوە رووناکبیری کـورد دەبێـت بگەڕێتـەوە مەیـدانی راسـتەقینەی خـۆی کـە مەعریفـەی ناسـینی دنیـا و بەرهـەمهێنانی زانستی گـۆڕینی واقیعەکانـە، لێرەدا ئەمـەوێ سـەرنج رابکێـشم بـۆ ئـەوەی لـە خەیاڵـدانی تێکڕای کـورددا بـە خـودی رۆشنبیرانیـشەوە گـۆڕینی واقیـع بـە گـۆڕینی واقیعـی سیاسـیی لێکدەدرێتـەوە، بۆیـە

ڤوکۆسی هەموو لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانە، لە کاتێکدا گۆڕین پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و لە پێشدا گۆڕینی زەینییە، پاشتر لەوێوە پرۆسێسەکە بەردەوام دەبێت تاکوو دەگاتە گۆڕینی سیاسیی. رۆشنبیرانی ئێمە کەرەستەکانی گۆڕینی زەینیان پێشکەش نەکردووە، پێشمەرجەکانی گۆڕینیان نەناساندووە، بەڵکو وەك کۆمەڵە سەربازێك سەرقاڵن بە خەونی گۆڕینی سیاسییەوە بەشێوەیەکی کودەتا ئامێز، خۆ ئەوە هاوکێشەیەکی ئاسانە بۆ تێگەیشتن کە بێ گۆڕانکاریی لەخەیاڵدان و سیستمی پەروەردە و کولتووری کۆمەڵایەتی، هەموو پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی سیاسیی تەنها دەبێتە گۆڕانکارییەکی فۆرمالیستانە و لاوەکی.

رۆشنبیر دەبێت پارێزگاریی لە تایبەتمەندیی خۆی بکات و خۆی نەخاتە نێو بازنەی تەسکی ململانێی حزبە سیاسییەکانەوە، کاری راستەقینەی رۆشنبیر داهێنان و زانستی ناسینی دنیایە، هەرچی کاری سیاسیشە گۆڕینی واقیع و دامەزراوەکانی دەوڵەتە، ئەوەی رۆشنبیر ببێتە بەشێك لە ئەجیندای حزبیی ناپاکییە، چوونکە کاری رۆشنبیرانە لە کاری سیاسییەکان گەورەتر و جیاوازتریشە، وەك لە سەرەتاشەوە وتم ئەگەر سیاسەت هونەری ئیدارەدان و گۆڕینی واقع بێت، ئەوە رۆشنبیریی زانستی ئەو گۆڕینەیە، لێرەدا پەیوەندییەك لە نێوان کاری رۆشنبیریی و سیاسیی هەیە یان رایەڵێك هەیە بۆ پێکگەیشتن، بەڵام دەکرێت هەر یەك بە جیا ببینین، ئەو پەیوەندییە ناکرێت ببێتە مایەی تێکەڵاوکردنی هەردوو ئیشەکە، یان رۆشنبیریی ببێتە پاشکۆی سیاسەت و تەسکتریش لەو بازنەیە ببێت بە بەشێك

لە پلاتفۆرمی حزبایەتی. ئەرکی رۆشنبیرانە کاری تیۆریی خۆیان نەخەنە ناو گەمە حزبییەکانەوە هەروەك وتم ئەو کارانە دەکرێت کولتووری سیاسیی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی لەسەر رۆ بنرێت. هەر پاشکۆیەتییەکی سیاسیی رۆشنبیران بۆ حزبەکان لەسەر بێلایەنیان تەواو دەبیّ و لەهەمان کاتدا بابەتیبوونی تێزەکانیان دەخاتە ژێر گوومانەوە.

بیریاری مەغریبی "عەبدولسەلام بنعەبدعالی" لە دیاریکردنی وەزیفەی رۆشنبیردا ئەوە دەخاتە روو: ئەرکی رۆشنبیر نییە خەڵك بهێنێتە سەر باوەڕهێنان بەچەند هەقیقەتێکی دیاریکراو، هەروەها بلاّوکردنەوەی هۆشیاریی لە نێوانیاندا، راستەڕێیان پیّ نیشان بدات. بەڵکو ئەرکی ئەوەیە سیستمی بەرهەمهێنانی ئەو هەقیقەتەی تێیدا دەژین بگۆڕیّ، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەرکەکە پەیوەست نییە، بە رۆڵی لۆژیکانە کە پێوەرەکانی راستگۆیی و گونجاویی دیاری دەکەن، هەروەها نەك بەرۆڵێکی ئەپستمۆلۆژی "رێساکانی میتۆد" دیاری دەکەن. نەك بەرۆڵی ئایدۆلۆژیانەش "کە باوەڕی ئەویتر بەدرۆ دەخاتەوە" نەك بەرۆڵی رەوشتیانەش کە رێنمایی خەڵك دەکات، نەك بە رۆڵی وەعزدەریش کە ریّ پیشانی خەڵك دەدات، بەڵکو رۆڵی رۆشنبیر لەوەدایە چاودێریی "سیاسەتی هەقیقەت" بکات و کار لەپێناو بڕیاردانی ئەو رێسایانە بکات کە لەنێو کۆمەڵدا کاروباری هەقیقەتیان پیّ هەڵدەسووڕیّ.

## قسەی کۆتایی

لە دواماهیدا دەمانەوێ ئەوە بڵێین واقعی تاڵی کوردستان ئەوەیە رۆشنبیران دابەشبوون بەسەر مەیلی حزبی و سیاسییدا، لێ ئەمە شوورەیی نییە، بەڵام رێگرە لە لەدایکبوونی رەخنە و مەعریفەی زانستی بێلایەن، بەتایبەت بۆ کۆمەڵگەیەکی وەك ئێمە ئەو جۆرە مەعریفەیە زۆر پێویستە، تاکو بتوانین خۆمان جودا بکەینەوە لەو دنیا ئیسلامیی و نامۆیەی نەتەوە سەردەستەکان بۆیان دروستکردووین، بە گریانەوە ئەم دێڕانەی کۆتایی دەنووسم چوونکە ئەو کولتوورە سیاسیی و حزبییەی رۆشنبیران بیری پێ دەکەنەوە، باکی لەوە نییە کوردستان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانی عەرەبی و فارسی و تورکی، رۆشنبیرانی ئێمە بەهۆی بوونی گەندەڵییەوە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، تیۆریزەی عێراقچێتی دەکەن، هانی نەوەی نوێ دەدەن بۆ کونکردنی ئەو کەشتییەی چارەنووسی هەمووومانی پێوە بەستراوە. ئاسۆکە تاریکە و من لە هەنووکەوە لە ئەنجامەکەی تۆقیووم.

-٥-

## ڕۆشنبیری شاشه و خەونی بچووکی ڕۆشنبیرانی کورد

نامەوێت بچمە ناو ئیشکالیەتی ڕۆشنبیر کێیە و کاریگەریی تەلەفزیۆن چییە، بەڵکو پێم خۆشە هەندێك هەڵەی زۆر تێپەڕیوو ڕاست بکەمەوە لە پێشدا و ئەوسا بڕۆمە ناو کرۆکی باسەکەوە. ڕۆشنبیر کەسێکە بیر دەکاتەوە و ئەنجامی بیرکردنەوەش دەخاتە چوارچێوەی تیۆر و تێزەوە. مەرج نییە خاوەن بڕوانامەکان ڕۆشنبیر بن چوونکە مەرجی ڕۆشنبیریی بڕوانامە نییە، بەڵکو داهێنان و وتنی شتی نەوتراوە لە بۆتەی فۆرمۆڵەبەندیی فیکرییدا. لێ لە دنیای کوردییدا ڕۆشنبیر چوارچێوەیەکە بۆ کۆی ئەوانەی دەنووسن، شەرت نییە هەموو نووسەرەکان ڕۆشنبیر بن، دیقەت بدەن "ماریۆ ڤارگاس یوسا" لە پێناسەکردنی "گابریل گارسیا مارکیز"دا دەڵێ "مارکیز ڕۆشنبیر نییە". ئەمە لە کاتێکدایە گارسیا مارکیز بە جۆرنالیستیی دەستیپێکرد و پاشان وەك ڕۆماننووسێك ناوبانگێکی جیهانیی بۆ خۆی پەیدا کرد، بەتایبەت بەهۆی ڕۆمانە بەناوبانگەکانی وەکوو "سەد ساڵ تەنهایی" و "کەس نییە نامە بۆ کۆلۆنێل بنێرێت" و "خۆشەویستی لە زەمەنی کۆلێرادا" و "چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا" و زۆرێکی تر، ئەگەر مارکیز ڕۆشنبیر نەبێت، کاتی ئەوەیە

پێداچوونەوەیەك بە خۆماندا بكەین و دیقەت بدەین ئێمە چەند تووشی هەڵە بووین لە پێناسەكردنی هەندێك قەڵەم بەدەست بە رۆشنبیر!!.

دنیای كوردیی هەروەك بواری سیاسیی، كە ژینگەی پێگەیاندنی سیاسیی تەمبەڵ و دەبەنگە، كەلاوەیەكە زۆر ئینشانووس و موهاتەراچی كردۆتە فس فس پاڵەوانی گۆڕەپانەكە و نازناوی "رۆشنبیر"یان لەسەر خۆیان تاپۆ كردووە، ئەوەی لە دەرەوەی تێفكرینی كرچ و كاڵی ئەوان بیر بكاتەوە، یان لە دەرەوەی نووسینە حەماسییە ناوەڕۆك بۆشەكانی ئەوان بدوێت نەك هەر رۆشنبیر نییە بەڵكو كۆیلەشە. ئێمە دەبێت لە پێشدەستیدا ناسنامەكان جودا بكەینەوە، بەو پێیەی تاكوو ئێستا رۆژنامەوان و شاعیر و ستوونووس و ئەدیب هەموو خراونەتە ژێر ناونیشانی رۆشنبیرەوە، ئەمە بەدەر لەو نەخوێندەوارانەی تەنیا غەڵبەغەڵب دەنووسن ئەوانیش وەك رۆشنبیر ناویان لێدەنرێت، كاتی ئەوەیە ناولێنانەكان لە سەرەتادا راست بكەینەوە، چوون كێشەی تەسمیە ئیشكالیەتێكی گەورەیە، لەو سۆنگەیەی ئێمە رۆشنبیر بەو فراوانییە نابینین وەك لە دنیای ئێمەدا هەیە، بەڵكو وەك چەندان جاری تریش هێمام بۆ كردووە رۆشنبیر كەسێكی چالاكە لە بواری بیركردنەوە و تیۆریزەی بیركردنەوەدا.

### رۆشنبیری سەر شاشە

فریدریش هایاك، لە ساڵی ١٩٤٥ لە وتارێكدا بەناوی "رۆشنبیران و سۆسیالیزم" دەنووسێت "لەهەموو وڵاتە دیموكراتییەكاندا و لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا زیاتر لە هەر جێگەیەكی تر،

بڕوایەکی پتەو هەیە بەوەی کاریگەریی ڕۆشنبیران لەسەر سیاسەت حاشاهەڵنەگرە، گوومانی تێدا نییە کە ئەمە ڕاستە سەبارەت بە دەسەڵاتی ڕۆشنبیران لە کاریگەریی دانان لەسەر شێوەی بڕیاردان لە ڕێگەی بۆچوونە سەیرەکانیانەوە، یان سەبارەت بەراددەی توانایان بۆ گۆڕینی ڕای گشتیی لەسەر ئەو پرسانەی لای خەڵك بۆچوونی جیا جیایان لەسەرە، بەڵام لە مەودایەکی تا ڕاددەیەك دووردا پێدەچێت هەرگیز ئەوەندە کاریگەرییان نەبووبێت وەك ئەوەی ئێستا هەیانە، ئەم دەسەڵاتەشیان لە ڕێگەی پێکهێنانی ڕای گشتییەوە بەدەستهێناوە".

ڕۆشنبیر بۆ خۆی خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەمزییە، کە هایاك بە کاریگەریی لەسەر ڕای گشتیی و گۆڕینی بۆچوونی گشتیی ناوزەدی دەکات. بەڵام کێشەی ڕۆشنبیرانی کورد ئەوە نییە کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتیی و خەیاڵدانی نەوەیەکی تازە پێگەیشتوو نییە، بە پێچەوانەوە تێزەکانیان پڕە لە کورتبینی و نهێلیزم، پڕە لە ئەنتی تۆلێرانس، پڕە لە ئەندێشەی ئاینی و خێڵەکیانە، بۆ ئەم مەبەستەش بەدکەڵکی زۆریان لە شاشەی تیڤی وەرگرتووە، چوونکە تەلەفزیۆن بەدەر لە دیوە پۆزەتیڤەکەی، ڕەهەندی نێگەتیڤیشی هەیە بەوەی ڕووبەڕێکە بۆ دەم هەراشەکان یان ئامێری بەرهەمهێنانی پاڵەوانە ساختەکانە، هەرچەند کاریگەریی زۆرە لەسەر گۆڕینی واقیع وەك ئەوەی لە کودەتاکەی تورکیا دژی ئەردۆگان بینیمان لە ساڵی ٢٠١٦، چۆن یەك گرتەی ڤیدیۆیی لە ڕێی سکایپەوە کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بڵاوکرایەوە توانی کودەتاکە پووچەڵ بکاتەوە،

هاوزەمـــان تیڤـــی دەتوانێـــت واقیعـــی کۆمەڵایـــەتی و کولتـــووریی و زیهنیش بگۆڕێ، بەڵام رەنگە ئەمەیان پرۆسەیەکی درێژخایەنتر بێت.

ئێمە لە حاڵی حازردا خاوەنی گروپێك رۆشنبیری موهەڕیجین لە رێـی شاشـەکانەوە بەقـەدەر ئـەوەی رەخنـە لـە دەسـەڵاتی سیاسـیی دەگـرن، دەسـەڵاتەکانی تـر بـەهێز دەکـەن، کاتێـك رۆشـنبیرانی ئێمـە رەخنە لە دەسەڵات دەگرن، ناکرێت بڵێین ئەمە کارێکی خراپە، بەڵام کورتکردنەوەی دەسەڵات لە دەسەڵاتی سیاسییدا نیشانەی هـەژاریی مەعریفییانـە، بـەو پێیـەی دەسـەڵاتی سیاسـیی تـەنیا یـەك دیـوی دەسـەڵاتە، یان یـەك تاکە دەسەڵاتە لـەنێو کۆی دەسـەڵاتەکانی تـردا. کـەمترین رۆشـنبیرمان هەیـە خۆیـان بـدەن لـە قـەرەی رەخنـەگرتن لـە دەســـەڵاتی ئـــاینیی و دەســـەڵاتی کولتـــووری خێڵەکیانـــە و کـــۆی دەسـەڵاتە نارەمزییـەکانی تـر. بـەزمانێکی تـر ئـەم گوزارەیـە تـەرح دەکەین و دەڵێین چوونکە رۆشنبیرانی ئێمە پاشخانی بیرکردنەوەیان حزبیی و سیاسییە تەنها دەتوانن رەخنەی سیاسیی و حزبیی بگرن، ئـەم دیاردەیـەش بەیـەك ئاسـت دەبینرێـت لای رۆشـنبیرانی سـەر بەدەسەڵات و ئەنتی دەسەڵاتەوە.

رۆشـنبیرانی ئێمـە زۆرینـەیان سروشـتێکی قەحپـەییان هەیـە، دەمـەوێ پـێش ئـەوەی بەسـەرمدا تێپـەڕێت ئـەوە روون بکەمـەوە زاراوەی "قەحپە" لـە هـزرینی منـدا رەهەنـدێکی سێکسوالێتی نییـە، ئەو ژنە قوربانیانە ناگرێتەوە ناچارن بەهۆی بارودۆخی ئابوورییەوە لەشی خۆیان لە بازاڕی بێویژدانی سەرمایەدارییدا بۆ چەند دۆلارێك بفرۆشن. ئینجا دێمە سەر کرۆکی مەبەست و بەکورتی ئەوە دەڵێم

زۆرینــەی رۆشــنبیرانی ئێمــە سرووشــتێکی قەحپانــەیان هەیــە و بــە فۆرمێکی نمایشکارانە روانگەکانیان دەخەنە روو، چوون دوو جۆر ئیلیتی رۆشنبیریی دروستبووە یەکێکیان بەو جۆرە نمایش دەکات سەرنجی دەسەڵاتی سیاسیی بەلای خۆیدا راکێشێت لە پێناوی بەخششێکی چەوردا، لە بەرانبەر ئەمەدا نوخبەیەکی تری پۆپۆلیست و سۆزانی هەیە دڵداریی لەگەڵ سۆز و هەستی جەماوەر دەکات "ئەو جەماوەرەی گۆستاف لۆبۆن بەرِوونی پێناسەی دەکات و پێیوایە سرووشتێکی سۆزانیانەی هەیە"، ئەم ئیلیتییە بەشێوەی قەحپانە کار لەسەر راکێشانی سەرنجی جەماوەری گەل دەکات بەلای خۆیدا، بەمەش دەسەڵاتێکی بەرفرە بۆ خۆی پەیدا دەکات "بێگوومان دەسەڵاتی مەعنەویی و هەژموونگەرایی"، رۆشنبیرانی راستەقینە ئەوانەن کەوتوونەتە نێوان ئەو دوو فۆرمە لە رۆشنبیر و سەرقاڵی کاری خۆیانن لە کێڵگە هزریی و مەعریفییەکەدا.

ئەو تەرزە رۆشنبیرە سۆزانییە زیاد لەهەر شتێك پێویستی بە شاشە و مارکێتینە، تاکوو بتوانێت خۆی وەك فریادڕەس نیشان بدات، لە کاتێکدا چەمکی فریادڕەس لە سترۆکتۆرەوە بارگاوییە بەرۆحی ئاینیی. جیا لەمەش خوازیارە خۆی وەك قارەمانێکی ئەفسوونایی لە ئەندێشەی زۆرینەدا سکێچ دەکات. "محەمەد تەها حوسێن" زۆر بە باشی ئەم نەخۆشییە روون دەکاتەوە، کاتێك دەنووسێت: رۆشنبیر ئەو خودە نییە دوای ئەوەی لە کردەی بیرکردنەوەدا توانی کاریگەر بێ لە کۆمەڵگەدا فۆرمی ژیانی دیکەی هەم بۆ خۆی هەم بۆ تاکەکانی دیکە فەراهەم کرد، ئیدی ببێ بە

میتـــامرۆڤ و بەســـەر ئـــەوانی دیکـــەدا بـــبێ بـــە کەڵـــەگا.. لـــەو ساتەوەختانەی رۆشـنبیر یـان وردتـر بڵـێین خـودی بیرکـەرەوە ئـەو حـەقی بیرکردنەوەیـە تـەنها بـۆ خـۆی قـۆرخ دەکـات و بـوار بـۆ ئـەم ئامادەگییـە ئیلاهییـە ناڕەخـسێنێ، ئـەوا هـەمان ئـەو کـۆمپرادۆر و دەرەبـەگ و سـەرمایەدارەیە کـە هەرچـی سـامان هەیـە بـەهۆی خـۆی دەزانێ و نایـەڵێ کەسی تـر لێـی سوودمەند بێت. بەمانا هەمان ئەو وێنـە سـەرەتایی و ئارچیتایپە یۆنگیەیـە کـە لـە سـەرەتای مێـژووەوە چووەتە ناخی یەك بە یەکمان و هەمیشە ئاگا یان نائاگا لێمان وەدیار دەکەوێتـەوە. ئـەو ئارچیتایپە یۆنگیـە رێك باوکەکەی فرۆیـدە کـە لـە هـۆزی یەکـەمی مرۆڤایەتیـدا یەکـەم پیـاو بـووە و هەرچـی حـەز و شـەهوەت و سـامان هـەبووە بـە رەوای خـۆی زانیـوە و نەیهێـشتووە کەس لێی بخوات خۆی نەبێ.

ئـەو مودیلـە رۆشـنبیرە "بۆتۆمـۆر"ییـەی لەکوردستان باڵا بـووە و خـۆی بـە تـوخمێکی بنـەڕەتی بینـای کۆمەڵایـەتی و گـەرووی زوڵاڵـی هـەموو چین و توێـژە کۆمەڵایەتییـەکان هـەژمار دەکـات، هـەموو وزەی رۆشـنبیریی و جەستەیی خودی خـۆی تـەرخانکردووە بـۆ داتاشـینی وێنایـەکی تەوتـەمی و کەڵەگایانـە بـۆ خـۆی، هەمیشە چاوی لەوەیـە ئۆتۆریتـە و پێگـە و دەستڕۆیـشتوویی خـۆی بەسـەر سیاسـییەکاندا بسەپێنێت، بۆ هێنانـەدی ئـەم نەرگسییەتە نامەشرووعەش بـەردەوام پێویستی بە شاشـەی تیڤی هەیـە، تـاکو بتوانێت لـە یـەك کاتـدا وێنـا ساختەکەی وەك پاڵـەوانێکی وەهمـی بگەیەنێتـە هـەموو ئـەو چین و توێژانـەی ئـەو خـۆی بـە ویـژدانیان دەزانێت. پێویـستە ئـەوەش بڵێم

مەبەستم لەوە نییە نابێت ڕۆشنبیر سوود لە تەلەفزیۆن وەربگرێت، بە پێچەوانەوە مەبەستم لەوەیە خودی ڕۆشنبیری کورد ئەوەندەی تەلەفزیۆن و شاشەکان بۆ بە کاریزماکردنی خۆی بەکاردەبات، نیو هێندە بگرە هیچ نایەوێ بەرئەنجامە فیکرییەکانی خۆی بگەیەنێت، چوونکە لە بنەڕەتەوە ئێمە کۆمەڵێك ڕۆشنبیرمان هەیە بیر ناکەنەوە، ئیدی چۆن بتوانن پەیامێك بگەیەنن؟. ئێمە ڕۆشنبیرمان نییە لە دەرەوەی ئەو تێزانەی وەك مەحفوزات دەرخیان کردووە، قسەیەکی تری پێ بێت!!. ڕۆشنبیرمان نییە، خۆی بێت و ڕوئیای ڕوونی خۆی هەبێت.

ڕۆشنبیرانی ئێمە خاوەنی هیچ بەرهەمێکی نوێ و زانستی نین، زیاتر قسەکەری سەر شاشەکانن، زۆرجار لەگەڵ بێژەرەکانی تیڤی جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت، چ لەرووی ئامادەگی لەسەر شاشەکان، چ لەرووی بیر و تەنانەت تۆنی دەنگیشەوە. بەرگریکردن لە مافی ئەوانیتر مانای ئەو گووتارە پۆپۆلیستی و دۆگمایە نییە ڕۆشنبیرانی ئێمە چ لەبەرەی دەسەڵات چ لەبەرەی بەرهەڵستکاران لە ڕێگەی شاشەی تیڤییەکانەوە سەرقاڵی موبیلیزەکردنین. ئەو ڕۆشنبیرە ئیعلامییانە زۆر جار ئاستی بیرکردنەوە و ورووژاندنیان زۆر لە خوار وتار و پرسیارە ڕۆژنامەوانەکانیشەوەیە. ئەم دیاردە نێگەتیڤە وەنەبێ تەنها لەدنیای ئێمەی کورددا بوونی هەبێ، بەڵکو ئەوە نەریتێکی باوی تێکڕای کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوین و جیهانی عەرەبی و ئیسلامییە کە ڕۆشنبیرەکانی لە بری هەڵهێنجانی فیکریی دەبنە

شـایەری سیاسـیی، لـە بـری کـارکردن لـەبواری زانـستیدا، دەبنـە پاسەوانی ئایدۆلۆگییە سیاسییەکان، لە بری هـەنگاونان بۆ ئاینـدە، سـەرقاڵی بەرهەمهێنانـەوەی ئـەو کەلـەپووورە ڕۆشـنبیرییەن کـە لـە مۆزەخانەکانی مێژوو هەڵگیراون.

یەکێك لە ترسناکترین سیما ترسناکەکانی ئەم تایپە لە ڕۆشنبیر دوانـە بـەناوی هەقیقەتـەوە، ئـەوە نـەریتی نـازی و فاشیـستەکانی سـەرەتای سـەدەی بیـستەم و هـەموو ئایدۆلۆگییـە تۆتالیتارەکـانی دنیایە. ئەوە ستالینیزمە و هەمان ئەو تێزەیە کە لەسەر سترۆکتۆری "ئەوەی لەگەڵم نەبێت ناراستە" بیناکراوە. مەولانای ڕۆمی بەر لە چەند سـەدە وتـی "هەقیقـەت ئاوێنەیـەك بـوو شـکا"! هـەر کەسـەو پارچـەیەك لـەو ئاوێنـەی هەڵگرتۆتـەوە، هـەر کەسـێ تـەنیا لـە پارچەیەکی شکاوی ئەو ئاوێنەدا هەقیقەتەکانی خۆی دەبینێت، ئەم هەمان ئەو بیردۆزەیە تیۆری نسبیی ئەنشتاین لە سەدەی بیستەمدا پێـی دەگـات و جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە هەرچـی هـەبووە لـە کەونـدا بـوونێکی ڕێـژەیی هەیـە نـەك ڕەهـا، هـەروەك یاسـا فیزیکییەکەش پێداگریی لەسەر دەکات "هـەموو ماددەیـەك لە دۆخـی ئاسـاییدا هاوبەرگەیـە و پێکهـاتووە لـە بارگـەی موجـەب و سـالب".

پێموایـە فەیلەسـووفە پۆسـت مودێرنـەکان تـازە ئـەم گەوهـەرە دەدۆزنـەوە و بۆمـان بـاس دەکـەن. دەمـەوێ بڵـێم ئەوانـەی بـەناوی هەقیقەتـەوە دەدوێـن، کوشـندەترین زیـان لـە ڕێـژەییبوونی هەقیقـەت دەدەن، چـوونکە هەقیقـەت شـتێك نییـە بـە ڕەهـایی لای کەسـێك یـان بیروباوەڕێك چڕ بووبێتەوە، لە سۆنگەی ئەوەی هەقیقەت وەك ئاردی

نێو دڕك وایە و هەر كەسێك دەتوانێت چنگێكی لێ هەڵگرێتەوە بە خۆڵ و خاشاكیشەوە. لێ بەداخەوە ئەو ڕۆشنبیرە كوردانەی لە شاشەكانەوە دەیانبینین بەناوی هەقیقەتەوە لاقەی جوانی هەموو شتێك دەكەن چوونكە وا دەبینن مادام ڕاستن، بۆیان هەیە هەموو شتێكی دەرەوەی خۆیان ناشرین بكەن.

### خەونی بچووكی ڕۆشنبیرانی كورد

ڕۆشنبیرانی كورد هەروەك مێگەلەكە سەیری ڕووداوەكان دەكەن، بە زمانی ئاسایی عەوام دەپەیڤن، بە مێشكی زۆرینە بیر دەكەنەوە، لەناو نەریتە كۆمەڵایەتییەكاندا نغرۆ بوون، قسەیان لەسەر زۆر شت هەیە، بەڵام بیریان لە هیچ نەكردۆتەوە، خەون بە گۆڕینەوە دەبینن ئامراز و كەرەستەكانی گۆڕین شك نابەن و ناتوانن بیدۆزنەوە، ڕۆشنبیری ئێمە قسەنووس و یاریكەرن لەگەڵ عاتیفەی گشتیی، هەموو پرۆژە ڕۆشنبیرییەكانیان ناچێتە دەرەوەی جیهانبینی سیاسیی و فیكریی باو، هەر بۆیە ڕۆشنبیری كورد خەونی بچووكە لەو دنیا گەورەیەدا. بەهۆی ئەوەی ڕووبەر و مەدای بیركردنەوەی سنووردارە، با ئەو ڕۆشنبیرە لە دنیای شارستانی ڕۆژئاواشدا بژیت و لە نزیكەوە بەر فینۆمینەكانی دیموكراسی پلورالی كەوتبێت، بەڵام هێشتا لە كوێرە دێیەكی كوردستاندا دەژی و هزرینی لە چوارچێوەی ناوچەگەرییدایە و ناتوانێت سنووری ئەقڵی حزبییانە تێپەڕێنێت، نەك ناتوانێت گەردوونیانە بیر بكاتەوە، بەڵكو دەست و پێ سپیترە لەوەی كوردستانیانەش بیر بكاتەوە. دیقەت بدەن زمانی

ئەو رۆشنبیرەی دەم لە پۆست مودێرنە وەردەدات، لەگەڵ زمانی کادرە حزبییە نەخوێندەوارەکان هەریەك زمان و ناوەڕۆکە، بەڵام بە سینتاکس و گوزارەی لە یەك جوداوە، ناوەڕۆك هەر یەك ناوەڕۆکی کۆنە، بەڵام هەر رۆژەی لە فۆرمێکی تازەدا تیۆریزە دەکرێت و زاراوەکانی دەگۆڕێن و پۆشاکی تازەیان بە بەردا دەکرێت.

رۆشنبیری کورد پاشکۆی سیاسەتە، یان وردتر بڵێین پاشکۆی حزبە، مەرج نییە لە رووی ئۆرگانییەوە تاکی رۆشنبیر لە حزبێکی سیاسییدا سازمان درابێت، بەڵام ئەو زیهنییەتی بیری پێدەکاتەوە هەمان ئەو زیهنییەتەیە حزبەکان وەك گووتاری سیاسیی خۆیان قبوڵیان کردووە و تەرویجی بۆ دەکەن. ئەگەر بچینەوە سەر نموونە بۆ روونکردنەوەی بابەتەکەمان رەنگە کۆمەکی باشمان بکات. لێرەدا دەخوازم جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە باڵی سەرەکی پارتی "جیابوونەوەی جەلالی لە مەلایی" لە ساڵی ١٩٦٤دا بکەمە سەمپڵێك، وەك دەبینین گووتاری ئەو باڵە گووتارێکی چەپی ماویی بووە، هەموو کایەی رۆشنبیریی کوردیی لە ئاستی تاك و تەرا نەبێت، با دەدەنەوە بەلای باڵی مەکتەبی سیاسییدا، دەیانەوێ پاساوی فیکریی بۆ ئەو دوو کەرتبوونە بدۆزنەوە لە ریزەکانی شۆڕشدا، لێ باڵی مەکتەبی سیاسیی بایدایەوە بەلای دەوڵەتی داگیرکەری عێراقدا، ئەمە بۆ رۆشنبیرانی ئەودەم و ئێستاش نەبووە شۆك، بەڵکو هەر ئەو ستراتیژەی ئەوسایە هەرجارەی لە بەرگێکدا خۆی مانیفێست دەکات و رۆشنبیرانیش وەك ئەسپ عەرەبانەی ئەو بزووتنەوە سیاسییە رادەکێشن.

ئەو نموونەی لای سەرەوە پێماندەڵێت، خەونی رۆشنبیرانی کورد لانیکەم لە باشوور، چەند بچووکە، چوونکە بەشێکی لاوەکییە لە ململانێی سیاسیی، ئەگەرنا ئەنتجلنیسیای کورد نەیتوانیوە گووتارێکی رۆشنبیریی سەربەخۆ لە دەرەوەی هەژموونی کونزەرڤاتیڤانەی حزبەکان بە خەونی گەورە و ئاگایی فیکرییەوە فۆرمۆڵە بکات، بەو هۆیەی کارەکتەری رۆشنبیر لە هەمان کاتدا کارەکتەرێکی سیاسیی و چالاکوانی ململانێ حزبییەکانە و ناتوانێت لەودیو تەلبەندەکانی حزب و گووتارە حزبییەکانەوە خۆی ببینێتەوە. کێشەم لەگەڵ ئەوانە نییە بە ئاشکرا بوونەتە ئاژیتاتۆری حزبەکان، ئەمانە دەتوانین بە رۆشنبیری حزبی ناودێریان بکەین، بەلام کێشەکە لێرەدایە ئەو گروپ و تاکە رۆشنبیرانەی بەناوی بێلایەنی و سەربەخۆییەوە هاتوونەتە نێو گۆڕەپانەکە هەندێك بە ئاگایی بوونەتە بەشێك لە ئەجیندای حزبی و هەندێك تریش بە دیفاکتۆ و نائاگایی کەوتوونەتە نێو ئەو واقیعەکەوە کە تەرەفداریی بۆ لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو بکەن، ئیدی بەم حاڵەوە دەبێت خەونی گەورەی رۆشنبیرانی کورد چی بێت؟ هەرچەند دەمەوێ ئەوەش ئیزافە بکەم هیچ گشتاندنێکم پێ راست نییە و لێرەدا نامەوێ گشتاندن بکەم، بەڵکو لەسەر زۆرینە قسە دەکەم،ـ لانیکەم ئەو زۆرینەیەی مەیدانەکەیان بەدەستە.

لەوە کارەساتبارتر ئەوەیە، خەونی بەشێکی بەرفرەی رۆشنبیران هێندە بچووك بۆتەوە، مۆبیلیزەی گەمژەیی دەکەن، لە رێی دنەدان و هاندان و ختوکەدانی هەستی ناوچەگەریی و شارچێتی هاووڵاتیان،

یان دروستکردنی وێنەیەکی زەینی بۆ شەیتانی سیاسیی کە هەموو کەموکوڕیی و نەهامەتییەکان بخرێتە ئەستۆی ئەو ئەهریمەنە، ئەمە ئیقتباسە لە ڕۆشنبیریی دواکەوتووی عەرەبەکان، کە بارگاوییە بە ڕۆحی ئاینی و کولتووری بەداوەت، ئاخر عەرەبەکان هەموو ریفۆرمێکی سیاسیی و ئابووری و کولتوورییان بیر بردۆتەوە، هەمیشە کاردەکەن لەسەر داتاشینی دوژمنێکی وەهمی و تۆخکردنەوەی تیۆری موئامەرە، بۆ ئەم مەبەستە شەیتانێکی گەورەیان هەڵبژاردووە تا رك و کینەی خۆیانی تێدا خاڵی بکەنەوە ئەویش دەوڵەتی ئیسرائیلە و زایۆنیزمە. ئەم بیردۆزە بەشێوەیەکی تر وەك نەخۆشی کۆلێرا گواستراوەتەوە نێو کایەی ڕۆشنبیریی کوردیی بەتایبەت لە باشوور چوونکە ژێدەری بیرکردنەوەمان ئەو ڕۆشنبیرییە عەرەبییە ئیسلامییەیە هەنووکە دنیای عەرەبی کردۆتە دۆزەخی سەر زەوی، بەڵام تاکە جیاوازیی لەنێوان شەیتانی گەورەی نێو ڕۆشنبیریی عەرەب لەگەڵ شەیتانی گەورەی ڕۆشنبیریی کوردیی، لەوەدایە شەیتان لای عەرەب بێگانەیە، بەڵام شەیتانەکەی ئێمە خۆماڵییە و هەر خودی خۆمانین!!.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناونیشانی بابەتەکە و باس لە خەونی ڕۆشنبیری کورد بکەین، پێویستە ئەمجارە لە چەند پرسیارێکەوە دەست پێبکەین، وەکوو: ئایا ڕۆشنبیری کورد ڕۆڵی چی بووە لە گەڵاڵەکردنی پڕۆژەیەکی فیکریی لە کوردستاندا؟ هەژموونی ڕۆشنبیران جگە لە نەوەیەکی سەرگەردان و خاڵی لە ئینتیما و بێ ئاسۆ و ڕەشبین و پووچگەرا چیتری بەرهەم هێناوە؟. ڕۆشنبیری

کورد چی فۆرمۆڵە کردووە بۆ رزگارکردنی ئەقڵی کوردیی لە خڵتەی نەریتی ئاینیی وشکهەڵاتوو یان خەیاڵدانی هۆزگەرایی و خێڵەکی؟. ئەجینداى رۆشنبیری کورد چی بووە لە راستای گۆڕینی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و بیناکردنەوەی کەسێتی تێکشکاو و پاسیڤی تاکی کورد؟. پڕۆژەی رۆشنبیرانی کورد چی بووە بۆ پێناسەکردنەوەی چەمکەکانی ژیان کە تەبا و کۆك بێت لەگەڵ رۆحی سەردەم؟. رۆشنبیرانی کورد چییان ئامادە کردووە وەك تیۆر بۆ فەلسەفەی حکومڕانیکردن و دەوڵەتداریی؟. تیۆرییەکانی رۆشنبیرانی ئێمە چین بۆ بەگژاچوونەوەی دیاردەی گەندەڵی ئیداریی و ئابووری؟. پڕۆژەی رۆشنبیرانی کورد چی بووە بۆ گۆڕینی سیستمی پەروەردە و پێشخستنی قوتابخانەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی؟. پڕۆژەی تیۆریی رۆشنبیرانی ئێمە چی بووە لە راستای هۆشیاریی جێندەریی و سێکسیی؟. پڕۆژەی رۆشنبیرانی کورد چی بووە بۆ یەکسانی رەگەزیی و گۆڕینی ئەو خەیاڵدانەی ژن وەك سەرچاوەی لەززەت بۆ پیاو سەیر دەکات؟؟.

من لێرە وەڵامی ئەو پرسیارانەم دەوێ نەك ئەو قسە باق و بریقانەی رۆشنبیرانی ئێمە فێری بوون و تووتی ئاسا دەیڵێنەوە؟ باسی دروشمبازیی ناکەم بەڵکو باسی پڕۆژەی فیکریی دەکەم. ئەگەر رۆشنبیرانی ئێمە دنیای کوردییان نەخوێندۆتەوە و بیریان لە کێشەکانی ناوی نەکردۆتەوە، تەنیا یەك کێشە ببینن کە کێشەی سیاسییە ئەوە دەبێت رێگە بدەن بڵێم خەونی بچووکە. گەرەکمە ئەوەش تێنەپەڕێ لەبارەی کێشەی سیاسییەوە، لای من ئەو فۆرمە لە

سیاسەت کە لە دنیای کوردییدا هەیە، نەك شایانی رەخنەلێگرتنە بەڵکو دەبێت بگۆڕدرێت، بەڵام ئەم گۆڕینە تەنیا ئەو شێوازە لینینییەی گۆڕینی قووچەکی فەرمانڕەوا نییە، بەڵکو لە پێشدا گۆڕینی خەیاڵدانی سیاسییە، ئەمەش کاری رۆژ و دوو رۆژ نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی درێژخایەنە و پێویستە بۆ ئەو گۆڕینە گرنگە دەست بۆ زۆر بابەتی هەستیاری تر ببەین کە ئەویش پەیوەندیی بە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و خێڵەکیی ئێمەوە هەیە وەك کورد، بیٚ ئەم گۆڕینە لە خەیاڵدانی تاکدا و دروستکردنی تاکێکی کوردیی ساغڵەم لە رووی دنیابینییەوە، مومکین نییە ئەو گۆڕینە کودەتائامێزی قووچەکی سیاسیی هیچ بەروبوومێکی هەبێت، بەپێچەوانە بە فیڕۆدانی وزەی نەوەیەکە و تێکشکاندنی خەونی زۆرینەشە.

### وتەی داخستن

وەك هەموو بوار و کایەکانی تری ژیان، کایەی رووناکبیریی کوردیی لەسەرگەردانی و تراژیدیایەکی مەزندایە، رەنگە بەشێکی زۆریش لە سەرگەردانییە سیاسیی و کولتووریی و فەرهەنگییەکانیش راستەوخۆ پەیوەندییان هەبێت بەو سەرگەردانییە رۆشنبیرییەی هەنووکە لە ئارادایە، لێرەدا دەبێت رۆشنبیر بە ئەرکی خۆی هەڵستێت و کارەکەی خۆی بەدروستی بناسێت، تاکو رۆشنبیر پانتایی کاری خۆی کە بەرهەمهێنانی مەعریفە و بیرە، جودا نەکاتەوە لە پانتایی کاری سیاسەتمەدار و رۆژنامەوانان، هیچ شتێك

ناتوانێت ببێته مایەی دڵخۆشی له بواری پێشکەوتن و گۆڕان له دۆخێکەوه بۆ دۆخێکی تر. تاکوو ڕۆشنبیری ئێمه سەرقاڵی گەمەکانی سیاسەت و حزبایەتی بێت، هەلومەرجەکانی کۆمەڵگە له بری هەنگاوێك بۆ پێشەوه لینین وتەنی دوو هەنگاو بۆ دواوه دەبێت. ئەرکی ڕۆشنبیره پێش هەر کارێکی تر چالاکی له کایەی خۆیدا بکات، بەمانایەکی تر ڕۆشنبیر دەبێت لەوه حاڵی بێت نه گیڤارایه و نه مارتن لۆسەر کینگ، بەڵکو ئەو دەکرێت له بواری فیکر و ڕەخنەی مەعریفیدا بەشداریی بکات له پرۆسەی گۆڕانکاریی و له پێشنۆرەشدا گۆڕینی عەقڵیەت و جیهانبینی تاك و گۆڕینی شێوەی بیرکردنەوەی کۆنسەرڤاتیڤی کۆمەڵگە و گۆڕینی فۆرمی کلاسیکی کردەی سیاسیی.

کاتی ئەوەیه ڕۆشنبیرانی ئێمه، بەرلەوەی سیاسەت و توخمه ڕەنگاوڕەنگەکانی کولتوور بخەنه ژێر نەشتەری ڕەخنەکانیانەوە، هاوزەمان چاوخشاندنەوەیەکیش بکەن بەسەر شێوازی کاری خۆیان؟ پێویسته ڕۆشنبیران هەڵسەنگاندنێك بکەن که خەریکه له ماکینەی بەرهەمهێنانی هزری نوێوه دەبنه ماکینەی بەرهەمهێنانی هەجو و جنێوی نوێ؟ پێویسته ببینن دوای بیست و شەش ساڵ پاش ڕاپەڕین گۆڕانکاریی پۆزەتیڤ له هیچ یەکێك له بوارەکانی ڕامیاریی و ئابووری و کولتوورییدا ڕووینەداوه،! ئەمەش ئەگەر لەسەرێکەوه نیشانەی ئەوه بێت دەسەڵاتێکی فاشیلمان هەبووه بەدرێژایی دوو دەیه و نیو، له ڕەهەندێکی ترەوه نیشانەی تەمبەڵی ڕۆشنبیران بووه له تەرح و داهێنانی فیکریدا، چوونکه ئێمه شاهیدین لەسەر تایپێك

لــە رۆشــنبیریی بــە داتاشــینی وێنایــەکی درێــو و جنۆکەئاســای کارەکتــەرە سیاسییەکان "نــەك سیــستمی سیاســی" خــۆی لەهــەر چەشــنە تیۆریزەیــەك دزیوەتــەوە، بــەو مانایــەی تــەنیا بــە شــێواز و ئەدەبیاتی سیاسیی شەڕی لەگەڵ دەسەڵات یان حزبەکان کردووە، ئیدی ئاگای لە بوارەکانی تری ژێرخانی فیکریی کۆمەڵگە نەماوە، ئاگای لە گووتاری ئاینی و تۆخبوونەوەی مەیلی ئیسلامیی کۆمەڵی کــوردەواریی نــەماوە، ئاگــای لــە ئیــسلامییەکان نــەماوە بــە هــەموو ڕێگاکــان ســەرقاڵی مــوبیلیزەن بــۆ ئیــسلامیزەکردنی کۆمەڵگــەی کوردستان، ئەمە هەروەك ئەو نموونەیە وایە، نەخۆشێك دەردەدار بێت بە شێرپەنچەی پێست، بەڵام پزیشکەکان لە بری کیمیۆ تێراپی نەشتەرگەریی جوانکاریی پێستی بۆ ئەنجام بدەن.

پێش ئەوەی دوا قسەی خۆم لەم چاپتەرەدا دەکەم، ئێمەی کورد پێویــستمان بــە رۆشــنبیرێکی جیــدی وەك عــەلی حــەرب هەیــە، کــە برینێك بخاتە ئەو نەزعە ترسناك و خودسەرساممییەی رۆشنبیرانی ئێمەوە. ئەو توانی رەخنەکان پێچەوانە بکاتەوە و شەڕەکە بباتەوە نێــو مــاڵی خــودی رۆشــنبیران. کتێبــە بەناوبانگەکــەی "وەهمــەکانی نوخبــە یــان رەخنــە لــە رۆشــنبیر" تــوانی بەخێراییــەکی بێوێنــە ببێتــە جێگەی مشتومڕ و ئیست لەسەر گرتن. ئەو لە پاشکۆی کۆتا چاپی کتێبەکەیدا، بەم جۆرە دەپەیڤێت "دان بەوەدا دەنێم من تەقەم لە رۆشنبیر کردووە، بە ئەندازەی ئەوەی هەنگاوم ناوە بۆ کردنەوەی مەلەڤ رۆشنبیران بەرووی رەخنە و لێپێچینەوەدا. بەو مانایەی کارم بۆ لەقکردنی بڕوا رەگ داکوتراوەکان کردووە، بەئەندازەی ئەوەی

هەوڵم داوە، جێ بەکێشەکە لێژ بکەم و سەرلەنوێ پرسیارەکان فۆرموڵە بکەمەوە و تیشك بخەمە سەر ئەو شوێنانەی کرابوونە دەرەوەی چوارچێوەی بیرکردنەوە بە ئەندازەی باسکردنی پەیوەندییە نادیموکراتییەکان و هەڵسوکەوتە تاریکبینەکانی ناو کەرتی رۆشنبیریی و نێوان دەستەبژێرەکان، ئەمەش وای لێکردم ئەولەویەتەکان ژێراوژوور بکەم و ئاڕاستەی رەخنە بگۆڕم. لە کاتێکدا ئیشی رەخنەگرتن لە رووی دەرەوە و واقیع بوو، تیرەکانی رەخنەم ئاڕاستەی ناوەوە کرد، واتە واقیعی رۆشنبیر لە رووی بیر و پراکتیك، یان گووتار و دامەزراوەوە".

نۆبەتی ئەوەیە رۆشنبیر رووی رەخنەکانی ئاڕاستەی ناوەوە بکات و دواتر کەی ئیشکالییەتە ریشەییەکانی خۆی چارەکرد، رووی رەخنە بگۆڕێت و ئاڕاستەی دەرەوە و واقیعی بکات. ئێمە لە ئێستادا پێویستمان بە توێژێکی ئەکتیڤی رووناکبیریی هەیە، پرسیاری گەورە بکات، لە پێدراوە بچووکەکاندا بەهای گەورە بدۆزێتەوە، نەك چاوی لەسەر رووداوە گەورەکان بێت، لەو سۆنگەیەی کاری رۆشنبیریی ئیشێکی تاقیگەییە، هەروەك پیشەی پزیشکەکان وایە، دوای ناسین و دۆزینەوەی ڤایرۆسەکان، دەتوانیت دەرمانی لەناوبردنی ڤایرۆسەکە بدۆزیتەوە. رۆشنبیرانی ئێمە لەسەریانە ڤایرۆسەکانی گەندەڵی و لاوازیی کەسێتی تاکی کورد و خراپی رەوشتی سیاسیی و ئیداریی بدۆزنەوە لە تاقیگەکانی هزرین و لێکدانەوەی زانستیدا، پاشتر دۆزینەوەی دەرمان و پرۆسەی دەرمانکردنەکە ئاسانتر دێت بەدەستەوە. کۆمەڵگەی کوردیی دەیان

دەردی کوشـــندەی هەیـــە، تـــەنیا دەردیـــش بەدکـــەڵکی ئاکـــاری سیاسییەکان نییە لە پرۆسەی حکومڕانیدا، بەڵام ئایا رۆشنبیران بەم جۆرە دەمێننەوە تاکو سەر یان نا؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە وەڵامەکەی لە هەگبەکەی ئایندەدایە.